

# لێکدابڕان

## پێداچوونەوەیەک بەسەر چۆنێتی پێکهاتنی پێڕەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران

نووسینی: حوسێن بەخشی

# لێکدابڕان

## پێداچوونەوەیەک بەسەرچۆنێتی پێکهاتنی پێرەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

نووسینی: حوسێن بەخشی

## پێڕست

پێشەکی ........................................................................ ٣
دەسپێک ........................................................................ ٥
کۆنگرەی چوار و ئاکامەکانی ........................................................................ ١٣
بەرەو دابڕان ........................................................................ ١٩
لێکدابڕان ........................................................................ ٢٢
پێرەوانی کۆنگرەی چوار لە بەرانبەر تاقیکردنەوەیەکی مێژوویيدا ........................................ ٢٨
بەیاننامەی جیابوونەوەی زۆربەی ئەندام و کادرەکانی کوردی دەرەوەی وڵات لە حیزبی توودەی ئێران .......... ٦٢

* ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی هاوچەرخ
* ئاوڕدانەوەیەک بۆ سەر مێژووی حیزب
* حیزبی توودەی ئێران لە ناوەوە
* حیزبی توودەی ئێران و مەسەلەی نەتەوایەتی

# پێشەکی

خوێنەری بەڕێز!

لە مێژ بوو بە تەمابووم ئەو زنجیرە بابەتەی لە سەر چۆنێتی پێکهاتنی پێڕەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران نووسیبووم، لە توێی نامیلکەیەکدا بڵاو بکەمەوە.

بەشی یەکەمی ئەو بابەتە لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٩٩٩ی زایینی لە ژمارە ٥ی گۆڤاری هاوار کە لە ئاڵمانیا دەردەچوو و بەشی کۆتایی لە ژمارە ١٦دا بڵاو کراوە.

بە داخەوە سەرقاڵبوون بە کاری ڕۆژانە بۆ بژیوی ژیان دەرفەتی پێنەدام تا زووتر ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنم.

نامیلکەی بەردەستتان بریتیە لە چاوپێداخشاندنێکی خێرایی بەسەر هۆ و هۆکارەکانی ناکۆکی سیاسی و ڕێکخراوەیی نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و ئاخرسەرجیابوونەوەی بەشێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەری و کادر و پێشمەرگە لە پاش کۆنگرەی چوار لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا.

من خۆم یەکێک لەو کەسانە بووم کە لە نیزیکەوە و ڕاستەوخۆ بەشداری ڕەوتی جیابوونەوەکەبووم و هەربەو پێیەش بە پێویستم زانی سەبارەت بەو ڕووداوە بە پێی ڕادەی بەرپرسیایەتی و ئاگاداریم تیشک بخەمە سەر هێندێک لایەنی لێڵی ئەو دیاردەیە کە نامۆ بە ناوەرۆکی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

ڕاستێکی تاڵ و حاشاهەڵنەگرە کە هەتا ئێستاش و پاش چەند جار ڕوودانی جیابوونەوە و لەتبوونی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران نەتوانراوە یان نەخوازراوە هۆیەکانی گێرەو کێشەی ناوخۆیی کە زۆرجار ئاکامی زیانبار و قەرەبوونەکراوەی بۆ نەتەوەکەمان بە دیاری هێناوە، بە شێوەیەکی بنچینەیی لێک بدرێتەوە و دەردەکان بناسرێن و چارەسەر بکرێن. گرفتی سەرەکیش لێرەدا لە لایەک دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندیەکانی جووڵانەوەی کورد و ئاسێ بوونی لە ناو جەرگەی چوار دەوڵەتی داگیرکەر و نەفامدا کە هیچ تێگەیشتنێکی شارستانییانەیان لە دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ و یاسا مەدەنیەکانی نێونەتەوەیی نییە و لە لایەکیتر کورد خۆی و بەشێکی زۆر لە سەرکردەکانی کە هەتائێستاش نەیتوانیوە لە

باری فکرییەوە لە ژێر کارتێکەری فەرهەنگی و نەریتی داگیرکەر رزگار بێ و وەک نەتەوەیەک کە خاک و نیشتمانەکەی داگیر ودابەش کراوە، خۆی پێناسە بکات.

بە نیسبەت رۆژهەڵاتی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی بە تایبەت دوو هێزی سەرەکی دێمۆکرات و کۆمەڵە، بە داخەوە هەتا ئێستاش بەتەواوی خۆیان لە داوی تەنراوی جاڵجاڵۆکەی فکری ئێرانچێتی رزگار نەکردووە. هەتا ئەو رەوتەش بەو شێوە درێژەی هەبێ، کۆسپ و تەگەرەی زیاتر دەخرێتە سەر رێگای تێگەیشتنی کۆمەڵ و سەرئەنجام دوور خستنەوەیان لە ئامانجی نیهایی واتە رزگاری و سەربەخۆیی.

ئەگەر لە گەڵ خۆمان و نەتەوەکەمان راستگۆ بین، پێویستە بە خۆمان و مێژوومانـدا بچینەوە و لە ئەزموونە تاڵ و شیرینەکانی بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی بەختەوەرانە بۆ نەتەوەکەمان کەڵک وەرگرین.

تاکی کورد دەبێ بزانێ کە حیزب و رێکخراو ئامانج نین بەڵکوو ئامرازێکن بۆ گەیشتن بە ئامانج، کەواتە سرووشتیە کە بە پێی هەلومەرج ئاڵوگۆڕ لە سیاسەت و تاکتیک و ستراتێژیدا پێک بێ و پیرۆزایەتی بۆهیچ رێبازێک جگە لە رێبازی نەتەوەیی دانەنرێ. رەخنەگرتن لە سیاسەتی رابردووی هیزێک یان کەسایەتێک نابێ بە تاوان بژمێردرێ، دەبێ بواری دەربڕینی ئازادانەی بیروڕا بۆ هەموو کەس لە ئارادابێ. پیویستە یاسای پێکەوە ژیان فێربین و رێز لە ئازادی بیروڕا بگرین. با لە مەیدانی کێبەرکێیی لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەییماندا تواناکان تاقیکرێنەوە. با گەل بڕیاربدا کام لایەن زیاتر لە بەرژەوەندی ئەودا هەوڵدەدا، بۆ ئەو مەبەستەش لە پلەی یەکەمدا پێویستیمان بەتێگەیشتن لێکتر و تەبایی و یەکڕیزی هەیە.

ئەو کورتە باسە هەوڵێکی بچووکە بۆ نیشاندانی ئەو بارودۆخەی کە لە سەرەتای ساڵەکانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بە سەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا زاڵ بوو. هەوڵم داوە بە چاوێکی بێ لایەن سەیری رووداوەکە بکەم. هەرچەند بۆ کەسێکی خۆی راستەوخۆ لە ناو کێشەکاندا بووبێت، دژوارە بێ لایەنانە لێکی داتەوە.

داوەری لەو بارەوە بە خوێنەری بەڕێز دەسپێرم. هیوادارم بەو کارەم خزمەتێکی بچووکم بە روونکردنەوەی گۆشەیەک لە مێژووی هەتا ئێستا نەنووسراوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بێ ئێران، کردبێت.

-----------------------------------------------

## دەسپێک

ڕۆژی ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی(١٩٨٠ی زایینی) ژمارەیەک لە بەڕیوەبەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە توێی بڵاوکراوەیەکدا، دابڕانی خۆیان لە بەشی زۆربەی حیزب ڕاگەیاند و بە ناوی "پێڕەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران"، دەستیان بەکار کرد. کەرتبوونی "حدکا" لەوسەروبەندەدا زیانێکی گەورەی بە سەرجەمی جووڵانەوەی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاند. دوو باڵی حیزب هەرکام لە ڕوانگەی بۆچوونی تایبەت بە خۆ و هەروەها بە هاندان و پشتگرتنی لایەنە غەیرە کوردەکان، لە ژێر دروشمی رازاوەی "دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران" بە ناوی دیمۆکرات و ئاشتیخواز، کەوتنە ناو گۆڕەپانی دژایەتی و بەربەرەکانی یەکتر، تا ڕادەیەک کە چی نەما دەرحەق بە یەک نەیڵێن و نەیکەن. یەک لایەن تاوانی "باند و دژی شوڕش و جنایەتکار"ی بۆ هەڵپێچرا و لایەنێکیش" خۆفرۆش و خەیانەتکار و جاشی مودێرن". "پێڕەوانی کۆنگرەی چوار" پاش تێپەڕکردنی زیاتر لە پێنج ساڵ تەمەن، بێ ئەوەی دوایین چارەنووسی خۆیان بە ئاشکرا ڕاگەیەنن،بوونە قوربانی سیاسەتی هەلپەرستانە و دوژمنکارانەی ڕێبەرایەتی حیزبی توودەی ئێران و ئاداری بەسەر پادارەوە نەما. ڕەوتی هاتنە ئارای "پێڕەوانی کۆنگرەی چوار"، ڕێباز و هەڵسو کەوتیان و ئاخرسەر چۆنێتی تواندنەوە و چارەنووسی نادیاریان، کەم تا کورت و بە شێوەیەکی سەرپێیی، لێرە و لەوێ، ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام هیچکام لە لاپەڕەیەک یان چەند دێڕێک تێنەپەڕیون. خۆزگە ئەوکەسانەی، راستەوخۆ بەشدار و و خوڵقێنەری ڕووداوەکە بوون و ماوەی ساڵانی دووروردرێژی ئاوارەییان بە نووسینی بیرەوەریەکانیانەوە، تێپەڕ کردووە، ئاوڕێکیشیان لەو بەسەرهاتە تاڵە داباوە و ڕاستی ڕووداوەکەیان بو خەڵک و مێژوو ڕوون کردباوە. نووسەری ئەو دێڕانە هەوڵ دەدا بە پێی توانا و ڕادەی ئاگاداری، تیشک بخاتە سەر ئەو ڕووداوە و لە هەمان کاتدا هیواداره کەسانی شارەزاتر لەو بوارەدا قۆڵی لێ هەڵماڵن و ڕاستییەکان بدرکێنن.

لەماوەی دەسەڵاتداریەتی درێژخایەنی ڕژێمی پاشایەتیدا، بە هۆی لە ئارادابوونی سیستمی دیکتاتۆری و پێشێلکردنی ئازادیە دیمۆکراتییەکان، بواری پێکهاتن و گەشەسەندنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەییەکان لە ئێراندا نەبوو، بەڵام مەزهەب بەتایبەتی ئائینی شیعە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانێکی بێ سنووری بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و خۆ ڕێکخستن لە بەردەستدا بوو. هەر بۆیەش مەلاکان توانیان بە ئاسانی و بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی ئایینی خەڵک و ڕێکخستنیان لە ژێر ئەو ئاڵایەدا، هەوساری جووڵانەوەی بەرینی گەلانی ئێران بەدەستەوە بگرن و دەسەڵاتی خۆیان داسەپێنن. نەتەوەی کوردیش، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە پێناو وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی لە ڕاپەڕین و بەرەوپێشبردن و بە سەرئەنجام گەیاندنی شوڕشدا بەشداری چالاکانەی کرد. لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ (١٩٧٩)دا، دامودەزگای ڕژێمی شایەتی لەبەریەک هەڵوەشا. هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئێرانی بە چەپ و ڕاست و دیندار و بێ دینەوە، بە مەبەستی بەشداری لە ڕەوتی پەرەسەندنی شۆڕش و دابینکردنی دێمۆکراسی لە ئێران کوڵەباری ئاوارەیی ساڵانی

دوورودرێژیان بە کۆڵدادا و بەرەو وڵاتی بێدەسەڵاتی ئێران گەڕانەوە. حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش، پاش زیاتر لە ٢٥ ساڵ ژیانی نەهێنی و نیوە نەهێنی سەر لە نوێ گەڕاوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ماوەیەکی کورتدا پشتیوانی زۆربەی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

ساڵانی دوورەوڵاتی پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان، بۆ "حدکا" ئاوێتەی کۆمەڵێک گێرەوکێشەی فکری و سیاسی و ڕێکخراوەییە، لە پێناو ساخکردنەوە و پاراستنی ناو و دروشمەکانی ئەو حیزبەدا. سەرەتای دەسپێکردنی ئەو ئاڵۆزی و گێرە و کێشەیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خۆ تێخزاندنی هێزە هاوپەیمانەکان، (سۆڤیەت، ئینگلیس و ئەمریکا) لە جەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانی لە باکوور و باشووری ئێران و دەستێوەردانیان لە کاروباری ناوخۆی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەو ولاتەدا. هەڵوەشاندنەوەی کومەڵەی (ژ.ک) و دامەزراندنی (حدک) لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ (١٦ی ئوتی ١٩٤٥) یەکێک لەو دیاردانە بوو. لەو کاتەوە جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە فۆرمی سیاسیشدا خرایە ناو چوارچێوەی جووڵانەوەی سەراسەری ئێران و چارەنووسی گرێدرا بە هاتنە سەرکاری حکومەتێکی ناوەندی، نەتەوەیی و دیمۆکراتیک، کە لانی کەم ئەوەندەی باوەڕ بە دێموکراسی و مافی مروڤ هەبێ تا ئەو بڕە داوایەی کە "حدک" خەباتی بۆ دەکا، دابینی بکا.

بە درێژایی دەیان ساڵ "حدکا" تاقە دامەزراوی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە کە لە پێناو وەدیهێنانی دروشمی "دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران" خەباتی کردووە و نوینەرایەتی سەرجەمی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لەو بەشەی کوردستاندا، بە ئەستووە گرتووە و وەک "بەرەیەک" کۆکەرەوەی لایەنە سیاسیە جیاوازەکان بووە. هەروەها بە هۆی بەستراوەیی بە جووڵانەوەی سەراسەری، کارتێکەری هێڵی فکری، سیاسی و ڕێکخراوەیی هێزە سەرانسەریەکانیشی لە سەر بووە. کە وابوو ململانی و ناکۆکی بیروڕا، لە ناو حیزبدا دیاردەیەکی سروشتی ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی کومەڵایەتی ئەو حیزبەیە و هێندێک جار بە هۆی لاوازبوون یان لە ئارادانەبوونی فەرهەنگی دێموکراسی و نامۆبوون بە دیاردەی پلۆرالیزمی سیاسی و زاڵبوونی هەستی سەرەڕۆیی، ئاکامی ئەو گێرەو و کێشەیە، گەیوەتە ئاستی پێک هەڵپرژانی چەکدارانەش (کاتێک کە چەک لە گوڕێدا بووە). لێدانەوەی ئاوڕێکی کورت بۆ سەر بنج و بناوانی ئەو گێرە و کێشەیە، تا ڕادەیەک لە مەبەستی نووسینی ئەو وتارە نیزیکمان دەکاتەوە. بە دامەزراندنی "حدک" سەرەتای دابڕان لە سیستمی فکری، سیاسی و ڕێبازی کومەڵەی (ژ.ک) کە ئامانجی یەکگرتنەوەی خاک و ڕزگاری نەتەوەیی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بوو، دەسپێدەکا. هەرچەند شانازی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بۆ حیزبی دیمۆکراتە، بەلام ئەوە بەو مانایە نییە، ئەگەر ڕێکخراوەیەکی تر جگە لەو حیزبە لە مەیداندا بووایە، توانایی بە جێگەیاندنی ئەو ئەرکەی نەدەبوو. هەلومەرجی ئەوکات و لاوازی دەوڵەتی ناوەندی و پشتیوانی مەسڵەحەتی یەکیەتی سۆڤیەت و لە پێش هەمواندا ئیرادە و ویستی نەتەوەیی، ئەو دەرفەتەی بۆ کورد و حیزبی دیمۆکرات ڕەخساند. کۆماری کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕیزە هەنگاوانەی کە لە ماوەی کورتی تەمەنی نیزیک بە یەکساڵەیدا نایەوە، دیاردەیەکی بێ وێنەی مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمانە. تێکۆشەرانی حیزبی دوای هەرەس هێنانی کۆمار لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (١٩٤٦) دا، سەرلە نوێ لە پێناو زیندووکردنەوە و وەگەڕ خستنی ڕێکخراوەکانی حیزبی تێهەڵدەچنەوە و داوای یارمەتی و هاوکاری لە

حیزبی تووده (حیزبی چینی کرێکاری ئێران و ئەندامی بەرەی حیزبە کومونیست و کرێکارییەکانی جیهان و باوەڕپێکراوی یەکیەتی سۆڤیەت) دەکەن. ئەو هاوکاری و نیزیکایەتیە دەگاتە ئاستی تەنینەوەی سنووره فکری، رێکخراوەیی و سیاسیەکانی نێوان دوو حیزب. یارمەتی فکری، رێکخراوەیی و سیاسی، ماڵی و چاپەمەنی، پەروەردەکردنی کادر و ناردنیان بۆ کوردستان بەشێک لە ئاڵقەی زنجیری ئەو هاوکاریانە پێکدێنن. کاک جەلیلی گادانی دەڵێ: "لە بەهاری ساڵی ١٣٣٢دا حیزبی تووده چوار کادریان نارد، کە دوویان کورد بوون، یەکیان کاک عەبدوڕرحمانی قاسملوو بوو" (بڕوانە، ٥٠ ساڵ خەبات لاپەرەی ٨٣) دوای کوودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ بە هۆی هەڵە و هەڵەکاری و گوێ لە مستی لە رادە بەدەری حیزبی تووده بە یەکیەتی سۆڤیەت و نەبوونی سەربەخۆیی بڕیاردان و دەس لە سەردەس دانانیان سەرەڕای دەسەڵاتداری بەرچاویان لە ناو ئەرتەش و رایەڵەکانی حکوومەت، لە کاتی کوودیتا دا، تا رادەیەک ساردی و سڕی لە پێوەندی نێوان دوو حیزبدا دێتە پێش.

هێرشی بەربڵاوی ساڵەکانی پاش کوودیتا، دەبێتە هۆی گیران و دەربەدەر بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کادر و ئەندامەکانی حیزب بۆ ئەودیوی کوردستان. لەو فەترەیەدا شۆڕشی بارزان لە باشووری کوردستان پەرە دەستێنێ (١٩٦١). لە سەرەتاوە بارودوخێکی لەبار بۆ بووژانەوە و جموجۆڵی سیاسی پێکدێ. بەڵام لە لایەک بە هۆی دەستێوەردان و پیلانگێڕانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و لە لایەکی تر سەرلێشێواوی هێزە سیاسییەکانی کورد و نەبوونی ستراتیژێکی هاوبەش بەرامبەر بە مەسەلەی نەتەوایەتی و پەنگ خواردنەوەیان لە ناو تەنگژەی چەند سیستمی فکری جیاوازدا، سەراپای لەشی جووڵانەوەکە تووشی داوەشان و هەرەس هێنان دێ. ئەو نەخۆشییە بەتایبەت لە ناو جووڵانەوەی تێکشکاو و بەربڵاوی رۆژهەڵاتی کوردستانیشدا بە زەقی خۆی نیشان دەدا.

لەو سەردەمەدا سێ شێوە بیرکردنەوە لە ناو ئەندامانی لێکدابڕاوی حیزبی دێموکڕات لە ئارادابوو.

لایەنێک بە سەروکایەتی "ئەحمەد توفیق" تێکەڵ بە شۆڕشی بارزانی دەبێ.

دەستەیەک کە لایەنگری پاراستنی سەربەخۆیی حیزب بوون و لە نێوان کێشەی دووباڵی "پارتی و بارزانی" دا بێ لایەن مانەوە، وێڕای تێکۆشانی سیاسی ناچار بوون بۆ بژیوی خۆیان و خێزانیان، روو لە کار و کاسبیش بکەن.

دەستەی سێهەم ئەو رووناکبیرانەن کە لە خوێندگە و زانستگاکانی ئێران یان ئورووپا خوێندنیان تەواو یان نیوەتەواو کردبوو و لەو رێگایەوە لەتەک بیری مارکسیستی ئاشنا و زۆربەیان لە ژێر کارتێکەری فکری و سیاسی حیزبی توودەدا بوون.

بە لاوازبوونی جووڵانەوەی کورد لە باشووری کوردستان و هەروەها بێ سەر و شوێن چوونی "ئەحمەد توفیق" مەیدانی هەڵسووڕانی دەستەی یەکەم بەرتەسک دەبێ و دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نامێنێ. لەو کاتەوە هەلومەرجێکی لە بار بۆ

دووباڵەکەی تر دەرەخسێ. دوکتور قاسملوو ئەوجارە نەک وەک کادری حیزبی توودە، بەڵکوو لە پلەی کەسایەتییەکی سەربەخۆی دێموکڕاتدا، چالاکانە پێ دەنێتە ناو مەیدانی تێکۆشانی سیاسیەوە. ناوبراو لە ماوەی ساڵانی نیشتەجێ بوونی لە ئورووپا (چەکوسلاواکی، فەرانسە و...) لە نیزیکەوە ئاگاداری چۆنێتی باری ژیانی کومەڵایەتی و شێوەی بەڕێوەبردنی سیستمی ئابووری و سیاسی وڵاتانی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی ئورووپا بوو و لە ماوەی ژیانی سیاسی و رێکخراوەیی نێو حیزبی توودەی ئێراندا، پێوەندی و هەڵسو کەوتی نێوان حیزبە کومونیستەکانی دیبوو کە چۆن برای گەورە (حیزبی کومونیستی یەکیەتی سۆڤیەت) مافی سەربەخۆیی بڕیاردانی لە برا بچووکەکانی زەوتکردبوو و خستبوونیە ژێر رکێفی خۆی. ئەوانە و زۆر شتی تر، ئاڵوگۆڕ لە شێوەی بیرکردنەوە و بۆچوونی قاسملوودا دێننە پێش و بەو چەشنە نەک هەر لە ریشەوە لە "توودەئیسم" دادەبڕێ، بەڵکوو لە قاویشی دەدا. لەو فەترەیەدا دوکتور قاسملوو بۆ یەکەم جار هەوڵی جێگیرکردنی هێڵی فکری سوسیال دێموکراسی (لە روانگەی کۆمونیستەکانەوە لە بەرەی ئەمپریالیزم دادەندرا) لە ناو "حدکا"دا دەدا. لە ساڵی ١٣٥٢ پێکهێنانی کونفرانسی (سێ) و پاشان کۆنگرەی (سێ) لە بەغدا، پرۆسەی بە دەسەڵات گەیشتنی د.قاسملوو وەک سکرتێری گشتی حیزبێکی خاوەن ستراتێژی، بەرنامە و پێرەو و رێبازێکی سەربەخۆی سیاسی کە شەقڵی بۆچوونی سوسیالیزمی دیمۆکراتیکی پێوە دیاربوو، بە سەرئەنجام دەگەیەنێ. دیارە ئەوە بە مانای رزگار بوونی یەگجاری حیزبی دیمۆکرات، لە رایەڵەی فکری و سیاسی چەپی سوونەتی و توودەئیسم نییە. بەڵام سەرەتای پەرەگرتن و بە دەسەڵات گەیشتنی سوسیال دێموکراسییە لە ناو ئەو حیزبەدا. ئەمەش لە ڕوانگەی حیزبی توودەوە بە مانای کردنەوەی بەرەیەکی فکری تازە دژی بۆچوونی لایەنگرانی بەناو سوسیالیزمی عیلمی بوو. کە وابوو دەبوایە بە توندی بەربەرەکانی لەگەڵ بکرێ.

بە درێژایی دەیان ساڵ ئەدەبیاتی مارکسیست - لنینیستی لە رێگای حیزبی توودەوە، ئەویش لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی یەکیەتی سۆڤیەت، بە شێوەیەکی دوور لە راستی لە ئێران و بەو پێیە لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، بلاو کراوەتەوە. هەر بویە ئەو حیزبە خۆی بە خاوەنی بزووتنەوەی چەپ لە ئێران دەزانی و بە چاوی حیزبی دایک دەیڕوانیە حیزبی دیمۆکرات.

لادانی حیزبی دیمۆکرات لە رێبازی فکری، سیاسی و رێکخراوەیی حیزبی توودە، بە مانای لە دەستدانی ئەو پێگە سیاسی و کومەڵایەتیەیە، کە بە درێژایی چەندین ساڵ حیزبی توودە لە کوردستان، بە دەستی رووناکبیرە کوردەکان یەک لەوان د.قاسملوو دایمەزراندبوو. کەوابوو هەوڵی ئەو حیزبە بۆ وەدەسهێنانەوەی ئەو پێگەیە و گەڕانەوەی بۆ ساڵانی سەروەری بە سەر حیزبی دیمۆکراتدا، سرووشتیە. لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجە، بۆ وێنە بە دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەی سێی حیزبی دیمۆکرات، بەرێوەبەری حیزبی توودە "کەریمی حیسامی" بانگ دەکا و دوای وتووێژێکی زۆر داوای کوبوونەوەیەکی هاوبەش دەکەن.

کاک جەلیل لە پەنجاساڵ خەباتدا دەنووسێ: "لە رۆژەکانی سەرەتای مانگی هەشتی ١٩٧٤ کۆڕی نوێنەرایەتی حیزب (د.قاسملوو، کەریمی حیسامی و حەمەدەمینی سیراجی) لە گەڵ رێبەرایەتی حیزبی توودە (ئیرەجی ئەسکەندەری، کیانووری

و عەلی گەلاوێژ) لە برلین کۆ دەبنەوە و... بەڵام کیانووری حازر نەبووە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە رەسمی بناسێ و لە مەڕ ناولێنانی کۆبوونەوەکەش، گوتوویەتی، دەبێ بڵێین حیزبی توودە لەگەڵ چەند کوردی پێشکەوتنخوازی ئێرانی دانیشتنی بووە." (پەنجا ساڵ خەبات لاپەڕەی ١٧٦) هەڵوێستی کیانووری لەو کۆبوونەوەیەدا، نیشانەی ئاشکرای ترسی دام و دەزگای رابەری حیزبی توودە لەو ئاڵوگۆڕە فکری و سیاسیانەیە، کە بە سەر حیزبی دیمۆکراتدا هاتووە. ئاخر سەر کاتێک بەڕێوەبەرانی توودە هیوای گەڕاندنەوەی حیزبی دیمۆکرات بۆ ناو باوەشی خۆیان لە دەسدەدەن، لە تویی پەیامێکی تایبەتی کۆمیتەی ناوەندیدا (١٩٧٦) ١٣٥٤ی هەتاوی بەو شێوەیە بانگی تێکۆشەرانی کورد دەکەن: "ئێمە تەواوی تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕی کورد لە ئێراندا بانگ دەکەین کە وەکوو تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕی ئازەربایجان و گەلانی تری ئێران لە گەڵ حیزبی توودەی ئێران یەک بگرن و سووننەتی شۆڕشگێڕی یەکیەتی رێکخراوەیی و سیاسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە گەڵ حیزبی دایک، حیزب گشتی چینی کرێکاری ئێران، سەر لە نوێ زیندوو بکەنەوە." ئەو بانگەوازە پێشاندەر و تەواوکەری هەموو ئەو ئامانج و ئارەزوویانەیە کە بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە دواتر لە پێناو وەدەسهێنانەوەیان دووبەرەکی و ناکۆکی و جودایی دەخەنە ناو حیزبی دیمۆکرات و جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا. پێکهێنانی "پێڕەوانی کۆنگرەی چوار" ئاخر هەوڵی تێکدەرانەی حیزبی توودەی ئێران بوو دژی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا.

لە ئاخروئۆخری ساڵەکانی هەفتا و سەرەتای هەشتاکاندا، کاتێک کێبەرکێ و پێشبڕکێ لە سەر دابەشکردنی سامانی سەرزەوی لە ناو دوو بەرەی سوسیالیزم و ئەمپریالیزمدا لە ئارادابوو و تۆڕی رێکخراوە جاسوسیەکانی هەردوولا (ک.گ.ب.) و (سی.ئای.ئی.) گۆی زەویان داگرتبوو، شۆڕشی گەلانی ئێران، دژی پێگەی هەرە بەهێزی سیاسی، نیزامی و ئابووری ئەمریکا سەردەکەوێ و پارسەنگی هێزەکان لەو ناوچەیەدا بە زیانی ئەمریکا دەگۆڕێ.

لەو کاتەوە لەشکری هەردووبەرە بە هەموو توانای ماڵی و تەبلیغاتی و جاسوسی بە مەبەستی یەکلا کردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا، بەرانبەر بە یەک ڕادەوەستن.

دیاردەیەکی وەک "خومەینی" لە پلەی پێشەوای ئایینی و سیاسیدا بە هۆی پێ چەقاندنی لە سەر دژایەتی لە تەک ئەمریکا و هاوپیمانەکانی، دەبێتە تەوەرەی گشت هێزە بەر هەڵستکارە پێشکەوتووخوازەکانی سەراسەری ئێران. کەچی زۆری پێ ناچێ، لە رەوتی جێگیرکردن و سەپاندنی دەسەڵاتیدا، ڕوخساری ڕاستەقینە و دژی مرۆڤانەی نیشان دەدا و لە پێناو پاراستنی خۆی و هاوخەتەکانیدا، لە هیچ چەشنە جینایەتێک خۆ ناپارێزێ.

هەلومەرجی پێکهاتووی دوای شۆڕشی ٢٢ی ڕێبەندان لە ڕاستیدا، گۆڕەپانیکی پێشبڕکێی نیوان هەموو ئەو حیزب و ڕیکخراوانە بوو تا توانایی و لێهاتووی خۆیان بەرانبەر بە چارەنووسی گەلانی ئێران نیشان دەن. زۆربەی ئەو حیزب و ڕیکخراوانەی کە لە جەنگەی شۆڕشدا گەرابوونەوە ئێران، بەرەبەرە خەریکی جموجۆڵ و دامەزراندنی ڕێکخراو لە شار و

شاروچکەکاندا بوون.

حیزبی توودەی ئێران توانی لە ماوەیەکی کورتدا لە زۆربەی شارەکانی ئێران ڕێکخراوی تایبەت بە خۆ دامەزرێنێ و خەریکی هەڵسووڕانی سیاسی بێ.

ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەڵام لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا دەژیا. لەو ناوچەیەدا، خەڵک نە بە هۆی مەزهەبەوە و نە بە دنەدانی مەلایەکی وەک خومەینی، بەڵکوو لە پێناو وەدەسهێنانی ئاواتە لە مێژینەکانی خۆیان و خاشەبرکردنی زوڵم و زۆری نەتەوایەتی، خەباتیان دەکرد.

لە کوردستان، بە پێچەوانەی ناوچەکانی تری ئێران، خەڵک لە پێشەنگی سیاسی خۆی بێ بەهرە نەبوو. حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کە خاوەنی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەمەد بوو و لە ماوەی سی ساڵ خەباتی نەهێنی و نیوەنەهێنیدا مانەوە و بوونی خۆی بە خەڵک نیشان دابوو، ناوێکی ئاشنا بوو. خۆشەویستی ئەو حیزبە ڕیشەی لە رابردوویەکی گەشەداری مێژوویی دابوو کە ڕۆژگارێک ئاواتەکانی گەلی بۆ ماوەیەکی هەرچەند کورت بەدی هێنابوو.

دیارە ئەو هەلەش بە بێ یارمەتیدان و لە ئارادابوونی یەکیەتی سۆڤیەت بەو شێوە نەدەرەخسا. هەر ئەو پێوەندیانەش بوونە هۆی پێکهاتن و درێژەدانی هاوڕێیی و هاوکاری هەمە لایەنەی نێوان حیزبی دیمۆکرات و حیزبی توودەی ئێران و ئاخرسەریش کۆسپ و تەگەرە لە سەر ڕێگای جووڵانەوەی کورد. حیزبی توودە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندان، ئێستا هیوای لەکیس چوونی حیزبی دیمۆکراتی لە دەسنەدابوو. بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە کەسایەتی ناسراوی کورد بوون. وەک، ماموستا حەسەنی قزڵجی، عەلی گەلاوێژ، ڕەزا شەڵتووکی و محەمەدعەلی عەمووبی، لە ناو سەرکردایەتی حیزبی دیمۆکراتدا کەسایەتی بەناوبانگی کورد، غەنی بلوریان کە ٢٥ ساڵی تەمەنی لە زیندانەکانی ڕژیمی شایەتیدا بە تاوانی بەرگری لە کورد، تێپەڕ کردبوو. (لە کاتی ئازادکردنیدا ڕۆژنامەی "نامه مردم" ئورگانی ناوەندی حیزبی توودە بە ناوی یەکێک لە سەردارانی توودەیی ناودێری کردبوو)، و دوکتور ڕەحیمی سەیفی قازی، کە لە سۆڤیەت ڕا گەرابووە و ماوەیەکیش لە باکۆ لەتەک عەلی گەلاوێژ ڕۆژنامەی کوردستانیان دەردەکرد. کەریمی حیسامی کە لە ماوەی ژیانی لە وڵاتانی سوسیالیستیدا سەردەمێک لە سەر ڕادیوی "پەیکی ئێران" دەنگی حیزبی توودەی ئێران لە دەرەوە، کاری دەکرد، هەروەها حەمەدەمینی سیراجی کە لە باری فکرییەوە لە حیزبی توودە نزیک بوو،و...

جگە لەوانە کومەڵێک لە لاوە تازە پێگەیشتوو و ڕووناکبیرەکانی کورد کە کەمتاکورتێک لەتەک ئەدەبیاتی حیزبی توودە ئاشنا ببوون و زۆر پارامێتری مێژووی تر، حیزبی توودەی دڵگەرم کردبوو بۆ ئەوەی سەرلە نوێ حیزبی دیمۆکرات بگەڕێنێتەوە ناو باوەشی خۆی. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ناکۆکیانەی کە لە ئاخر ساڵەکانی پێش شۆڕشی ڕێبەندان بە هۆی بوونی د.قاسملوو وەک سکرتێری گشتی حیزبی دیمۆکرات لە نێوان دوو حیزبدا تەشەنەی سەندبوو، حیزبی توودە بە

نیگەرانی و دڵەخورپەوە دەیڕوانیە داهاتووی حیزبی دیمۆکرات و د.قاسملووی بە پێکهێنەر و خوڵقێنەری ئەو وەزعە و بە لەمپەر و کۆسپی سەر ڕێ دەزانی. ڕوانگەی د.قاسملوو بەرانبەر بە چەمکەکانی "سوسیالیزم" "دێموکراسی" و هەروەها چۆنێتی پێوەندی نێوان حیزبە سیاسیەکان و... جیاوازی ڕیشەیی لەگەڵ ڕوانگە و بۆچوونی سەرکردایەتی حیزبی توودەدا هەبوو.

هەموو هەوڵی د.قاسملوو ئەوەبوو کەحیزبی دیمۆکرات لە ژێر نفووز و دەسەڵاتی حیزبی توودەدا بێنێتە دەر، ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی ڕیشەی کۆنی داچەقیوی ئەدەبیاتی حیزبی توودە لە ناو مێشکی رووناکبیرە چەپەکانی کورد و غەیرە کورددا، کارێکی سووک و سانا نەبوو. لە لایەکی تر ناوبراو لەو مەیدانەدا تا ڕادەیەک تەریک کەوتبووە، چوون ئەو کوردانەی لە ولاتانی سوسیالیستی ڕاگەرابوونەوە، جگە لە پێداهەڵکوتن و حەمد و سەنای وڵاتانی سوسیالیستی و نیشاندانیان بە وێنەی دنیایەکی خەیاڵاوی دوور لە هەرچەشنە ئازارێکی ژیان، شتێکی تریان بۆ ناشارەزایان نەدەدرکاند، لە لایەکی تر زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکرات بە تەواوی ئاگاداری ململانی و ناکۆکیەکانی فکری و سیاسی و شەخسی نێوان د.قاسملوو و سەرکردەکانی حیزبی توودە بەتایبەت د.کیانووری نەبوون.

بەو هۆیانەوە لە سەرەتاوە مەیدانی دەربڕین و ئاشکراکردنی ئەو ناکۆکیانە بۆ هەردوولا لە گوڕیدا نەبوو، تا سەرئەنجام دەستدرێژی پەیتا پەیتای دەسەڵاتدارانی تاران بۆ سەر جووڵانەوەی کورد و گوێنەدانی حیزبی توودە بە داواکانی گەلی کورد و بەستنەوەیان بە داهاتوویەکی نادیاری سەرکەوتن بە سەر ئەمپریالیزم و کۆنەپەرستی و دابین کردنی دێموکراسی لە ئێران دا و هەروەها پشتیوانی بێ ئەملا و ئەولا لە ئیمام و خەتی ئیمام، و زۆر هۆی تر، جیاوازی و ناکۆکی نێوان دوو حیزب ئاشکرا بوو. ڕووداوەکانی دوای ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ بە تایبەتی دەرکردنی فەرمانی جیهاد لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دژی کورد لە لایەن "خومەینی"یەوە ئەزموونێکی لەبار بوو بۆ ئەوەی ڕاستی ئەو دروشمانەی کە حیزبی توودە و هێزەکانی تر بۆ دیفاع و پشتیوانی لە مافی گەلان و یەک لەوان گەلی کورد، لە بەرنامەیاندا گونجاندووە، لە مەیدانی کردەوەدا نیشان بدەن.

بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە، هاوکات لە گەڵ هەڵگیرسانی یەکەم بڵێسەی شەڕ لە کوردستاندا، هەستیان بە مەترسی کرد و هەڵوێستێکی هەلپەرستانەیان بەرانبەر بە ڕووداوە دڵتەزێنەکانی کوردستان گرتە پێش. کیانووری سکرتێری گشتی حیزبی توودە لە بەهاری ١٣٥٨ لە کۆبوونەوەیەکی "پرسیار و وەڵام"دا سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان دەڵێ: "هیواداربن ئەو ڕێگایەی کە ئێمە لە کاتی هێرش بۆ سەر کوردستان لەو بارودۆخە ناسک و ئاڵۆزەدا پێشنیارمان کرد و زۆریش بەجێ و ڕاست بوو، بەرەو پێش بچێ و بەرەی خەڵک لە دژی خەڵک خۆی جیا بکاتەوە...

گرتنە پێشی هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە و دوور لە هەلپەرستی بۆ حیزبی توودە کە هەموو پرنسیپەکانی شۆڕشگێڕی لە پێناو بەرگری و پشتیوانی لە خومێنی و خەتەکەیدا قوربانی کردبوو، چاوەڕوان نەدەکرا. هەربۆیە لە سەرەتای دەسپێکردنی شەڕی سێ مانگەدا، بۆ ئەوەی لە لایەن کاربەدەستانی تارانەوە تاوانی بەشداری لە شەڕی کوردستانی لێ نەدرێ، لە بانگەوازێکی

نەهێنی تەشکیلاتیدا، داوای لە لایەنگرانی خۆی کرد ڕیزەکانی حیزبی دیمۆکرات بەجێ بێڵن. ئەوانیش ماوەیەکی کورت بە ناوی "لاوانی شۆڕشگێڕی توودە" لە خێوەتێکدا لە تەنیشت حیزبی دیمۆکرات گیرسانەوە و پاشان هێدی هێدی بەرەو شارەکان تیخزانەوە. هەر ئەوانە دوایی ڕێکخراوی ئەیالەتی حیزبی توودەیان لە کوردستان پێک هێنا. لەو هەلومەرجەدا کەم نەبوون ئەو کەسانەی گوێیان بۆ داواکاری حیزبی توودە شل نەکرد و سەرەڕای وێکچوونی بۆچوونیان لە تەک حیزبی توودە، ڕێزەکانی حیزبی دیمۆکراتیان بەجێ نەهێشت.

لە جەنگەی شەڕی سێ مانگەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە ناوی کەڵک وەرگرتن لە ناکۆکی نێوان دوو ڕژیمی ئێران و عێراق، پێوەندی ئاشکرای بە ڕژیمی بەغداوە گرت و داوای یارمەتی لێکرد. ئەوەش سەرەتایەک بوو بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایەتی ئەو کەسانەی دژی ڕژیمی بەعس بوون و لە هەمان کاتدا لە حیزبی توودەش نیزیک بوون. لە ماوەی شەڕی سێ مانگەدا گێرەوکێشەی ناو حیزبی، بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی، نموودێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام گەرای ناکۆکی و لێکدابڕان بەسترا. لایەنگرانی هەردوولا بە خشکە خەریکی جموجۆڵ و خۆسازدان دژی یەکتر بوون. هەر لەو سەروبەندەدا، ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئێران بە هاندان و یارمەتی کاک کەریمی حیسامی و بە بەرپرسایەتی نووسەری ئەو دێرانە لە ناوچەی مەهاباد دامەزرا و لە ماوەیەکی کورتدا توانی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لاوەکان لە ریزەکانی خۆیدا کۆکاتەوە. گۆڤاری "هاواری نیشتمان" ئۆرگانی ڕێکخراوی لاوان دەورێکی بەرچاوی سەبارەت بە ئاشنا کردنی لاوان لە بوارەکانی کولتوری و سیاسی و ئەدەبیدا گێڕا.

لە ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ خومێنی لە تویێ پەیامێکی تایبەتیدا داوای ئاگربەس و ئاشتی و هەروەها بەڵێنی دابین کردنی مافەکانی گەلی کوردی دا. د.قاسملوو پاش چەند ڕۆژ لە میتینگێکی گەورەی شاری مەهابادا، "لبیک"ی بە قسەکانی خومینی گووت. لەو هەلومەرجەدا ڕاکێشانی سرنجی کاربەدەستانی تاران بەتایبەت شەخسی خومێنی بۆ لای مەسەلەی کورد و نیشاندانی دڵسوزی بەرانبەر بە شۆڕشی گەلانی ئێران و هەروەها گرتنە پێشی هەڵوێستی دژی ئەمپریالیستی، لە بەرنامەی کاری حیزبی دیمۆکراتدا گونجا. پێشنیار کردنی گەلاڵەی شەش مادەیی بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کاندیدا کردنی د.قاسملوو بۆ مەجلیسی خوبرەگان و هەروەها بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوڕا دا، چەند نموونە لەو هەڵویستانەن.

دوای شەڕی سێ مانگە و لە کاتی وتوویژەکانی نێوان نوێنەرانی کورد و هەیئەتی ویژەی دەوڵەتدا کە تا ڕادەیەک هێمنایەتی باڵی بە سەر کوردستاندا کێشابوو و خەڵک چاوەڕوانی بە سەرئەنجام گەیشتنی وتوووێژەکان بوون، پێوەندی نێوان حیزبی توودە و هاوفکرەکانی لە کوردستان گەرم بوو.
حیزبی ناوبراو لە لایەک خەریکی پتەوکردنی جێ پێی لەناو حیزبی دیمۆکرات و لە لایەکی تر خەریکی گەڵاڵە دارشتن و پێشنیارکردنی بە کاربەدەستانی تاران بۆ چارەسەرێکی هێمنانەی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

## کۆنگرەی چوار و ئاکامەکانی

لە ڕۆژانی ٣٠ - ١١ - ١٣٥٨ تا ٥ - ١٢ - ١٣٥٨ی هەتاوی لە ساڵۆنی سینەما ئومیدی شاری مەهاباد بە بەشداری ٣١٠ کەس لە ئەندامانی هەڵبژێردراوی کونفرانسی کۆمیتەی شارستانەکان و هەروەها چەندین کەسایەتی و نوێنەرانی بەشێک لە حیزبەکان، چوارەمین کۆنگرەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو.

چۆنێتی بەرەوپیرچوونی کۆنگرە، دەستپێکردن و گێرەوکێشە و ئاکامەکانی، پێویستی بە ئاخافتنی دوور و درێژ هەیە کە مەبەستی ئەو نووسراوەیە ئەوە نییە.

هەر لە سەرەتاوە چ کاتی گرتنی کونفرانسەکان و چ لە ناو کۆنگرەدا، دوولایەنی فکری بەهێز کەوتنە مەیدانی ململانی و کێشەوە. لایەنێک بە سەرۆکایەتی د.قاسملوو هەوڵی سەپاندنی بەرنامە و ڕێبازی خۆی دەدا، لایەنەکەی تر بە دنەدانی حیزبی توودە و بە سەروکایەتی کاک حەمەدەمینی سیراجی لە پێناو بردنە پێشی ئامانجەکانی حیزبی توودە دا تێدەکوشا. کاک غەنی بلوریان بە هۆی مانەوەی ٢٥ ساڵ لە زینداندا، کەمتر ئاگای لە هۆیەکانی پێکهێنەری ئەو کێشەیە بوو.

بەو بۆنەوە ناوبراو، لە سەرەتاوە وەک ڕیش سپی دەوری هێورکردنەوەی وەزعەکەی بە ئەستۆوە گرتبوو. چەند مەسەلەی ئەساسی لە ناو کۆنگرەدا کەوتە بەر باس و لێکولینەوە و بڕیاریان لە سەر درا، کە لە هەموان گرینگتر ئەوانەی خوارەوە بوون.

**یەکەم**: هەڵوێست بەرانبەر بە شۆڕشی ئێران و ڕێبەرایەتیەکەی.
**دووهەم**: دەست نیشانکردنی سنوورێک لە نێوان دۆستان و دوژمنان لە ڕادەی ناوەوە و دەرەوەدا.
**سێهەم**: دیاری کردنی ئامانجی نیهایی واتە "سوسیالیزم" چ جۆرە سوسیالزمێک؟ سوسیالیزمی دیمۆکراتیک یان سوسیالیزمی واقعەن مەوجوود؟
**چوارەم**: دیاری کردنی سنوورێک لە نێوان ئینسانی دیمۆکرات و نادیمۆکراتدا.

جگە لەوانە لە سەر زۆر بابەتی تر کە لە ڕاپورتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەدا هاتبوو، لێدوان و لێپرسینەوە کرا. چۆنێتی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و دانی لیستەی تایبەتی(لیستەی فیکس) لە لایەن د.قاسملووەوە، هەرایەکی زۆری ساز کرد و ئاخرسەریش بە هێندێک دەستکاریەوە دەنگی پێدرا. لەو لیستەدا ناوی بەشێک لە ئەندامانی

کۆمیتەی ناوەندی پێشوو نەهێنرابوو. یەکێک لە دیاردەکانی تری کۆنگرە، هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی بازرەسی بوو کە لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی هەموو ئەو دروشمانەی کە بە ناوی دێموکراسی و ئازادی دەربڕینی بیروڕا لە لایەن د.قاسملوو و لایەنگرانی دەدرا، ئەرکی پشکنین و کەندەوەکۆشی لەو کەسانەی بە ئەستۆوە گرتبوو کە لە پلەی یەکەمدا مۆری تووەدەیان بە ناوچاوانەوە درابوو یان جۆرێکیتریان بیر دەکردەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بە پێی ئەسڵە بنچینەیەکانی دێموکڕاسی چ لە ناو حیزب و چ لە ناو کومەڵدا و هەروەها بە هۆی ئەوە کە حیزبی دیمۆکرات حیزبێکی ئیدوئۆلۆژیک نەبوو، دەبوایە ڕێز لە بیر و بۆچوونی جیاواز گیرابا. ئەندامانی کۆمیسیونی بازرەسی (تەفتیش) کە لە لایەن د.قاسملوو پێشنیار کرا و کۆنگرە دەنگی بۆ دان، بریتی بوون لە یازدە کەس، کە بەداخەوە زۆربەیان ئاگادارێکی ئەوتویان لە سەر سیاسەت و ڕێبازی حیزب نەبوو جگە لەوە هیچ چەشنە چوارچێوە یان ئاییننامەیەکی کاریان، بۆ دیاری نەکرابوو، تا بەرگێڕەوەکیان ببێ و سەرەڕۆیانە کردەوەی نالەبار لە خۆ نیشان نەدەن. لە هەلومەرجی ئەوکاتەدا، بەداخەوە کۆمیسیونی ناوبراو، کە ڕاستەوخۆ لە ژێر چاوەدێری د.قاسملوو دابوو. ڕۆڵێکی نیگاتیفانە و تێکدەرانەی لە حیزبدا گێڕا و بووبە هۆی نانەوەی دووبەرەکی زیاتر لە ناو ریزەکانی حیزبدا.

پێشتر باسی ئەوە کرا کە دوای شەڕی سێ مانگە بواری ئەوە پێکهاتبوو، تا کێشەی کوردی ڕۆژهەلات بە ڕێگای ئاشتیدا چارەسەر بکرێ، کۆنگرەی چوار دەبوایە وێرای لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، جیهان، ئێران و کوردستان، ڕێبازی سیاسی داهاتووی حیزب دیاری و بڕیاری لە سەر بدا بۆ ئەو مەبەستە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی، کە لە لایەن د.قاسملوو گەڵاڵە کرابوو، خوێندرایەوە. پاش باس و وتووێژێکی زۆر بە هێندێک تێبینی و دەستکاریەوە پەسند کرا. کۆنگرە، بەگشتی لە سەر ئەوە ساغ بۆوە، کە لەمەودوا حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە چوارچێوەی درووشمی مێژوویی، دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران، وێرای پاراستنی تەواوییەتی ئەرزی ئێران، لە پێناو دیفاع و پشتیوانی لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی دژی ئەمپریالیستی ئێران بە رابەرایەتی خومەینی و هەروەها بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد بە ڕێگای ئاشتیەوە خەبات بکا. لە بەشێک لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیدا لەو پێوەندیەدا هاتووە: "ئێمە وێرای هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکانی تر لە بەرانبەر پیلانەکانی دژی شۆڕش و بەکرێگیراوەکانی ئەمپریالیزم بە تەواوی هێزمانەوە بەرگری لە شۆڕش دەکەین." (لاپەرەی ٢٠ ڕاپورتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی چوار). لە رادەی جیهانیشدا، دیفاع و پشتیوانی لەبەرەی پێشکەوتنخواز و وڵاتانی سوسیالیستی و راکێشانی سرنجی مرۆڤایەتی بۆلای مەسەلەی کورد و یارمەتی دانیان بۆ چارەسەری کێشەکەی، بووبە ڕێبازی داهاتووی حیزب. یەکێک لە باسە هەرە گرینگەکانی کۆنگرە، لە سەر دیاری کردنی دوایین ئامانجی حیزب واتە سوسیالیزم بوو.

ئەو گێرەو کێشەیەی کە لە زووەوە لە سەر بۆچوون بەرانبەر بە سوسیالیزم و هەروەها دیکتاتۆری چینی کریکار و پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی سوسیالیزم و هەڵسوکەوتی نێوان حیزبی دیمۆکراتدا ریشەی داکوتابوو، لە کۆنگرەی چواردا بوونە هەوێنی باس و لێکدوانێکی خەستوخۆڵ و لێکهەڵبەزینەوەی دوو شێوەی هەڵسەنگاندن و بۆچوون. بۆچوونی د.قاسملوو ئەوە بوو کە لەو وڵاتانەی بە ناوی سوسیالیزمی واقعەن مەوجوود ناسراون بەتایبەت لە یەکیەتی سۆڤیەت، سەرەرای کەم و کووڕی

ئابووری، له ئارادانه بوونی ئازادی تاک و کۆ، بوونەتە کۆسپی سەر ڕێگای گەشەسەندنی سوسیالیزم. هەر بۆیە ناوبراو سوسیالیزمێکی دەویست کە لە گەڵ هەلومەرجی وڵات یەک بگریتەوە و لە هەمان کاتیشدا دادپەروەرانە بێت. واتە "سوسیالیزمی دیمۆکراتیک" ناوبراو دەیگوت: "هەڵوێستی حیزب بەرانبەر بە وڵاتانی سوسیالیستی پێویستە نە دژایەتی بێ و نە پێرەوی کردنی بێ ئەملاوئەملا، بەڵکوو هەلوێستی دوستانە و رەخنەگەرانە بێ". لایەنەکەی تر کە زیاتر کاک حەمەدەمینی سیراجی قسەکەری بوو، باوەڕی بەوە بوو کە ناوەرۆکی سوسیالیزم دادەپەروەری تێدایە، کەوابوو سوسیالیزم ئەگەر دادپەروەرانە نەبێ سوسیالیزم نییە. کاک حەمەدەمین و هاوبیرەکانی ئەو چەشنە پێوەندی و دوستایەتیەی نێوان حیزبە چەپ و کومونیستەکانیان بەرەوا دەزانی. لە ئارادا بوونی یەکیتی سۆڤیەت وەک پێشەنگی دنیای سوسیالیزم و پرۆپاگەندەی چەندین ساڵەی بێ هاوتای حیزبی توودە لە سەر سوسیالیزمی زانستی و نیشاندانی بە وێنەی بەهەشتێکی خەیاڵاوی کاری کردبووە سەر مێشکی ڕووناکبیرانی چەپ لە سەراسەری ئێراندا. هەر بەو هۆیەوە ئامانجی نیهایی حیزب لە بەرنامەدا "سوسیالیزم" دیاری کرا. مەسەلەیەکی تر کە بە پێشنیاری د.قاسملوو هاتە بەر باس و لێدوان، ئەوە بوو کە ئەندامی حیزب پێویستە "سیمای دیمۆکرات"ی هەبێ. کێشانی سنوور لە نێوان دیمۆکرات و نادیمۆکراتدا، بۆ د.قاسملوو هاوبیرەکانی گرینگیەکی تایبەتی هەبوو. لە ڕوانگەی د.قاسملووەوە، دەبوایە ئەندامی حیزبی دیمۆکرات وێرای باوەری قووڵی بە دێموکراسی، شارەزایی سیاسی و زانستیشی لە رادەیەک دابێ کە فەرقی نێوان خۆی و توودەییەک بناسێ. هەوڵی د.قاسملوو بۆ گونجاندنی "سوسیالیزمی دیمۆکراتیک" لە بەرنامەی حیزبدا بۆ نیشاندانی "سیمای ئینسانی دیمۆکرات" بوو. مەبەستی د.قاسملوو لە هێنانە ئارای ئەو باسە و پێ چەقاندنی بۆ هێنانەوەی لە بەرنامە و پروگرامی ناوخۆی حیزبدا، پاکتاو کردنی توودەئیسم بوو، ئەویش لە ماوەیەکی کورتدا.

کارتێکردنێکی کە حیزبی توودە زیاتر لە سی (٣٠) ساڵ لە سەر مێشکی ڕووناکبیرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کردبوو، دوکتور بە تەما بوو بە چەند مانگێک ئاسەواری نەهێڵێ. ئاخرسەر کۆنگرە بریاریدا، کە ئەندامی حیزبی دیمۆکرات، پێویستە "سیمای دیمۆکرات"ی هەبێ. بەرنامەی کاری کۆنگرە لە سەر هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێویستی بە لێدوانی زۆر هەیە. لێرەدا بە کورتی باسی دەکەم. لە سەر شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بۆچوونی جۆراوجۆر هاتە ئاراوە. هەر لایەنێکی فکری، هەوڵی دەدا بە لای خۆیدا بیشکێنێتەوە. لە راستیشدا گرینگترین مەیدانی کێ بەرکێ بوو. چوون چارەنووسی داهاتووی حیزب و جووڵانەوە پێوەندی راستەوخۆی بە چۆنێتی تەرکیبی کۆمیتەی ناوەندیەوە بوو. د.قاسملوو لە ماوەی ساڵانی دوور و درێژی لە ناو حیزبی توودە دا ئەزموونی باشی لەو بوارەدا وەدەس هێنابوو. ئەگەر ناوبراو، لە سەر بابەتەکانی تر کە بە پێچەوانەی ویستی خۆی بریاریان لە سەردەدرا، هەوڵی داسەپاندنی نەدەدا، لە کاتی دیاریکردنی کاندید بۆ کۆمیتەی ناوەندی، ئەوپەڕی هۆش و ئەزموونی نیشان دا. زۆربەی ئەندامانی بەشدار بە هۆی کەم ئەزموونی لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەییدا، نەیانتوانی لەسەر چۆنێتی دیاری کردنی کاندید و شێوەی دەنگدان، چالاکانە بەشداری بکەن و پێش بە داسەپاندنی نەزەری تاقەکەسی بگرن. د.قاسملوو کە خەڵکی ئاموزگاری دەکرد، بۆ "تەمرینی دێموکراسی"، بۆ ئەوەی بتوانێ چارەنووسی داهاتووی حیزب بە تەواوی بە دەستەوە بگرێ، شەوی پێش هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی، لیستەیەکی ئامادە کردبوو، کە بو شوێنەوونکە، ناوی چەند ئەندامی کونی حیزب وەک

غەنی بلووریانیشی تێدابوو و لە چەندین نووسخەدا سەر لە بەیانی، پێشکردنەوەی رەسمی کۆنگرە، بە سەر ئەندامانـدا بڵاویان کردەوە و هەریەکەی پارچە کاغەزێکیشیان لە بەردەست دانان، تـا دەنگی خۆیـان بـە شێوەیەکی "دیمۆکراتیک"! بەو ناوانەی بەردەستیان بدەن! هەرچەند بەشێک لە بەشداران رەخنەی توند و نارەزایی خۆیان لەو کردەوە دەربڕی، بەڵام کاک غەنی کە خوشەویستی هەمووڵایەک بوو وەزعەکەی هێدی کردەوە و کۆنگرەی هێناوە سەر رەوتی ئاسایی.

لە ئەنجامدا، بیست و پێنج کەس وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەنـدی دیـاری کـران و چارەنووسی کوردی رۆژهەڵاتیان درایە دەست. گەرچی ئەو کۆمیتە ناوەندییەی کە بەم چەشنە دەنگی بۆ درا، ژمارەیـان لـە کۆمیتەی ناوەنـدی پێشوو زیـاتر بـوو، بەڵام لە باری چۆنێتیەوە بەرەو نزمی خزا و مەیدانی بۆ سەرەڕۆیی و دیکتاتوری تاقەکەسی زیـاتر ئاوەڵـە کـرد. بـە کـورتی بڕیـاراتی سیاسی کـۆنگرەی چـوار لـە تـەک بۆچـوون و هەڵوێـستی حیزبـی تـوودە بەرانبـەر بـە شـۆڕش و رێبەرایەتیەکـەی، هەروەها دۆستان و دوژمنانی شۆڕش هاوسەنگی تەواوی بوو. بەڵام لە بوارەکانی دەستنیشان کردن و داسەپاندنی ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی و راوێژکـار و کۆمیسیونی بـازرەسی و هـەروەها پێکهێنـانی هێنـدێک ئـالوگۆر لـە پێـرەو و بەرنامـەدا، د.قاسملوو ئامانجەکانی خۆی پێکا و سەرکەوتنی گەورەی وەدەست هێنا. سەرکەوتنێک کە لە داهاتوودا، رێگـای بـۆ بەربەست کردنی هەر چەشنە بەرهەڵستکارێک دژی هەڵوێستەکانی دوکتور و هەروەها پەسند کردنی "کورتەباسێک لە سەر سوسیالیزم" و ئاخرسەر وەلانانی "توودەئیسیم" خۆش کرد و حیزبی دیمۆکراتی لە ژێر نفووزی حیزبـی تـوودە دەرهێنـا و پـاڵی وەپـاڵی حیزبـە سوسیـال دیمۆکراتـەکانی ئوروپـای غـەربی دا و دەرگـای بـەرەو ئەنترناسیونالی سوسیالیست کردەوە. بە پێچەوانـەی راگەیەنـدراوەکانی ئـەوکاتی حیـزب، پێکهـاتن و کۆتـایی کـاری کـۆنگرە، نـەریزەکانی حیزبـی پتـەو کـرد و نـە دەسکەوتی مێژوویی بە دواوە بوو. بەڵکوو بوو بەهۆی سەرەتای لێکدابران و زاڵبوونی دیکتاتۆری بە سەر حیزبدا. بەرێوەبەرایەتێک کە لە کۆنگرەی چواردا لە دایک بوو، توانایی و لێهـاتوویی ئـەوەی نـەبوو تـا بـە شێلگیری و نەترسـانە لـە پێنـاو داب‌ینکردنی بڕیـاراتی کـۆنگرەی چواردا هـەنگاو بـاوێژێ. هێڵی فکری و کردەوەکـانی زۆربـەی ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەنـدەی، بـە دوای رێوشوێنێکی تـر، غەیری رێوشوێنی پەسندکراوی کۆنگرەدا رۆیشت. ئاڵۆزی و پەشێوێکی کە لـە ئاکـامی کۆنگرەدا کەوتـە نـاو رێزەکانی حیزبەوە چ جاران مێژووی حیـزب رەنگـە بـە خۆیـەوە نـەدیتبێ. نـاکۆکی فکـری و سیاسـی نێـوان ئەنـدامانی حیـزب، شەڕی دەسەڵات لە نێوان کومەڵە و حیزبدا، شەڕفروشی و ئاژاوە نانەوەی دەسەڵاتدارانی شوو‌ینیست و بەرچاوتەنگ و ویشکە مەزهـەبی ئێـران لـە کوردسـتان و گـوێ نـەدان بـە داخوازییـەکانی گـەلی کـورد، خوتێخزانـدنی کۆنـە سـاواکی و ئەفسـەرە ڕاکردووکـانی سـەر بـە رژیمـی پێشوو و هـەروەها پیلانگێرانـی رژیمـی بەعسـی فاشیسـتی عێـراق لـە سـەر حیسـابی کـورد و... ئاسوی چارەنووسی سیاسی کوردی رۆژهەڵاتیان تـاریک کردبوو. لە هەلومەرجێکی ئەوتودا، بەرێوەبەرایەتی حیـزب لـە جیـاتی پتەوکردنی ریزەکانی حیزب و دارشتنی سیاسەتێکی گونجاو لە تەک دروشمەکان و بڕیاراتی کۆنگرەدا، کات و دەرفـەتی خـۆی بـۆ زەخت خستنە سـەر لایـەنگرانی سیاسـەتی حیزبـی تـوودە و کەسـانی سـەربەخۆ و وەلانانیـان لـە حیـزب تـەرخان دەکرد. بەداخەوە هەر کەسێک گویرایەڵی سیاسەت و کردەوەکانی ئەوان نەبووایە، بـە نـاوی لاڕێ و تـوودەیی دەکەوتـە بـەر تـەوژمی بوختان و تەریکیان دەخستەوە. یەکێک لە رێکخراوە هەرە بەهێز و بە دیسیپلینەکانی حیـزب لـەو سـەروبەندەدا، تەشکیلاتی مەهاباد بوو، کە راستەوخۆ لە ژێر چاوەدێری و بەرپرسایەتی کاک کەریمی حیسامی و بە هاوکاری رێکخراوی لاوانی حیزبی

دیموکراتی کوردستانی ئێران، کاروباری سیاسی و ریکخراوەیی و کۆمەڵایەتی شاری مەهابادی رادەپەراند. دوای کۆنگرەی چوار ئاگری دژایەتی لە گەڵ توودەیەکان و لایەنگرانی هەر دەهات خۆشتر دەبوو، هێرش بردنە سەر دەفتەری حیزبی توودە و ئاورتێبەردانی، ڕاونان و گرتن و لێدان و بێ حورمەتی پێکردنیان، ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر پەرەی دەستاند. تەشکیلاتی مەهاباد، دژی ئەو کردەوانە بوو. یەک دوو جاریش بەیانیەی لەسەر ئەو تاقم و کەسانە دەرکرد کە دەبنە هۆی ئاژاوە نانەوە و هێمنایەتی شار تێکدەدەن. کۆمیتەی ناوەندی کە خۆی بە پێشەنگی دێمۆکراسی خوازی دەزانی، لە جیاتی پشتیوانی کردن لە تەشکیلاتی مەهاباد، کۆسپی دەخستە سەر ڕێ و بە یارمەتی کۆمیسیونی بازرەسی، دادگایان بۆ ئەندامانی ڕێکخراوی شار و ڕێکخراوی لاوان پێکدێنا و وەبەر کەندەوەکۆشی و پشکنینیان دەدان. لە ئەنجامدا، بەرەبەرە مەیدانی هەڵسووڕان و تێکۆشانی تەشکیلاتی مەهاباد بەرتەسک کراوە و ئاخرسەر بەرپرسی تەشکیلاتیان وەلانا و ئەندامێکی دەستکردی کۆمیتەی ناوەندیان جێنشین کرد کە بە هۆی نەزانی و لە رووی ئیحساساتەوە، دەستی لە زۆر کاری ناڕەوا و نابەجێدا. ڕێکخراوی لاوانی ح.د.ک.ا یش، لە باری کارامەیی و چالاکی نواندن لە ناو حیزبدا نموونە بوو. ئەو ڕێکخراوەیە بە کۆکردنەوەی زۆربەی لاوانی شۆڕشگێڕ و لێهاتوو لە دەوری خۆی ڕۆڵێکی گرینگی لە بواری بردنە پێشی سیاسەتی حیزبدا گێڕا. ڕێکخراوی ناوبراو بە تاوانی ڕەخنە گرتن لە بەشێک لە سیاسەتی کۆمیتەی ناوەندی و دانی دروشمی دژی بەعس و نزیکایەتی لە سیاسەتی حیزبی توودە، کەوتە بەر هێرش و ڕەخنەی توندی کۆمیتەی ناوەندی و ئاخرسەر بەڕێوەبەرایەتیەکەیان وەلانا و ناوەکەشیان گۆڕی و کردیانە "یەکیەتی لاوانی حیزبی دیمۆکرات". کاک کەریمی حیسامی لەو پێوەندیەدا دەڵێ: "ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیمۆکرات، چالاکترین و بەکارترین تەشکیلات و ڕێکخراوی حیزب بوو، کاری چاپەمەنی و نووسینی شوعار و سازکردنی مێتینگ و کاری تەبلیغاتی لە ئەستۆی ئەو ڕێکخراوەیە بوو. دوای کۆنگرەی چوار کونەپەرستی نێو حیزب بۆ تێکدانی ئەو ڕێکخراوە، کەوتە خۆ. بیانوویان ئەوە بوو گویا سەر بە توودەن."
(بیرەوەریەکان، بەرگی ٧ ل ٦٥.)

ئەوانە دوو نموونەی بچووک لە کار و کردەوەکانی لایەنگرانی دیموکراسی دژی ئەو کەسانە بوو کە بە گوێرەی یاسا و ڕیساکانی ئەوان نەدەجووڵانەوە. لایەنێکی دیکەی بارودۆخەکە، پێوەندی بە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی حاکم و هێزەکانی لایەنگری، وەک حیزبی توودە، چۆنێتی چوونە پێشی ڕەوتی وتووێژەکان لە سەر کوردستان بوو. مەسەلەی کوردستان، ببووە ناوەندی گێرەوکیشەی چەند لایەنی بەهێزی دژ بە یەک، لە ناو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئۆپوزیسێون و لایەنگرانی شۆڕشدا. هەرکام لەو دەستە و تاقمانە، تێدەکۆشان، لەو دۆخە ئاڵۆزە و لە داخوازییەکانی گەلی کورد، بۆ بەرژەوەندی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیان کەڵک وەرگرن. رژیمی بەعسی عێراقیش، بەشێک لە هەوڵەکانی ئەوە بوو کە لە جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەلات، دژی رژیمی ئێران کەڵک وەرگرێ و کورد بکاتە پردەبازی گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی. حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتاوە ریزە هەنگاوێکی بەرپرسانەی سەبارەت بە چارەنووسی خەڵک لە مەڕ درێژەدان بە وتووێژ و دۆزینەوەی ریگاچارەیەکی ئاشتیانە بۆ کیشەی کورد هاویشت. بەڵام نە هیزەکانی وەک کۆمەڵە و چریکی فیدایی و نە دەسەڵاتدارانی تاران، ملیان بۆ وتووێژێکی راستەقینە و بێ گرێ و گۆڵ رانەکێشا. کۆمیتەی ناوەندی لە یەکەم پلۆنۆمی دوای کۆنگرەدا، هەیئەتێکی چەند کەسی بە سەرۆکایەتی کاک غەنی بلووریان، بە مەبەستی وتووێژ لە گەڵ

کاربەدەستانی دەوڵەت ڕەوانەی تاران کرد تا لە تەک "بەنی سەدر" سەرکۆماری کاتی، بە سەرئەنجامێک بگەن. هەیئەتی ناوبراو، بە بێ هیچ چەشنە دەسکەوتێک گەڕاوە. هەر لەو فەترەیەدا، بە ڕێگای "داریوشی فروهەر"ەوە، گەلاڵەیەکی چەند مادەیی، بە ناوی گەلاڵەی "خودگەردانی" کە شەقڵی حیزبی توودەی پێوە دیار بوو، ئاراستەی نوێنەرانی گەلی کورد و بەتایبەتی حیزبی دیمۆکرات وەک قسەکەری "هەیئەتی نوینەرایەتی گەلی کورد" لە گەڵ دەوڵەتدا کرا. گەلاڵەی خودگەردانی لە ناوەرۆکدا جیاوازیەکی ئەو توی لەگەڵ گەلاڵەی شەش ماددەیی حیزبی دیمۆکرات بۆ خودموختاری نەبوو. د.قاسملوو لە مێتینگی گەورەی شاری مەهاباد دا، ناوی گەلاڵەی خودگەردانی نا "سەرگەردانی" و ئاوێکی ساردی بە سەر داڕێژەرانی گەلاڵەکەدا کرد و کوتی: "گەلی کورد خودموختاری دەوێ نەک سەرگەردانی". هەر لەو مێتینگەدا ناوبراو باسی دوستایەتی کورد و یەکێتی سوڤێتی کرد و کوتی: "ئێمە یەکێتی سوڤێت بە دۆستی هەرە گەورەی خۆمان دەزانین". ئەگەر کاربەدەستانی تاران و لە سەروی هەموانەوە شەخسی خومەینی وەک ڕێبەری سیاسی و مەزهەبی قسە و کردەوەیان یەک با و ئامانجیان فریودان و دژایەتی لە گەڵ کورد نەبوایە،بە دان پێداهێنان بە خودموختاری و پەسند کردنی گەلاڵەی شەش ماددەیی حیزبی دیمۆکرات، دەیان توانی بەر بە ماڵوێرانی و کوشت و کوشتار لە کوردستان بگرن.

بەڵام بەرچاوتەنگی و ڕەگەز پەرستی نەتەوەی فەرمانڕەوا، مەیدانی بۆ بە کافر زانین و دانی حوکمی جیهاد بۆ وەڕێخستنی لافاوی خوێن خۆش کرد. بەنی سەدری بە ناو لیبراڵی سەرکۆمار و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێران بە دوای ئەوەدا، داوای چەک دانانی لە هێزە سیاسیە چەکدارەکانی کورد کرد، فەرمانی بە ئەرتەش و سپای پاسداران دا کە "هەتا لە ناو بردنی ئاخر سەربزێوی (شورشی) کورد پوتینەکانیان دەرنەهێنن." بە دوای ئەوەدا کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە وەڵامی بەنی سەدردا ڕایگەیاند "پێش ئەوەی خودموختاری کوردستان بە ڕەسمی بناسرێ و ئینتزاماتی ناوخۆ بدرێتە دەست پێشمەرگە (پولیس و ژاندارمەی خۆوڵاتی) بە هیچ جۆر ناچێتە ژێر باری چەکدانان." لە کاتێکدا کە شەڕێکی هەمە لایەنە بە سەر کوردستاندا سەپێندرابوو و ئەرتەش و سپای پاسدارانی خومەینی بێبەزەییانە خەڵکیان وەبەر گوللە دەدا، بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە لە چوارچێوەی سیاسەتی پشتیوانی لە خەتی ئیمام و هەڵڕشتنی فرمێسکی بە درۆ بۆ گەلی کورد خەریکی داڕشتنی بەرنامە بە مەبەستی شەق کردنی حدکا و نانەوەی دووبەرەکی لە ناو جووڵانەوەی کورد بوون. بۆ ئەو مەبەستە حیزبی توودە لە وتارێکدا لە نامەی مەردوم، ئورگانی کۆمیتەی ناوەندیدا، حیزبی دیمۆکراتی بە سێ دەستە و لایەن دابەشکرد: یەکەم: عەناسوری موخەڕیب. دووهەم: عەناسوری ناسیونالیستی تەنگ نەزەر. سێهەم: عەناسوری سادق و ئاگا. پاشانیش لە درێژەی هەمان سیاسەتدا، بە بڵاو کردنەوەی هێندێک خەبەری بێ بەڵگە و پشتیوانە لە سەر سکرتێری حیزب، د.قاسملوو لە مەڕ وەرگرتنی ٩ میلیون دولار یارمەتی لە ناتۆ کۆتایی بە مێژووی پێوەندی نێوان هەر دوو حیزب هێنا.

---------------------------------------------------

# بەرەو دابڕان

هەرچی سیاسەتی گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە بڕیارە پەسندکراوەکانی کۆنگرەی چوار دوور دەکەوتەوە، لایەنگرانی کۆنگرە، زیاتر پێیان لە سەر بەڕێوەبردنی دادەگرت.

کێشەکەش لەوەدا خۆی دەنواند کە لایەنێک بە پێڕەوی کردن لە سیاسەتی گشتی حیزبی تووده، داکۆکی و پشتیوانی لە شۆڕشی دژی ئەمپریالیستی ئێران بە ڕێبەری خومەینی، بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانی و چارەنووسی کێشەی کوردی ڕۆژهەلاتی گرێ دابوو بە خاشەبڕکردنی ئاسەواری دەسەڵاتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەمپریالیزم و سەقامگیر بوونی دەوڵەتێکی میللی، دیموکراتیک کە لەسایەی ئەودا، ئازادیە کۆمەڵایەتیەکان و یەک لەوان خودموختاری ئیداری و فەرهەنگی لە چوارچێوەی تەواوییەتی ئەرزی ئێراندا مسۆگەر بکرێ.

بە پێی بۆچوون و هەڵسەنگاندنی ئەو لایەنە، کەسێک خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەبوو، کە توانای خۆی لە پێناو پشتیوانی لە خەتی ئیمام و دژی ئەمپریالیزم تەرخان کردبا. لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونەدا، تێکڕای ئەو هێزو کەسانەی کە بەهەر هۆیەک بە پێچەوانەی ئەو ڕێبازە جووڵابانەوە، دەکەوتنە کادری «دژی شۆڕش» و خزمەتگوزاری ئەمپریالیزم. لایەنەکەی تر کە لە ئەساسدا، د.قاسملوو بەڕێوەبەر و داڕێژەری بەرنامەو ڕێبازەکەی بوو، مەسەلەی پشتیوانی کردن لە شۆڕش و بەڕێوەبەرایەتیەکەی، بەستبۆوە بە چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی گەڵاڵەی پێشنیارکراوی خودموختاری و ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی لە لایەن کاربەدەستانی تارانەوە. جگە لەوە کۆمەڵێک ناتەبایی و کێشەی فکری تر کە لە کۆنەوە لەسەریەک کەڵەکە کرابوو و ژیانێکی هێمنانەی نێو حیزبی بۆ هەردوولا دژوار کردبوو. بەو چەشنە بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەت و بۆچوونی دژ بەیەکی هەر دوو باڵی حیزب، پرۆسەی دوور کەوتنەوە لێکتر، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەی دەستاند. سەرباری ئەوەش، بارودۆخی ئێران لەو پەڕی ئاڵۆزی و پەشێوی سیاسی و ئابووری دابوو. لەناوەندی دەسەڵات، لە تاران، ناڕەزایی و خۆپێشاندانی خوێندکارانی زانستگاکان و ڕووناکبیرانی سەر بە دەستەو تاقم و حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان، لە پەرەگرتن دابوو. مەودا و مەیدانی ئازادیە دیمۆکراتیکەکان، لە لایەن مەزهەبیە ویشکەڕۆیەکان و لایەنگرانی خەتی ئیمام بەرە بەرە وەبەر هێرش دەدران و بەرتەسک دەکرانەوە. بە کردەوە دەوڵەت هیچ چەشنە دەسەڵاتێکی نەمابوو. بەنی سەدر و دۆست و پێوەندەکانی و هەروەها ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران و... کەوتبوونە بەر هێرش و پەلاماری تەبلیغاتی ئیمام و خەتەکەی. لە هەمانکاتدا کوردستان کەوتبووە بەر دەستدرێژ و هێرشی نیزامی ئەرتەش و سوپای پاسداران و شارو و گوندەکانی خاپوور و خەڵکی بێتاوانیش وەبەر گوللە دەدران.

لە دەرەوەی ئێران ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، بە مەبەستی هێنانە سەرکاری ئاڵترناتیوی خۆیان، خەریکی بەرنامە و پلان داڕشتن بوون، کە یەک لەوان وەخۆخستن و هاندانی رژیمی عێراق بۆ هێرش کردن بۆ سەر خاکی ئێران بوو.

لەو کاتەدا کێشەی دوو رەوتی فکری لە ناو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندا، لە سەر چۆنێتی گرتنەپێشی سیاسەت و هەڵوێستێکی رێکخەرانە و بەرپرسانە بە پێی هەلومەرج، گەیشتبووە رادەی پێکهەڵپرژاندنی تەبلیغاتی توونd و تیژ. لە روانگەی لایەنگرانی حیزبی توودەوە، جناحی د.قاسملوو، کەوتبووە بەرەی دژی شۆڕشەوە و هەروەها بڵاوکراوەکانی حیزبی توودەش بە ئاشکرا دژی دەوەستان و پروپاگەندەیان دەکرد. لە لایەکی تر د.قاسملوو بە یارمەتی چەندکەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە کەڵک وەرگرتن لە بارودۆخی زاڵ بەسەر کوردستاندا، لە پێناو گەیشتن بەو بەرنامەو پلانەی کە لە مێشکی دا دایڕشتبوو، بڕیار و پەسندکراوەکانی کۆنگرەی چواری وەلانا و تاکتیکی خەباتی چەکداری جێنشینی وتووێژ و کاری سیاسی کرد. لە هەمانکاتیشدا بواری بۆ هەڵگرتنی دروشمی رووخانی رژیم خۆش دەکرد. (دیارە هەروەک لە چەند جێ ئاماژەم پێکردووە، رژیم ئامادە نەبوو دان بە خودموختاری دا بێنێ.) بەم شێوە، لە سەرەتای مانگی خەرمانانی 1359ی هەتاویدا، کۆمیتەی ناوەندی لە تۆی بەیانێکدا، رایگەیاند: "بۆ ئەوەی جارێکیتر دەوڵەت بکێشینەسەر مێزی ووتووێژ، دەبێ بە هەموو تواناوە بەرامبەر بە هێزەکانی مقاومەت بکەین و شەڕێکی درێژخایەنی پارتیزانی لە گەڵ بکەین." گرتنەپێشی هەڵوێستێکی ئەوتۆ کە پێوەندی بە چارەنووسی نەک هەر حیزب، بەڵکوو سەرجەمی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بوو، ئەوەندەی دێنا تا بە شێوەیەکی بەر بڵاو و هەمە لایەنە باری باش و خەراپی لێکبدرێتەوە و لە کۆنگرە، کونفرانس، یان لانی کەم کوبوونەوەیەکی بەرینی حیزبی دا، بدرایە بەر باس و لێکۆلینەوە و ئینجا بڕیاری پێویستی لە سەر درابا. بەلام بە داخەوە نەک مەجال و دەرفەتی ئەمە پێک نەهێنرا، بەڵکوو بە پەلە وبە بێ وورد بوونەوە لە ئەنجام و ئاکامەکانی و هەروەها، بێ شارەزابوون لە ئوسوول و تاکتیکی شەڕی پارتیزانی، ئامادەیی بۆ شەڕێکی درێژ خایەنی پارتیزانی راگەیەندرا. هەر لەو سەر و بەندەدا (پاش ئەوەی سەرە چەرمەکە ئاو بردبووی) پلێنۆمی دووهەمی حیزب لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٥٩ لە گوندی «برایمە«ی سەر بە ناوچەی مەنگوڕان، بەسترا. ئەو کوبوونەوەیە لە باری سیاسی و رێکخراوەییەوە، گرینگی و تایبەتمەندی خۆی هەبوو.

لە پلۆنۆمدا، باس و وتووێژ لەسەر پێشێلکردنی بڕیاراتی کۆنگرەی چوار و هەروەها پێش مەرجەکانی رژیمی بەعس لەمەڕ شێوەی هاوکاری و دانی یارمەتی بە حیزب، دێتە گۆڕێ و پاش کێشە و هەرایەکی زۆر، بە زۆربەی دەنگ پەسند دەکرێ. گەرچی تا ئیستا حیزبی دیمۆکرات راستەوخۆ لە بڵاوکراوە و بەڵگەنامەکانیدا، بە وردی باسی کار و ئەنجامەکانی ئەو کوبوونەوەیەی نەکردووە، بەلام چەند کەس لە بەرپرسان و بەشدارانی پلۆنۆم هەرکام لە روانگەی خۆیانەوە ئاوڕێکیان لێداوەتەوە. کاک «غەنی بلوریان» کە خۆی ئەندامی دەفتەری سیاسی و یەکێک لەلایەنە هەرە گرینگەکانی کێشەکە بووە، لەبیرەوەریەکانیدا، ئاماژە بە حەوت خاڵی پێشنیارکراوی بەعس دەکا و ئەوەی بە یەکێک لە هۆ گرینگەکانی جیابوونەوەی لە حیزب دەژمێرێ. گەرچی چوونە ژێرباری ئەو مەرجانە خۆی لە خۆیدا نووختەیەکی لاواز لە ژیانی سیاسی حیزبی

دیمۆکراتدا بوو، بەڵام ئەزموونی دەیان ساڵەی جووڵانەوەی کورد پیشانی داوە کە، کاتێک هێزێکی کوردی لە هەر پارچەیەک دژی دەسەڵاتی ناوەندی چەک هەڵدەگرێ، ناچار دەبێ پەنا بۆ دژمنەکەی تر بەرێ. کورد خووی بە وە گرتووە و وازیشی لێ ناهینێ. حیزبی دیمۆکراتیش کاتێک بە ئاشکرا «شەڕی درێژخایەنی پارتیزانی» دژی ڕژیم رادەگەیەنێ، بۆ درێژەدانی شەڕ دەبێ پشت بە لایەنێک ببەستێ.

بڕیار و ئەنجامەکانی کاری پلۆنۆم، وەک هێندێک کەس پێیان وایە، نابێ تەنیا لە چواچێوەی گێرەو کێشەی دوولایەنی جیاوازی فکری و ئاڵۆزی و پەشێوی باری سیاسی وئابووری ئێران و مل ڕانەکێشانی ڕژیم بۆ داخوازییەکانی گەلی کورد لێکبدرێتەوە، بەڵکوو سیاسەت و هەڵوێستی دنیای دەرەوە بەتایبەتی ئەمریکا و ئورووپای ڕۆژئاوا، بەرامبەر بە ئێران و ئەو حیساباتەی کە بۆ ئۆپوزیسیونی ئێرانی (کوردیش یەک لە وان) بۆکوتایی هێنان بە دەسەڵاتی مەلاکان لە ئارادابوو، بەشێک لە بەڕێوەبەرایەتی حیزبی هێنابووە سەر ئەو باوەڕە، تا بەپشت بەستن بە هێزو ئیمکاناتی ناوەوە وەک (موجاهیدین و پاشانیش بەنی سەدر و...) و پشتیوانی دەرەوە(عێراق،فەرانسە و...) دەس لە «خەباتێکی درێژ خایەنی پارتیزانی» بدات.

بە هەر حاڵ پلۆنۆمی برایمە نە هۆی دابڕان، بەڵکوو سەرەتایەک بوو بەرەو شەق کردن و لە بەریەک هەڵوەشاندنی بەرەی یەکگرتووی کوردی ڕۆژهەلات کە لەئەساسدا لە سیمای حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندا خۆی دەنواند. دوای کۆتایی هاتنی پلۆنۆمی «برایمە» حیزبی دیمۆکرات تووشی قەیرانێکی هەمە لایەنەی سیاسی و تەشکیلاتی هات. هەردوو ڕێبازی فکری بە کردەوە کەوتنە جموجوڵ و هەوڵدان بو ڕاکێشانی کادر و ئەندامانی حیزب بۆلای خۆیان. جناحی د.قاسملوو بە هاوکاری کۆمیسیونی بازرەسی (تەفتیش) دەستی بە زەخت خستنە سەر و دادگایی و پاکتاو کردنی لایەنگرانی کۆنگرەی چوار کرد. زۆربەی ئەو کەسانەی گومانیان لێدەکرا لە بەرپرسیایەتی ڕێکخراوەکانی حیزبی وەلانران. ریکخراوی لاوان هەلوەشێندرا و یەکیەتی لاوانی لە جێ داندرا. لایەنگرانی کۆنگرەی چواریش، بە ڕێنوێنی وئامۆژگاری حیزبی توودە، لە پێناو بەرفراوان کردنی بەرەی خۆیاندا کارو کردەوەکانی ئەولایان لە بڵاوکراوەکانی حیزبی توودەدا لە قاودەدا. لەو فەترەیەدا بازاری بووختان و تومەت هەڵبەستن بۆ یەکتر بە بێ سرنجدان بە هەلومەرجی کوردستان و تەنیا لە بۆ بەرژەوەندی تەسکی ئیدوئولوژی و حیزبایەتی لە برەو دابوو. ئەگەر د.قاسملوو و لایەنگرانی بە مەتمانە کردن بە وادەو بەڵێنیەکانی ولاتانی ئورووپایی و دروشمە بێ ناوەرۆکەکانی لیبرالەکان و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک و... بە ورە و هەڵویستێکی سیاسی ئەوتۆ ڕاکێش کران، لایەنگرانی سیاسەتی حیزبی توودەی ناو حیزبی دیموکرات، بە پشت بەستن بە یەکیەتی سۆڤیەت و حیزبی توودە، چارەنووسی سیاسیان لە ژێرپێی ئیمام و خەتەکەی دا بێ هیچ چەشنە دەستکەوتێک قوربانی کرد.

---------------------------

# لێكدابڕان

برینی ناكۆكی و ناتەبایی رۆژبە رۆژ زیاتر تەشەنەی دەستاند. تا رادەیەک کە لایەنگرانی هەردوولا لە شەقامەکانی شار یەکتریان وەبەر لێدان و کوتان دەدا. جگە لەو کەسانەی کە بە تەواوی رێبازی فکری و سیاسی حیزبی توودەیان قەبوول کردبوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسانی کۆمیتەی نیزامی وەک (مەلارەسوولی پێشنماز، مەلا سمایلی حاجی، سەرگورد عەباسی، رەحمانی کەریمی) و کومەڵێک لە کادر و پیشمەرگەکانی حیزب، لە دوو رێیانی لایەنگری هەرکام لە هێڵەکانی فکری حیزبدا، خولیان دەخواردەوە و نەیاندەزانی بەرەو کام لا هەنگاو باوێژن. لەوانە چەند کەسێکیش، لە پێناو ئاشتکردنەوە و یەکگرتنەوەی هەردوو لایەندا ناوبژیکەریان دەکرد.

ئەگەر سەرجەمی ئەوکەسانەی کە لە دوو رێیانەدا گیریان کردبوو، لە کاتی راگەیاندنی «دابڕان»دا، رەگەڵ کەوتبان، ئەوا لە روانگەی «ماموستا عەبدوڵڵەی حەسەنزادە«وە نیو بەشی کوردستانی ژێردەستی ئێران جاشاوی دەبوو.

کاک غەنی بلوریان کە بە هۆی رابردووی ساڵانی دوور ودرێژی زیندان وەک قارەمانێک پێشوازی لێکرابوو و لەو کاتەدا دەورێکی بەرچاوی لە ناو کومەڵ و حیزبدا دەگێڕا، کوبوونەوەکانی بەڕێوەبەری تەحریم کردبوو. راسپاردەکانی حیزبی توودە لە هاتووچوی مەهاباد و تاراندا بوون و بە پێوەندی گرتن لە تەک ناڕازیەکان بەرە بەرە بواری لێکدابڕانیان خۆش دەکرد.

ئاخرسەر لە ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی ٧ کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەلبژێردراوی کۆنگرەی چوار کە بریتی بوون لە:

١- غەنی بلوریان.
٢- ماموستا هێمن.
٣- رەحیمی سەیفی قازی.
٤- فەوزییەی قازی.
٥- فارووقی کەیخوسرەوی.
٦- ئەحمەدی عەزیزی.
٧- نەویدی موعینی.

لە توێی بەیانیەیەکی چەند لاپەڕەییدا، ویڕای شێکردنەوە و پێداچوونەوە بە هۆیەکانی ناتابەیی نێوان دوو باڵی حیزب، دابڕانی خۆیان لە جناحی د.قاسملوو ڕاگەیاند و بە ناوی حدکا. ئێران (پێڕەوانی کۆنگرەی چوار) دەستیان بە کار کرد. ڕاگەیاندراوەکە بە ناوی «بۆچوون و هەڵوێستی بەشێک لە کادری بەڕێوەبەرایەتی حدکا سەبارەت بە وەزعی ئێستای وڵات، شۆرشی ئێران و مەسەلەی کوردستان» ناودێر کرابوو، لایەنەکەی تری بەناوی «باندی قاسملوو» لە قەڵەم دابوو، کە سەر بە سوسیال دێموکراسی ئورووپای غەربییە و لە تەک ئاڵوگۆڕە شورشگێریەکانی دنیای ئێستا دژایەتی دەکا و ناوەرۆک و مێشکی ڕفورمیستی هەیە و هەروەها ناسیونالیسمی کوێر و بەرچاوتەنگ لەو بۆچوونەدا ڕۆڵیکی بەرچاو دەگێرێ. کە وابوو هەوڵی د.قاسملوو بۆ گونجاندنی «سوسیالیزمی دیموکراتیک» لە بەرنامەی حیزبدا، ڕەنگدانەوەی بەشێک لەو بۆچوونە ڕفورمیستیانەیە و ..

ئەوە کاکڵەی ڕوانگەو بۆچوونی دابڕاوەکان بەرانبەر بە لاباڵەکەی تر بوو، کە هیچ چەشنە جیاوازێکی تەنانەت وشەیی لە تەک بۆچوونی حیزبی توودەدا نەبوو. بە دوای ئەو ڕاگەیاندراوەدا، حیزبی توودە لەلاپەرەی یەکەمی ڕۆژنامەی (مردم) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی، بە خەتی درشت پێشوازی لەو هەڵوێستە کرد و بە هەنگاوێکی مێژوویی قەبڵاند.

بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە خۆیان لە تاران دانیشتبوون و بێئاگا لە هەلومەرجی تایبەتی کوردستان و باری پسیکۆلۆژی خەڵک و کردەوەکانی چەکدارە شووینیست و بەرچاوتەنگەکانی حکوومەت و قین و تووڕەیی خەڵک لەوان، نووسخەی سیاسیان بۆ کوردستان دەپێچاوە و ڕێوشوێنی شەڕی براکوژیان خۆش دەکرد. بەڕێوەبەران و کادر و ئەندامانی پێرەوانی کۆنگرەی چواریش بە بێ ئەوەی ئاکامەکانی جیابوونەوەیان، لێک بدەنەوە، وەها کەوتنە ناو گێژاوەی خەباتی چینایەتی و دژی ئەمپریالیستی، کە خەباتی نەتەوایەتی لە ئاستیدا ڕەنگ و ڕووی لە دەست دابوو.

بەم شێوە ئەو کەسانەی کە تا دوێنی لە سەنگەرێکدا لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانیان، تێدەکوشان و زیندانی و دەربەدەری و قوربانیان دەدا، لەمەو دوا لە دوو سەنگەری جیاواز بەڵام لە پێناو هەمان ئامانجدا، شیر و تیریان لێک دەسوو.

دیارە سیاسەت و هەڵوێستی (پێرەوانی کۆنگرەی چوار) بەرانبەر بە حیزبی دیموکرات توند و تیژ و دوژمنکاریانە بوو و زیانێکی گەورەشی لە جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەلات دا،بەلام هەرچێک بێ، دیاردەیەک بوو کە مێژووی خودی جووڵانەوەکە لە ناخی خۆیدا پەروەردەی کردبوو و هیچ چەشنە ناتەبایەکی لە تەک دروشمە مێژوویی و ستراتیژیەکانی حیزب و جووڵانەوەکەدا نەبوو. جیاوازیەکە لە ئەساسدا لەوەدا خۆی دەنواند کە هەرکام لەو دوولایەنە بە دوو ڕێگا و کەرەسەی جیاوازەوە بە تەمای گەیشتن بە ئامانجەکانیان بوون. بەڵام پاشکەوتوویی ئابووری و کومەڵایەتی، هەتلە بوونی ڕێگا و تینەگەیشتوویی و شەڕی دەسەڵات ودەست تێوەردانی نەیاران و... تا ئێستا زۆر جار لە کوردستان تراژدی خوڵقاندووە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ژێر رابەری د.قاسملوودا، کە خاوەنی چەک و چوڵ و ئیمکانات و هێزێکی ئینسانی زۆر بوو و هەروەها خۆی بە پێشەنگی دیموکراسی خوازی دەزانی، هەڵویستێکی یەگجار توونـد و ناسیاسیانەی بەرانبەر بە «دابڕاوەکان» لە حیزب گرتە پێش و بە قسەو نووسین و کردەوە تـاوانی «جاش» و «خۆفروش» و «خەیانەتکار» یان بۆ هەڵبەستن. مێژووی فەرهەنگی سیاسی حیزب و ریکخراوە سیاسیەکانی کوردستان لەو ووشانە ئاخنراوە. بڵاوکراوەکانی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات لەمەر «تاقمی ٧ کەسی»وە دەستی زۆر کەسی هەڵپەرست و نەزانی بۆ خولقاندنی تاوان ئازاد کرد. دوو کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (ماموستا هێمن و فاروقی کەیخسرەوی) و هەروەها ژمارەیەک لە کادر و ئەندامانی پێرەو لە لایەن بەرپرسانی حیزبەوە گیران و رەوانەی زیندان کران. جەعفەر و عەلی کەڕووبی دوو برای پێشمەرگە و دڵسۆز بە حیزب و گەل بە بێ تاوان تێرۆر کران. هەر لەو سەروبەندەدا چەندین کەسیش لە لایەن بەکرێگیراوانی رژیم لە مەهاباد و شارەکانی تر گیران و یەک لەوان بە ناوی (سەید رەحیمی نادر ئەحمەدی) کە لاوێکی یەگجار بەوەج و تێکۆشەر بوو، بە بێ سێ و دوو لێ کردن گوللەباران کرا.

هەڵوێستی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەرانبەر بە پێرەوانی کۆنگرەی چوار دوور لە هەر چەشنە ئوسوول و پرنسیپی حیزبی بوو. ئەوان لە بری ئەوەێکە دیاردەی دابڕان (ئینشعاب) و هۆیەکانی کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بەناکۆکی و ململانی نێو کۆمەڵگاو حیزب و هەروەها بەرهەمی دوو روانگەی جیاوازبوو، بە شێوەیەکی زانستیانە و سیاسیانە و واقعبینانە لێک بدەنەوە و ئەندامانی حیزب و جەماوەری خەڵکیش لە چونێتی رووی ڕاستی ڕووداوەکان ئاگادار کەن، بە کەڵک وەرگرتن لە بارودۆخی کوردستان و ڤین و تووڕەیی خەڵک لە سەرەڕۆیی و دیکتاتوری مەزهەبیە ویشکەرۆیەکان، بە بێ ئەوەی وەڕووی خۆیان بێنن کە زۆربەی قەرار و بڕیارەکانی کۆنگرەی چواریان لە ژێر پێ ناوە، هەموو تاوانی ناکۆکی و دووبەرەکی و سەرئەنجام دابڕان لە حیزبیان خستە سەرملی ئەو بەشەی کە بەناوی پێرەوانی کۆنگرەی چوار لە بەشەکەی تر جیا بوونەوە. لەو پێوەندییەدا بەکارهێنانی وشەگەلی «جاش» و «خائین» دەرحەق بە پێرەوانی کۆنگرەی چوار کە تەنیا بە هۆی ناکۆکی بیروڕا و شێوەی بۆچوونی جیاواز بەرانبەر بە چەمکە کۆمەڵایەتی، سیاسی وئابووریەکان و لەو پێوەندییەدا چونێتی لێکدانەوەیان لە سەر شۆڕشی گەلانی ئێران و بەرێوەبەرایەتێکەی، لە حیزب جیابوونەوە و پاشانیش رێگای سیاسەتێکی ئاشتیانەیان بۆچارەسەری مەسەلەی کورد گرتەپێش، زۆر ناڕەوا و نابەجێ بوو... لە ناو کوردا، جاش بە کەس یان کەسانێک دەگوترێ کە دژی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەیان بە هەر شێوەیەک لە خزمەت دوژمنانی جووڵانەوەکەدابن و زیانی پێبگەیەنن وجیرە و مواجبیش لە دەوڵەت وەرگرن. پێرەوانی کۆنگرەی چوار خاوەنی رابردووی سیاسی و هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری بوون. زۆربەیان لەو کەسانە نەبوون کە شەو خەون بە حیزبەوە ببینن و سبەینێ بەرگەی ئەندامەتی پڕکەنەوە و لە سەر کورسی کۆمیتەی ناوەندی دانیشن و قسەی نەقاڵ بکەن. ئەوان نە تەنیا دژی جووڵانەوەی کورد نەبوون بەڵکوو لە پێناو دابینکردنی درووشمە مێژووییەکەی حیزب واتە «دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران» و هەروەها ئەو بڕیاراتەی کە لە کۆنگرەدا پەسند کرابوو، کەوتنە هەوڵ و تێکۆشان. ئەگەر لەو فەترەیەدا پێیان وابووکە جیناحێک لە دەسەڵات تاڕادەیەک توانایی دەرک و چارەسەری کێشەی کوردی لە چوارچێوەی خودموختاری ئیداری و فەرهەنگیدا، هەیە، ئەوە تەنیا دەکەوێتە ناو خانەی هەڵەی سیاسی و خویندنەوە

یەکیتری لێناکەوێتەوە. کەسانێک کە تاچەند چریکەیەک پێش جیابوونەوە لە گەڵ سەرجەمی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات لە یەک سەنگەردابوون، چۆن پاش دەربڕینی بیروڕای سیاسی خۆیان بەرانبەر بەدرێژەدان و گرتنە پێشی هەرئەو ڕێبازەی کە نوێنەرانی زیاتر لە ٣٠ هەزار ئەندامی حیزب، دەنگیان بۆدابوو، یەکدابەدوو بوونە جاش و خایین؟ زۆربەی ئەندامانی بەڕێوەبەری کۆنگرەی چوار، ئەو کەسانەبوون کە ڕاستەوخۆ لە دامەزراندن و پەرە پێدانی حیزب وئامانجەکانیدا ڕۆڵی سەرەکیان گێڕابوو، بۆ وینە کەسانی وەک ماموستا هێمن (لە کۆنگرەدا نازناوی شاعیری نەتەوەیی پێدرا)، غەنی بلووریان (بە ٢٥ ساڵ رابردووی زیندان و راکێشانی دەنگی سەرجەمی ئەندامانی کۆنگرە بۆلای خۆی) و حەمەدەمینی سیراجی و ڕەحیمی سەیفی قازی و بە دەیان کەسیتر کە سالانی دوور و درێژی ژیانی خۆیان لە ئاوارەیی و دەربەدەری و زیندانەدا تێپەڕکردبوو، شیاوی ئەو شێوە لێدوان و بوختان پێکردنانە، نەبوون.

بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دیموکرات بە دانی حوکمێکی ئەوتۆ گەرچی راستەوخۆ بڕیاری تێرۆر و لێدانی پێرەوانی کۆنگرەی چواری لە کۆبوونەوەیەکی رەسمیدا نەدا (چوون لە پرستیژی نێونەتەوەیی حیزبی دیمۆکراتی کەم دەکردەوە) بەڵام لە هەمانکاتدا بواری بۆ گرتن و تەنانەت کوشتنی «پێڕەوان» لە ناو حیزبدا ئامادە کرد. پێڕەوانی کۆنگرەی چواریش وەک بەشەکەی تری حیزب خوازیاری خودموختاری ئیداری و فەرهەنگی لە چوارچێوەی تەواویەتی ئەرزی ئێراندابوون، بەڵام ئەوان پێیان وابوو بۆدابینکردنی ئەو دروشمە، شەڕی چەکداری پێویست نییە و دەکرێ لە ڕێگای سیاسی و وتوویژەوە چارەسەرێکی بۆ بدوزرێتەوە. گەرچی داهاتوو نیشانیدا نە پشتیوانی پێرەوانی کۆنگرەی چوار و نە دروشمی ڕووخاندن و شەڕی چەکداری و نە وەدەنگ هاتنی رواڵەتی دنیای دەرەوە حکوومەتی دینسالار و لاساری مەلاکانی نەهێنا سەر ئەو باوەڕە، تا لانی کەم دان بە هێندێک لە مافە نەتەوایەتیەکانی کورددا بێنن. ڕادەی تەسکبینی و خۆشبینی ڕووناکبیرانی کورد لە هەردووباڵی حیزبدا چ بەرانبەر بە هێزە سەراسەریەکان و چ لەمەڕ دیاریکردنی ستراتێژی و تاکتیکی خەباتەوە تووشی چارەنووسێکی تاڵی کردن. لە هەمانکاتدا کە پێرەوانی کۆنگرەی چوار لە نیزیکایەتی و خزمایەتێکی تەنگەبەر لە تەک حیزبی توودە و ڕێکخراوی فیداییەکانی خەڵک (زۆربە) دا بە مەبەستی تێگەیاندنی دەسەڵاتدارانی تاران لە ویست و خواستی گەل، کەوتبوونە سەر هێڵی خەباتی توند و تیژی دژی ئەمپریالیستی و پیشتیوانی گەرم و گوڕ لە شۆرش و ئیمام و خەتەکەی، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش، وێڕای نیزیکایەتی و هاوپیوەندی لە گەڵ ڕژیمی عێراق، خەریکی خۆشکردنی بواری دوستایەتی و هاوکاری لە تەک ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران و بەشداری لە «شوورای نیشتمانی بەرگری میللی» بە سەرۆکایەتی مەسعوودی ڕەجەوی دا بوو.

ئەگەر پێرەوانی کۆنگرەی چوار بە بێ ئاگاداری و لێکدانەوەیەکی زانستیانە لە ناوەرۆک و شێوەی بۆچوونی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران داوای خودموختاریان لەو ڕژیمە دەکرد، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش هەمان داوای لە «حکوومەتی کاتی کۆماری دیمۆکراتیکی ئیسلامی ئێران» ی جەنابانی بەنی سەدر و ڕەجەوی دەکرد. بەنی سەدر کاتێک سەرکوماربوو، هەڵوێستی ڕوون و دژی گەلی خۆی بەرانبەر بە کورد دەربڕیبوو. ڕێکخراوی موجاهیدینیش تا ئەو کاتەی

نەکەوتبوونە بەر شاڵاوی ڕژێم و گوڵوڵەیان نەکەتبووە لێژی، چ جاران باسی مەسەلەی نەتەوایەتی بە تایبەت مەسەلەی کوردی لە بەرنامەی سیاسی خۆیدا نەگوونجاندبوو.

دەستنیشانکردنی خودموختاری کوردستان لە بەرنامەی «شورای نیشتمانی بەرگری میللی»دا  تەنیا بە مەبەستی گەلەکۆمەگی و هەڵخەڵەتاندنی جووڵانەوەی کورد بوو. بو ئەوەی کورد میوانداریێکی باش و کوردستانیش پەناو پەسیۆیکی لەبار بوو بۆ درێژەدان بە شەڕی چەکداری و لەوێوە تەقە لە تاران کردن. ئەگەر نا بۆچی لە بەرنامەی «شوڕا» دا، دان بەمافی نەتەوەکانی تری نیشتەجێی ئێراندا نەنراوە؟. لە لایەکی ترەوە، موجاهیدینیش بە شێوەی حیزبی توودە لە ناو حیزبی دیمۆکراتدا هەڵسوکەوتیان دەکرد و هەوڵی ئەوەیان دەدا تا لانی کەم لە باری سیاسیەوە بیخەنە ژێر رکێفی خۆیان. مەسعوودی رەجەوی لە نامەی پیرۆزبایی خۆیدا بۆ کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیمۆکرات دەنووسێ:

«بە ئاواتی سەرکەوتن بۆ پێنجەمین کۆنگرەی حیزبی ئێوە، لە سەر بەجێگەیاندنی پاککردنەوەی زیاتری نێو ریزەکانتان پێدادەگرم. »

پێداگرتنی جەنابی رەجەوی راست لە کاتێکدایە کە د.قاسملوو لە کۆنگرەی پێنجەمدا سەر لە نوێ «سوسیالیزمی دیمۆکراتیک» وەک ئامانجی نهایی لە بەرنامەی حیزبدا دێنێتە گورێ و دیسان شەڕ و کێشەی لەسەر ساز دەبێتەوە. مەبەستی رەجەوی ئەوەبووە کە لایەنگرانی سوسیالیزمی عیلمی لە ناو ریزەکانی حیزبدا وەلانێن. وەختی خۆی حیزبی توودە داوای پاککردنەوەی ریزەکانی حیزبی دیمۆکراتی لە کەسانی دژ بە رێبازی سوسیالیزمی عیلمی (بیخوێنەوە دژ بە رێبازی خۆی) دەکرد. ئێستا موجاهیدین، پێ لەسەر پاککردنەوەی لایەنگرانی سوسیالیزم دادەگرێ. هەردوو رێکخراوی سەراسەری، یەک کومونیست و ئەویتر موسڵمان، یەک ئامانج دەپێون. هردوولا خۆیان بە خاوەنی نەتەوەی کورد و رێکخراوەکانی دەزانن و پێیان وایە، ئەوانن کە دەبێ چارە نووسی کورد دیاری بکەن. لەم رێرەوەدا خۆشمان یاریدەدەرێکی باش بووین. بە کورتی، بوون بە ئەندامی «شورای بەرگری میللی» و مانەوەی حیزبی دیمۆکرات لە شووورادا زۆری نەخایاند، یەکێک لە هۆ سەرەکیەکانیشی ئەوە بوو کە حیزب لە بەرژەوەندی خۆیدا نەدی بە تەواوی بچێتە ژێر باری هێژمۆنی شووڕا کە رێکخڕاوی موجاهیدین رۆڵی سەرەکیان تێدا دەگێڕا. لە سالەکانی دواییدا کە سەرلە نوێ حیزب تووشی قەیرانی ناوخۆیی هاتبوو و ئاخرسەر لە کۆنگرەی هەشتدا تەقیێوە و دابڕانی بەهاری ١٣٦٧ی بەدوادا هات.کاتێک موجاهیدین بۆیان دەرکەوت کە ئەو لایەنە ئامادەی هاوکارین بە گەرمی پشتیوانیان لێکرد و دابڕاوەکانیش(بەرێوەبەرایەتی شۆڕشگێر) پێوەندی قووڵیان لە گەڵ موجاهیدین وەگەر خستەوە. دیارە ئەویش جگە لە خۆماندووکردن و دەرفەت لەدەستدان و... بەرهەمێکی تری نەبوو. گرفتەکە لەوەدابوو کە هیچکام لە هێزە چەپ و دیمۆکراتەکان بۆیان دەرنەکەوتبوو کە، ئیدوئولوژی ئیسلام ناتوانێ تەبایی لە تەک دێموکراسی و ئازادیدا هەبێ. هەڵەیەک کە ئێستاش خەریکەبە شێوەیەکی تر، بەلام بە هەمان ناوەرۆکەوە دووپات دەکرێتەوە.

پچڕانی هاوکاری نێوان حیزبی دیمۆکرات و «شوڕای بەرگری» جاریکی تر ئەزموونی تاڵی شکستی مەتمانەکردن بە هێزە سەراسەریەکانی دەرخست و نیشانیدا کە نەک هەر حیزبی توودە، بەڵکوو سەرجەمی حیزب و ڕێکخراوە غەیرە کوردیەکان بە هۆی غەرق بوون لە گۆمی شوڤینیزم و بەرچاوتەنگیدا ئامادە نین ناسنامەی نەتەوەیی، نەتەوەیەک بە ناوی کورد بسەلمێنن.

لێکدانەوەی سیاسەت و پێوەندییەکانی ناوەوە و دەرەوەی هەردووباڵی حیزب و دەست نیشانکردنی جێ پێی لاواز و بەهێزی ئەم سیاسەتانە کاری ئەم نووسراوەیە نییە. هەروەک لە دەسپێکەوە باسکراوە، مەبەست چونێتی پێکهاتنی پێرەوانی کۆنگرەی چوار و چارەنووسی نادیاریانە. ئاماژە بە دوو نموونەی سەرەوەش بو ئەوە بوو بزانین، نەک هەر پێڕەوانی کونگرەی چوار بەڵکوو حیزبی دیمۆکراتیش، چوون هەڵگری یەک درووشم و یەک سیاسەت بەرانبەر بە ڕێگا و شێوەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی تەواوییەتی ئەرزی ئێراندابوون،بە مەتمانەکردن وخۆبەستنەوە بە هێزە سەراسەریەکان جگە لە کۆمەڵێک گێرەوکێشەی ناوخۆیی و هەروەها دوورکەوتنەوە لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتیەکان دەسکەوتێکی تریان نەبوو.

-----------------------------------------------------

## پێڕەوانی کۆنگرەی چوار

### لە بەرانبەر تاقیکردنەوەیەکی مێژووییدا

لە سەرەتای بەهاری ١٣٥٩دا، کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان هێرش دێنن و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆی بۆ «شەڕی درێژخایەن» ئامادەدەکا، بەرەبەرە شارەکان و پاشانیش گوندەکان لە شەڕێکی نابەرابەردا لە لایەن ئەرتەش و سپای پاسدارانی رژیم داگیر و شاروگوند خاپوور و خەڵکێکی بێتاوانی لە ژمارنەهاتوو بە دەستی سپای ئیسلام شەهید دەکرێ، حیزب ناچار دەبێ مەیدانی خەبات لە شارەوە بۆ شاخ بگوێزێتەوە. پێڕەوانی کونگرەی چواریش سەرەڕای پشتیوانی لە بەناو خەتی خومەینی، بە هۆی زەختێک کە لە لایەن کاربەدەستانی رژیمەوە لە سەریان بوو (بۆ وێنە چەندین کەس لە ئەندامانی پێرەو لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەت گیران و ڕەوانەی زیندانەکانی ورمێ کران). ڕێگای تێکوشانی نهێنی و نیوە نهێنیان گرتە بەر و بە لە پێشگرتنی سیاسەتی «ڕەخنە و یەکێتی» کە لە لایەن حیزبی توودەوە دارێژرابوو کەوتنە ناو مەیدانی سیاسەتێک کە لە ڕاستیدا هیچ چەشنە بنەما و بنچینەیەکی زانستی تێدا بەدی نەدەکرا. چوون لە پێناو ئامانجێکدا گەڵاڵە کرابوو کە تەنیا بۆ مەبەستی کێ بەرکێی نێوان دوو سیستمی جیاوازی سەردەم واتە سوسیالیزم و ئەمپریالیزم کەڵکی لێوەردەگیرا.

پێرەوان بە باوەڕهێنان بە بوونی دوولابالی جیاواز (خەتی ئیمام و دژی شۆڕش) لە ناو دەسەڵاتدا و هەروەها بە مەتمانەکردن بە لابالی «خەتی ئیمام» سەبارەت بە دابینکردنی مافەسەرەکیەکانی گەلی کورد کەوتنە جموجۆڵی سیاسیەوە.

لەو پێناوەدا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تێکۆشان وێڕای رێک و پێککردنی کاروباری رێکخراوەیی، بەمەبەستی ڕاگەیاندنی بیروڕای خۆیان دەستیان کرد بە لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی «کوردستان» وەک ئورگانی کومیتەی ناوەندی (پێرەوانی کونگرەی چوار) کە لە کاتی دابڕانەوە (بەهاری ١٣٥٩) تا زستانی ١٣٦١، نیزیکەی ٣٠ ژمارەی دەرچوو. ئەوان بۆ ئەوەی سرنجی حکوومەتی ئێران بۆلای داواکانیان راکێشن لە بڵاوکراوەی کوردستاندا دەقاودەق سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی توودەیان تەبلیغ دەکرد.

پێرەوانی کۆنگرەی چوار بە مەبەستی پەرە پێدان بە سیاسەت و پەسندکراوەکانی کۆنگرە و هەروەها شیکردنەوەی هۆیەکانی جیابوونەوە لە حیزب و ئامانجەکانی داهاتوویان، سەرەڕای بەرتەسک بوونی بواری هەڵسووڕان و کەمی ژمارەی ئەندامان، کەوتنە ناو مەیدانی ململانێکی هەمە لایەنەی سیاسی و تەشکیلاتیەوە. هەر وەک پێشتر باسم کرد بەرێوەبەرایەتی ٧ کەسی

ماوەیـەکی کـورت دوای دابـڕان ڕۆژنامـەی «کوردسـتان»ی وەک ئورگـانی کۆمیتـەی ناوەنـدی دەرکـرد، پاشـان لـە بـاری تەشکیلاتیەوە تا ڕادەیەک خۆی ڕێکوپێک کرد. لە تـەرکیبی کومیتـەی ناوەندیدا ئـاڵوگۆڕی پێکهێنـا، ماموستا هێمن کە لە کۆنگرەی چوار دا بە هۆی تەمەن درێژی وەک ئەندامی «ئیفتیخاری» کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو، دوای دابـڕان گـەڕاوە «شیلاناوێ» و هەتا ساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣) کە بڕیـاری مانـەوەی یـەگجاری و دەرکردنـی گۆڤـاری «سروە«ی دا، لـەو شوێنە مایەوە، تـا ساڵی ١٣٦٣ لە ڕێگای تەشکیلاتی مەهابادەوە پێوەندی لە گەڵ ناوبراو نەپچڕا، وابـزانم لـە سـەرەتای بـەهاری ١٣٦٣دا بۆ ئاخرجـار کـادرێکی پێـرەو بـە تایبـەتی نـاردرا بۆلای ماموستا و داوای لێکرا بێتە شاخ تـا بـە ڕێگـای حیزبـی شیوعیدا رەوانەی ئورووپا بکرێ، ماموستا لە وڵامدا وێرای دوعا و سڵاو و سپاس نووسیبووی «تـازە بەسـەری پیـری تاقـەتی سەرلەنوێ دەربـەدەر بوونـەوەم نییە و...» نـاوبراو کاتێـک لـە شیلاناوێ بـوو بـۆ ماوەیـەک لـە لایـەن حیزبـەوە گیـرا و بـە داخـەوە بـێ حورمەتیشـی پێکرا، هـەروەها فـاروقی کەیخوسـرەوی ئەنـدامی کومیتـەی ناوەنـدی لـە زینـدانی حیزبـدابوو. ٦ کەسـەکەیتر لـە یەکـەم کۆبوونـەوەی دوای دابڕانـدا بڕیاریـان دا ژمـارەی ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی زیـاد کـەن. کـاک حەمەدەمینی سیراجی کـە خـۆی یـەکێک لـە بەڕێوەبـەرانی سـەرەکی دابـڕان بـوو، بـێ سـی و دوو کـرا بـە ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی، پاشان چەند کەسیتر بـەو ناوانـە قـادری خالیدی، ناسری خۆشکەلام و حوسینی بەخشی ئـەو ئەرکەیـان پێ سپێردرا، جگە لەوە پاش ماوەیەک سێ کـادری کـوردی حیزبـی تـوودە ناردرانـە نێـو پێـرەو کـە دوو کەسـیان لـە کۆبوونـەوەکانی کۆمیتـەی ناوەندیـدا بەشداریان دەکـرد. بـە نیشـتەجێ بـوونی چـەند کـەس لـە سـەرکردایەتی پێـرەو «کـاک غـەنی، کـاک حەمەدەمین و دوکتـور رەحیم» لـە تـاران و لـە پـەنا بەریوەبەرایـەتی حیزبـی تـوودە، پرۆسـەی پێگەیشـتن و تێگەیشتنی پێرەو لە سیاسەتی حیزبی توودە بە ئاکامی خۆی گەیشت، لەو کاتەوە چارەنووسی پێـرەوان بـە تـەواوی کەوتـە بەردەستی حیزبی دایک و هەرچەشنە سەربەخۆیەکی بڕیاردانیـان ڵـی زەوتکـرا، لەراستیدا لـەو قۆناغـە بـە دواوە سیاسـەتی حیزبی تووده لە کوردستان بە شێوەی سەرەکی و ڕاستەوخۆ بە دەستی پێرەوانی کۆنگرەی چوار بـەڕێوە دەچوو. سـەرکردایەتی حیزبی توودەش بە بێ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی کورد لە بەرچاو بگرێ، لـە مەسـەلەی کوردسـتان بە قـازانجی پتەوکردنی جێ پێی خۆی لـە لای کاربەدەستانی ئێران کـەڵکی وەردەگرت. بـە نیسبـەتی حیزبـی دیمۆکراتـەوە، ئەگەرچی لە هەلومەرجی ئەوکاتیدا بە هۆی سیاسەتی کوشت و بـڕی ڕژیم لـە کوردستان، هەستی خۆڕاگری بـە تایبـەت بـە شێوەی چەکدارانە بەرانبەر بە هێرشکەران، لە ناو کۆمەلانی خەڵکدا زاڵ بـوو، بـەلام بـۆ بەشێک لـە تـوێژی روونـاکبیر، چ لەناو حیزب و چ لە دەرەوەی حیزب هێندێک پرسیاری بێ وەڵام مابووە کە ئەوانی تووشی شک و گومان بەرانبـەر بـە مانـەوە یـان نەمانـەوە لـەناو حیزبـدا کردبـوو. لـە ئارادانـەبوونی بەرنامەیـەکی روونـی سیاسـی و لـەوەش گرینگتـر، ئـەو شـەرت و مەرجانەی کە رژیمی بەعس بۆ یارمەتیدان بـە حیـزب لـە سـەر رێـی دانـابوو، بـایخ نـەدان بـە کـاری رێکخراوەیـی و چۆنێتی بارهێنـان و پـەروەردەکردنی کـادر و هـەروەها بڵاوکردنـەوەی چـەک و چـۆڵ بەشێوەیەکی بـەربڵاو لـەناو خەڵکـدا، کۆمـەڵێک گیروگرفتی چارەسەرنەکراوی بـۆ حیزب هێنـابووە گـۆڕێ. لـە لایـەکیترەوە، دەوڵـەت بـە مەبەستی گێرەشێوێنی و لاوازکردنـی حیزبی دیمۆکرات، زیـاتر لـە پێشوو کەوتـە پیلانگێـڕان و سیاسەتی چەکدارکردنی دەرەبەگەکان و سـەرۆک عەشیرەتەکانی درێژە پێدا (رژیم دوای شەڕی نەغەدە ٣١ی خاکەلێوەی ١٩٧٩ بەرنامەی چەکـدارکردنی ئەوانـەی هێنـا ئـاراوە). دەستدرێژی رژیمی بەعس بۆسەر ئێران وهەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق لە خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاویـدا، بووبـەهۆی دنـەدانی

هەستی ئایینی و نەتەوەیی خەڵکی ئێران لەلایەن دەستەلاتدارانی تاران و بیانووهێنانەوە بۆ بەرتەسککردن و سەرکوتکردنی ئاسەواری دەسکەوتە دیمۆکراتیکەکانی دوای شۆرش. هەر لەو سەروبەندەدا و بە تایبەت دوای هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق پشتیوانی حیزبی توودە و چریکەفیدااییەکانی خەڵک (زۆربە) و هەروەها پێرەوانی کۆنگرەی چوار، لە حکوومەتی ئێران و بەتایبەت لە خەتی ئیمام، سەرەرای هەموو زەختێک کەلە لایەن حکوومەتەوە لە سەریان بوو، کێشەی نێوان لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی و دژەکانی قوولتر کردبووە. لە وەزعێکی ئاوادا هێرشی تەبلیغاتی هەردوو لا باڵی حیزب گەیشتبووە ئاستێکی مەترسیدار. حیزبی دیمۆکرات لە چەند لاوەتووشی قەیران هاتبوو، لە لایەک وەکو حیزبێکی کوردی ئێرانی، کە لە چوارچێوەی ئێراندا داوای خودموختاری دەکرد و خۆی بە لایەنگری راستەقینەی پاراستنی تەواوییەتی ئەرزی ئێران دەژمارد و دەژمێریّ، لە بەرانبەر هێرشی عێراق بۆ سەر ئێراندا بە کردەوە چی بۆ نەدەکرا، چوون خۆشی لایەنێک لە شەڕی چەکداری دژی ئێرانبوو. هەرچەند حیزبی دیموکرات لە چەند بەیانیەدا رایگەیاند کە ئەگەر حکوومەتی ئێران دان بە پێشنیارەکانی حیزب لە مەڕ چارەسەرکردنی کیشەی کورد دابنیّ، ئامادەیە چەکەکانی روو لە عێراق بکا و لە بەرەی ئێراندا دژی عێراق بشەڕیکا، بەلام لەو وەزعە ئاڵوزەدا،ئەو هەڵوێستە تەنیا بەکاری بەرژەوەندی دیپڵوماسی دەهات نەک چارەسەرێکی بنەڕەتی.

لە لایەکی تر لە ناوخۆدا تووشی کۆمەڵێک گێرە و کێشەی رێکخراوەیی و فکری هاتبوو کە بە ئاسانی چارەسەر نەدەکران. نارەزایی بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و چەند کەس لە فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە و هەروەها ئالۆزی و پەشێوی لە چەند ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حیزب بەتایبەت لەباکوور، بەشێک لەو کۆمەلە گیروگرفتانە بوون کە دەستەویەخەی حیزب ببوونەوە. لەو پێوەندییەدا د.قاسملوو لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا کە لە ئاخر مانگی پاییزی ١٣٥٩دا گیراوە، دەڵێ: «ئێستا بۆمان دەرکەوتووە کە لە هەرجێگاییەک تەشکیلاتمان بە هێزترە، ئێمە لەوێ سەرکەوتووین، لەهەرجێگاییەک تەشکیلاتمان نییە و تەنیا لەباری نیزامیەوە و بلاوکردنەوەی چەک رویشتبین وەک شیمالی کوردستان و یا تا رادەیەک جنووبی کوردستان یا ناوچەی هەوشار، سەرکەوتنێکی ئەوتۆمان نەبووە و تەنانەت نازانین ئەو چەکە کە بلاویشمان کردوتەوە، ئێستا بە کێیە؟ واتا ئەوچەکە ئێستا چەکی ئێمە نییە و بە کاری ئێمە نایە. لە باری پروپاگەندەشەوە کزین. کەم وکوڕێکی زۆر گەورەی دیکەمان ئەوەیە کە رۆژنامەی کوردستانمان بە رێک و پێکی بۆ دەرناچێ. بە داخەوە وەزعێکی تایبەتی هاتۆتە پێش ئێمە. بە کورتی ڕۆژنامەکەمان نووستووەو ئەوەش دیارە بۆ حیزبێکی وەک حیزبی ئێمە زۆر عەیبە کە ڕۆژنامەی ئورگانی دەرنەچێ»(لاپەرەکانی ٢٠ و ٢١ و ٢٢ی راپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ کۆبوونەوەی گشتی کۆمیتەی ناوەندی). دەستنیشانکردنی ئەم کەم و کوڕییانە لە لایەن دەفتەری سیاسی و لە زمان د.قاسملووە، پیشاندەری ئەم راستییەن کە حیزبی دێموکرات لە بواری بایخدان بە کاری فکری و رێکخراوەییەوە لاواز بووە. ئەوانە و کۆمەڵێک دیاردەی نەرێتی تر سەر لە نوێ بوونە هۆی سەرهەڵدان و پێکهاتنی زنجیرە رووداویتر لە ناو جووڵانەوەکەدا کە یەک لە وان جیابوونەوەی سێ کەسی دیکە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، رەحمانی کەریمی، سەنناری مامەدی و جهانگیری ئیسماعیلزادە، لە حیزبی دێموکرات و تێکەڵبوونیان لەگەڵ پێرەوانی کونگرە چوار. مەسەلەی "شیمال" یان "کارەساتی شیمال" کە لێرەو لەوێ باسی لێوە دەکرێ وهەر لە سەرەتای شۆڕشی٥٧، بە هۆی هێندێک تایبەتمەندییەوە

کۆمەڵێک گیرو گرفتی بۆ حیزب هێنابووە گۆڕێ، بە دوای ئەم جیابوونەوەدا زیاتر تەشەنە دەستێنێ و رووخسارێکی‌تر بەخۆیەوە دەگرێ. "کارەساتی شیمال" لە چەند روانگەی جیاوازەوە تاوتوێکراوە و هەڵسەنگێندراوە. بۆچوونێک تاوانەکەی تەنیا خستۆتە سەر پێرەوانی کونگرەی چوار و ئەوان بە خولقێنەری رووداوەکە دەزانن. هێندێک کەسیش چاوپۆشی لە نەقشی پێرەوان لەو رووداوەدا دەکەن و بە پارێزەوە لە پەنای رەد بوون و دیزە بە دەرخۆنەیان کردووە.

گیروگرفتی "شیمال" دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی. ئەو ناوچەیە بەهۆی ئەوە کە رێگای هاتووچۆی نێوان ئێران و تورکیە و واتە ئوروپایە، گرینگێکی تایبەتی هەم بۆ دەوڵەتی ئێران و هەم بۆ هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئێرانی هەبووە و هەیە. لەو سەرو بەندەدا دەسەڵاتی بەشێک لەو ناوچە گرینگ و ستراتێژییە وەک دەوروبەری سەڵماس و قتوور و ماکۆ بە دەست عەشیرەتی مامەدی بە سەرۆکایەتی سەننار مامەدی بوو. سەننار کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەلبژێردراوی لیستەی فیکسی د.قاسملوو لە کونگرەی چواردا بوو، خۆی بە چوارچێوەی بڕیار و قەراراتی سیاسی و رێکخراوەیی حیزب نەدەبەستەوە و ببووە کۆسپ و تەگەرە لە سەر رێگای کاری حیزبی. ناوبراو گەرچی بە رواڵەت ژێستی دیمۆکرات بوون و جاروبار لایەنگری لە سوسیالیزمی عیلمیشی دەگرت بەلام لە کردەوەدا ئامادە نەبوو بستێک لە دەسەڵاتی عەشیرەتی کەم کاتەوە و رێگا بۆ دامەزراندن و جێ بە جێکردنی بەرنامەکانی حیزب لەناوچەکەدا بکاتەوە. جگە لەوە هەرکات خۆی بە قازانجی زانیوە تیکهەڵچوونی چەکداری یان وتووێژی لەگەڵ دەوڵەتدا کردووە، بیرەوەرییەکانی سەننار ئاوێنەی باڵانوێنی هەڵچوون و داچوون و کردەوە دژی حیزبیەکانی ناوبراون. هەربۆیە حیزبی دێموکرات بە مەبەستی دەست داگرتن بەسەر ناوچەکەدا و رێکخستنی تەنزیمات و رێکخراوی حیزبی چەندجارێک کادر و پێشمەرگە دەنێرێتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی سەننار و جهانگیری ئیسماعیلزادە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی تەشکیلاتی سۆمابرادۆست و ئەنزەل. بەلام لەگەل ناڕەزایی سەننار و... بەرەوڕوو دەبێ و بەرە بەرە کاریان دەکێشێتە نێوان ناخۆشی و بە کردەوە رێگای حیزب نادا لەو ناچەیەدا هەڵسووڕانی بێ ورێکخراو دامەزرێنێ. ئەو وەزعە هیچ پێوەندیکی بە پێرەوانی کونگرەی چوارەوە نییە و تەنانەت پێوەندی نهێنیش لە گەل ناوبراو لە گۆڕێدا نەبووە. بەرێوەبەرایەتی حیزبی دیمۆکراتیش دلنیایە لەوەیکە سەننار هیچ پێوەندیکی بە پێرەوانەوە نییە، ئەوان بو ئەوەی بتوانن باروودۆخی شیمال بە قازانجی حیزب ئاسایی کەنەوە، بە رەسمی داوا لە سەننار دەکەن واز لە دژایەتی کردنی حیزب بێنێ. هەر بۆیە لە رێکەوتی: ٢١ - ٩ - ٥٩ دا د.سادقی شەرەفکەندی لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە نامەیەک بۆ سەننار دەنووسێ و داوای لێدەکا بە دەرکردنی ئاگادارێک، داکۆکی لە سیاسەتی حیزب و بەرێوەبەرایەتییەکەی بکا و... بەڵام ناوبراو بە پێچەوانەی چاوەڕوانی حیزب درێژە بەکاری خۆی دەدا و وەڵامی کەسیش ناداتەوە.لە پێوەندی لەگەڵ گێرەو کێشەی ئەوسەردەمیدا سەننار لە نووسراوەیەکیدا بە ناوی « فهرستی از خاطرات سیاسی من» واتە بەشێک لە بیرەوەریەسیاسیەکانی من دا دەڵێ: «لە هەموو مەسەلە سیاسی، نیزامی و نێوخۆییەکان لە ناو حیزب و کوردستاندا لە گەڵ بەرێوەبەری حیزب بە توندترین شێوە ناکۆکی و ململانیم هەبووە». لەو سەروبەندەدا گۆیا سەننار پەیتا پەیتا نامە بۆ د،قاسملوو دەنووسێ و داوای ناردنی یارمەتی و هەروەها نوێنەری دەفتەری سیاسی لێدەکا، ئەوە لە کاتێکدابووە کە رژیم بە تەمابووە لایەنی سەنناریش وەک سەرۆک عەشیرەتەکانی تر بۆلای خۆی راکێشێ. سەننار دەنووسێ:

«هەیئـەتی نیزامـی رژێـم بـە سـەداقـەتەوە خوازیـاری ئیمـزا و بەجێگەیانـدنی رێککەوتننامـە و هـەروەها هێمنایـەتی لـە ناوچەکەدابوو. »

سرووشتیە کە حیزبی دیموکرات لە فرۆفێڵی رژێم گەیبوو و دەیزانی کە ئامانجی ئەوان نانەوەی دووبەرەکییە لە ناو جووڵانەوەکەدا، بەڵام سەننار کە خۆی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو بێ ئاگا لە سیاسەتی حیزب، پێی وابووە ئەگەر لەگەڵ رژێم رێککەوێ، ئەوە خودموختاری کوردستانی وەرگرتووە و حیزب ئامادە نییە قەبووڵی کا، ئەمە لە لایەک و لە لایەکیتر رەحمانی کەریمی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی تەشکیلاتی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و هەروەها فەرماندەی هێزی «نحۆ» بە هۆی داکۆکی کردن لە سیاسەتی حیزبی توودە و فیداییەکان و پێڕەوان کەوتبووە دژایەتی لە گەڵ حیزب و لەو پێوەندییەدا، بە پێی زانیارییەکانی حیزبی دیمۆکرات هێندێک زانیاری گرینگی نیزامیشی دابوو بە دەوڵەت، هەڵوێستگرتنی رەحمانی کەریمی دژی حیزب و نیزیک بوونەوەی لە سەننار زەبرێکی گەورە و گران بوو کە لەو سەرووبەندەدا وەحیزب کەوت. بە دوای ئەو بارودۆخەدابوو کە حیزبی دێموکرات لە پلێنۆمی ١٦ تا ٢٠ی مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٠ی هەتاویدا سەننار مامدی و رەحمانی کەریمی بە تاوانی خەیانەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد و... لە حیزب دەردەکا و بۆ سزادان دەیاندا بە دادگای شۆڕش.

**پلۆنۆم بەم شێوە تاوانەکانی سەننار دەستنیشان دەکا:**

«پێوەندی لە گەڵ ئووەیسی و داروودەستەی سەڵتەنەتخوازان، وەرگرتنی پوول و چەک لەوان، چەوسانەوەی زەحمەتکێشانی گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و دەرکردنیان لەسەر جێگاو رێگای خۆیان، بە کارهێنانی رەفتاری دەرەبەگانە لە کاروباری حیزبیدا و هەروەها بەشداری ڕاستەوخۆلە گەڵ ڕەحمانی کەریمی بۆ خەیانەت بە حیزب و گەل». پاشان هەشت ڕۆژ دوای راگەیاندنی بڕیاری پلێنۆم دووئەندامی دەرکراوی کۆمیتەی ناوەندی (سەننار و رەحمان) لە گەل ئەندامێکی تری کۆمیتەی ناوەندی بە ناوی جهانگیری ئیسماعیلزادە، بە هاوکاری و هاوئاهەنگی حیزبی توودە و بەریوەبەرایەتی پێرەوانی کونگرەی چوار لە ریکەوتی: ٢٨ - ١ - ١٣٦٠ (١٩٨٠) بە دەرکردنی ئاگادارییەک کە ناوەرۆکەکەی بە تەواوی لە چوارچێوەی بۆچوون و سیاسەتی حیزبی توودەدابوو، دابڕانی خۆیان لە حیزبی دێموکرات راگەیاند و هاتنە ناو ریزی پێرەوانی کونگرەی چوار. دابڕانی ئەوسێ کەسە لە حیزب هیچ پێوەندییەکی بە بۆچوونی هاوبەشی فکری و سیاسی ناوبراوانەوە نەبوو. سەننار و جهانگیر لە گەڵ حیزب تووشی تێکهەڵچوونی چەکداری ببوون و دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا کەوتبووە مەترسیەوە، لە لایەکی تر پێیان وابوو بە هۆی پێرەوان و حیزبی توودەوە یەکیەتی سۆڤیەت یارمەتیان دەدا و لەو رێگەیەوە هەم ئیعتبار و هەم ئیمکاناتێکی باش ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ وەچنگ دێنن. سەننار بۆ پووش بەسەرکردنی کردەوە سەرەڕۆییەکانی خۆی و بیانووهێنانەوە بۆ هاتنەدەر لە حیزب و هەروەها بە مەبەستی پاساودانەوەی ئەو کردەوانەی کە لە پلۆنۆمدا پێی تاوانبار کرابوو، ئەو جارە لە مەسڵەحەتی دابوو تا لە بەرگی لایەنگری لە شۆڕش و خەباتی دژی ئەمپریالیستی و لە ریزی حیزبی توودە و پێرەودا بێتە مەیدان تا بەڵکوو لەو رێگایەوە بە ئەنوایەک بگا. بەڵام رەحمانی کەریمی کوڕێکی

زەحمەتکێش و ئازاو بە جەرگ بوو. ئازایەتی رەحمان لە شەڕی نەغەدەدا و هەروەها لە دژی دەرەبەگەکانی ناوچە، دەنگی دابۆوە. ناوبراو بەپێچەوانەی سەننار فرۆفیڵی سیاسی نەدەزانی و بەو پەڕی سەداقەتەوە هاتبووە ناو ریزی حیزبی دیمۆکرات و بە باشی ئەرکەکانی رادەپەڕاند. ئەگەر لەو فەترەیەشدا وەک ئەوانیتر تووشی هەڵەی سیاسی هات، نەک لە پێناو بەرژەوەندی تاقە کەسی و عەشیرەتی دابوو، بەڵکوو بە هۆی داکۆکی کردن لەو بیرو بۆچوونە بوو، کە دەیان ساڵ بوو لە لایەن پێرەوانی رێگای سوسیالیزم و یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئازادی و سەربەستیدا، پرۆپاگەندەیان بۆدەکرد و خوێنیان بۆدەدا ،ئەویش دوچاری ئەو خۆشباوەڕی و تەوەهومە ببوو کە زۆر کەسیتر گیرۆدەی ببوون. مەسڵەحەتخوازی یەکیەتی سۆڤیەت و گوێ لە مستی بەڕێوەبەرانی حیزبی تودە و بێ سیاسەتی روناکبیرانی کورد و پێش هەمووشتێک دوورویی و بێ سەداقەتی مەلایان، وەزعێکی وەهای لە ئێران و کوردستان پێکهێنا کە تەڕ و ویشکی بەیەکەوە سووتاند .

ئەگەرنا ، نە رەحمانی کەریمی وەک «جاش» نێوی دەهێنرا و نە سەننار مامدیش سەرەڕای هەمووتاوانەکانی لە بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دیمۆکراتدا سەر لە نوێ جێی دەکراوە...!!!

لەو فەترەیەدا، سێ ئەندامی دەفتەری سیاسی، کاک غەنی و کاک حەمەدەمین و دوکتور رەحیم کە لە تاران دەژیان،بۆ ماوەیەک سەردانی گوندی راژانی نیزیک ورمێیان کرد،تا لە گەڵ سەننار و ڕەحمان و جەهانگیرلە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا بەشداری بکەن و هەلومەرجەکە هەڵسەنگێنن و بڕیاری لە سەر بدەن. حیزبی توودەش بە رێگای راسپاردەکانی دا وەک عەلی گەلاوێژ و رەزا شەڵتووکی بۆلای پێڕەو بە تایبەت سەننار ڕاستەوخۆ بەشداری لە هەڵویست و بڕیارەکاندا دەکرد. سرووشتیە کە جیابوونەوەی ئەو سێ کەسە و پێوەست بوونیان بە پێڕەوان،زیانێکی گەورەی بە حیزب گەیاند و پارسەنگی هیزەکانی لە ناوچەکەدا بە قازانجی کۆماری ئیسلامی و حیزبی توودە و فیدایی و پێڕەو گۆڕی.

سەننار و جەهانگیر خاوەنی هێزێکی عەشیرەیی زۆر لەو ناوچەیەدابوون. ڕەحمان نفووزی لە شنۆ و نەغەدە و خانێدا هەبوو.لە لایەکیتر سەرکردایەتی پارتی دێمۆکراتی کوردستان - عێراق کە ئەوکات بە قیادەی مووەقەت ناسرابوون، لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە گوندی راژان نیشتەجێ بوون. پارتی هەم پێوەندی لە گەڵ ئێراندا هەبوو،هەمیش نێوانی لە تەک حیزبی دێمۆکرات ناخۆش بوو. هۆیەکانی ناکۆکی لە ئەساسدا دەگەڕاوە بۆ ڕابردوو. بەڵام دوو رووداوی هەرە گرینگ کە لەو کاتانەدا ببوونە هۆی دژایەتی نێوان هەردوو لا؛

**یەکەم**: لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٨٠) لە کاتی وتووێژی نێوان "هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد" و هەیئەتی ویژەی دەوڵەت"دا، لە خالی ٨ی پێشنیارکراوی نوێنەرانی کورد، داوای وەدەرنانی "قیادەی مووەقت"یان لە ئێران کردبوو.

**دووهەم**: لە سەروبەندی جیابوونەوەی ئەو سێ کەسەدا،هێندێک گومانلێکراو شەڕهەڵایسێنەر بێ حورمەتیان بە گڵکۆی بارزانی نەمر کردبوو. پارتی لەو پێوەندییەدا بە کەسانێک کە پێی وابوو ڕاسپاردەی "بەعس"ن و لەناو حیزبی دیمۆکراتدان، زەنین بوو. بەم شێوە بوارێکی لە بار و گونجاو بۆ کۆماری ئیسلامی ڕەخسا،تالەسەر ئەو بەستێنە نەخشەوپیلانەکانی داڕێژێ و بەڕێوەیان بەرێ. بەرپرسانی سیاسی و نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بە ڕێگای

هەموو ئەو هێزو ڕێکخراو و سەرۆک عەشیرەت و زۆر لق و پۆ و رایەڵەیتر زانیاری تەواویان لە سەر وەزعی ناوچەکە و بارستایی هێزەکانی دژ بە خۆی،بە تایبەت حیزبی دیمۆکرات هەبوو. ئەوەشیان دەزانی کە ئەگەر ڕاستەوخۆ بە ڕێگای پێڕەوانی کۆنگرەی چواردا،چارەسەرێک بۆ گرفتی ناوچەکە بدۆزنەوە، دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوە یەکیتر بەخۆوە دەگرێ و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێڕەو و بە واتەیەکیترحیزبی توودە لەوناوچەیە.

بەو هۆیانەوە،دەوڵەت ڕاستەوخۆ پێوەندی بە سەنتارەوە دەگرت. لەو فەترەیەدا چەندجار کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پێڕەو بە بەشداری سەنتار و جەهانگیر و رەحمان لە ڕاژان گیرا و بەدرێژی باسی هەلومەرجی ئێران وسیاسەتی ڕژیم بەرانبەر بە مەسەلەی کورد و هەروەها هێنانە ئارای داخوازی خودموختاری و چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی هێمنانە و کەڵک وەرگرتن لە هەلی رەخساو،کراو بڕیاردرا تا لە کاتی چاو پێکەوتنی ئەو سێ کەسە لە گەڵ کاربەدەستانی رژێم،لە چوارچێوەی ئەو داوایانەدا باس و وتووێژ بکرێ.

بەڵام دەسەڵاتدارانی حاکم چون لە ئەساسدا باوەڕیان بە کێشەی کورد نەبوو و ئامانجیان تەنیا ئاژاوەنانەوە و سازکردنی شەڕی براکوژی بوو، بە ئەورۆسبەی پێیکردن و دانی وادەوبەڵێنی درۆ، پیلانی شەڕی براکوژیان نایەوە. بۆ ئەو مەبەستەش نوێنەری تایبەتی خومەینی"ئایەتوڵائیشراقی" هاتە ورمێ و ڕاسپاردەی ناردە لای سەنتار و رەحمان و جەهانگیر و لە دانیشتنێکدا لە بری هاوکاریکردن بۆ لێدانی حێزبی دێمۆکرات بەڵێنی مانەوە و نیشتەجێبوون لە ناوچە ودابینکردنی هیندێک شتی لاوەکی وەک پێڕاگەیشتن و ئاوەدانکردنەوە و تەرخانکردنی بوودجەی زیاتریان پێدان. ئەوە لە کاتێکدایە کە هەموو لایەک بە تایبەتی پیاوەکانی رژێم ئاگادارن کە ئەو سێ کەسە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێڕەو بوون، بەڵام نوێنەری خومەێنی ئامادە نەبووە وەک پێڕەو هەڵسوکەوتیان لە گەڵ بکا. ڕژێم بۆ ئەوەی ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان ئەو سێ کەسە و هەروەها پێڕەودا سازکا، لە تەک هەرکام لەوان بە پێی رادەی بیرووبۆچوون و چۆنێتی کەسایەتیان دەجووڵاوە. لەسەرئەو ئەساسە هەوڵیان دەدا، سەنتار لەو مەجموعەیە جیاکەنەوە و سەربەخۆ دان و ستاندنی لە گەڵ بکەن. سەنتار لە بیرەوەرییە پڕ لە هەڵەوپەڵە و شپرزەکەیدا، دان بەوەدا دێنێ کە رژێم تەنیا هەر لە گەڵ ئەودا ئامادە بووە دانیشێ. لە لاپەڕەێ ١٤٤ی بیرەوەریەکانیدا دەڵێ:"لە لایەن مەکتەبی سیاسی پارتیەوە خەبەر هات کە هەیئەتێک لە لایەن ئایەتوڵا خومێنی یەوە بۆ وتووێژ هاتۆتە ورمێ..." لە درێژەدا دەڵێ بریارم دا نەچم، بەڵام بە پێچەوانەی بڕیارەکەی دەچێ و لەو بارەوە لە لاپەڕەی ١٤٥دا دەنووسێ: " ئاخرسەر لە گەڵ چەند کادر و بەرپرسی دوو هێزی قارەمان و سەرگورد عەبباسی چووینە گوندی ڕاژان. ڕۆژی دوایی عەلی عەبدوڵا سکرتێری پارتی بە عەجەلە و شڵەژاو هاتە لامان و کوتی: هەیئەت هاتۆتە "سیلوانا"یە، گورج بن بڕۆین و تەنیا دەبێ جهانگیر و رەحمان لە تەک خۆت بێنی". پاشان باسی چۆنێتی وتووێژی نێوان خۆیان و ڕاسپاردەکانی حکومەت دەکا و تێروپڕ بە شان و باهۆی خۆیدا هەڵدەلێ و وەک ڕێبەر و شەڕکەرێکی قارەمان خۆ دەنوێنێ و ئەوانیتر بە تایبەت رەحمانی کەریمی بە ترسنۆک و سیخوڕی ڕژێم دەقەبڵێنێ.
بە هەرحاڵ ئاکامی دانیشتنەکانی سەنتارو... لە گەڵ نوێنەرانی رژێم ئەوەدەبێ کە حیزبی دێمۆکرات لەو ناوچەدا نەمێنێ و

هێزەکانی سەننار و جهانگیر و رەحمان لە گەڵ دەوڵەت بە یەکەوە ناوچەکە بپارێزن. حیزبی دیمۆکراتیش بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکا، هێزێکی زۆری لەوناوەدا کۆکردبۆوە. بەم شێوە بەرەبەرە بواری پێکدادانی چەکدارانە خۆش دەکرا. بە نیزیک بوونەوەی پێشمەرگەکانی حیزب بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی سەنناروبەدیل گرتنی دە،دوازدە کەس لە پیاوەکانی سەنارلە گوندی "گردیان" سەربەناوچەی سەڵماس شەڕدەست پێدەکا و بەداخەوە زۆربەی ناوچەی شیمال و شنۆ و دەرووبەری دەتەنێتەوە. لە درێژەی شەڕەکەدا کە زیاتر لە مانگێکی خایاند، هێزەکانی دەوڵەت و پارتی بەشداریان کرد و زۆر شوێنی گرینگیان وەک شاری شنۆ لە دەست پێشمەرگە دەرهێنا. دوای گرتنەوەی ئەو شارە بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی پێرەو "ئەحمەدی عەزیزی" لە گەڵ رەحمانی کەریمی لە مێتینگێکدا سەبارەت بە وەزعی ئەو سەردەمە،لە سەر سیاسەتی پێرەوانی کۆنگرەی چوار قسە بۆ بەشداران دەکەن.

لە درێژەی شەڕەکەدا و لە کاتی داگیرکردنی یەک لە دوای یەکی گوندەکانی شیمال و دەوروبەری و جێگیربوونی چەکدارەکانی دەوڵەت لە ناوچەکە و ئاخەرسەرلەژێرپێنانی ئەو بەڵێنیانەی لە مەڕ چۆڵکردنی ناوچە و ئەسپاردنی بە سەننار، بەرەبەرە ناوبراو کەوتە بیری دۆزینەوەی چارە. سەننار کە دەبیینێ ژێرپێی بەتاڵ دەبێ،ئەو جار زۆر هەلپەرستانە پێوەندی بە حیزبی دێمۆکراتەوە دەگرێ و داوای وتووێژیان لێدەکا. حیزبیش کە هەرلەسەرەتاوە هەوڵی ئەهوەن کردنەوەی سەنناری دەدا، ئەو هەلە دەقۆزێتەوە و بە دانانی چەند شەرت و مەرجێک سەرلە نوێ ناوبراوی لە ریزەکانی خۆیدا جێ دەکاتەوە. ئاکامی دان و ستاندنی هەردوولا دەبێتە هۆی کوژرانی رەحمانی کەریمی بە دەستی سەننارمامەدی.

لە ڕاستیدا سەننار بۆئەوەی پاساوی کردەوەکانی خۆی بداتەوە و لەلای چەکدارەکان و خەڵکی ناوچە خۆی بێ گوناح نیشاندا، تێکڕای ئەو تاوانانەی کە بەشداری تێداکردبوو، بە ئەستۆی رەحمانی کەریمی داهێنا و بۆ ئەوەی خۆی لە ناو ئەو گێژەڵوکەیەیی کە تێی کەوتبوو، ڕزگارکا، رەحمانی کردە قوربانی.

ناوبراو بە پێچەوانەی داب و نەریتی کوردەواری و تەنانەت عەشیرەتیش کە قەت میوان لە ماڵی خۆیاندا ناکوژن،جووڵاوە. ئەو کە خۆی بە شۆڕشگێڕ و دژی ڕژیم دەزانی، بۆچی، هەروەک لە بیرەوەریەکانیدا باسی دەکا، بەرپرسی سپای پاسدارانی "هەشتیان"و پاسدارێکتر بە ناوی دوکتور رەزا و هەروەها ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی پێرەو "نەویدی موعینی" کە لە گەڵ رەحمان چوبوونە لای، ئازاد دەکا و تەنیا رەحمانی کەریمی بە شێوەیەکی زۆر نامەردانە گوللەباران دەکا؟. داستانی کوژرانی ر. کەریمی بە دەستووری سەننار بە داخەوە لە تارماییدا ماوەتەوە و تا ئێستاش روونیان نەکردۆتەوە کە جیاوازی کردەوەکانی سەنناورەحمان و... لە کوێدایە کە خوێنی یەکیان ببێتە نرخی سڕینەوەی داوێنی ئەویتر لەو کاروکردەوە دژی حیزبیانەی کە کراوە؟.

سەننار بە حوکمی ئەوەکە سەرۆکی عەشیرەتی مامەدی بووە و ناوچەیەکی گرینگی وەک شیمالی لەبەردەستدابووە و هەروەها

بە هۆی ڕابردووی چەندین ساڵەی سەرەڕۆیی و پێشێلکردنی بڕیاراتی حیزب و... بەرپرسایەتی زیاتری لە ئەستۆ بووە. هەربەوپێیە گەر تاوانێک کرابێ، ڕۆڵی ناوبراو پتر بووە، کە وابوو نەدەبوایە وابە سانایی سەرلە نوێ دەرکەی حیزبی بۆکراباوە و لەوەش خراپتر پۆستی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیشی پێبدەن! کە ئاخرسەر قەدری هەموو ئەو لێخۆشبوونەی نەزانی و سەرلەنوێ وەک نەریتی خوو پێگرتووی کە بە قازانجی نەبوو،بەگژحیزبداچۆوە.!

مەبەست لێرەدا ئەوە نییە تاوانی کارەساتی شیمال دیزەبەدەرخۆنە یان لایەنێک زیاتر تاوانبار بکرێ،بەڵکوو یارمەتیدان بە ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە کە سەرچاوەی ڕوودانی کارەساتی شیمال لەو ناکۆکی و ناتەبایی و شەڕوکێشانەی ڕابردوودا بوو کە لە نێوان حیزب و سەنناردا لە سەر چۆنێتی دەسەڵات لە ناوچەکە و چاوەڕوانیەکانی سەننار لە حیزب، هاتبووە ئاراوە. جیابوونەوەی سەننار و دووکەسەکەیتر لە حیزب، بواری لەباری بۆ حیزبی توودە و پێرەو و بە تایبەت دەوڵەت پێکهێنا تا کارەساتێکی لەم چەشنە ڕووبدا. ئەگەرچی پێرەوانی کۆنگرەی چوار وەک ڕێکخراوەیەکی سیاسی نە باوەڕیان بە شەڕی چەکداری بوو و نە خاوەنی هێزی چەکداربوون، هەروەها گەرچی بە ڕەسمی لایەنێکی وتووێژ لە گەڵ دەولەت نەبوون و تەنانەت ئاگایان لە زۆر کەینەوبەینەی نێوان دەوڵەت و سەننار نەبوو بەڵام چوون سەربەخۆیی بڕیاردانیان نەبوو و ڕێنوێنییەکانی حیزبی توودەیان جێ بە جێ دەکرد،بەشداری ڕاستەوخۆیان لەو ڕووداوەداکرد و حاشاشی لێناکرێ.

چوارچێوەی فکری و سیاسی پێرەوانی کۆنگرەی چوار بە تەواوی لە سەر بناغەی ئیدۆئۆلۆژی و ڕێبازی حیزبی توودە دارێژرابوو. ڕێبازێک کە ستراتێژی تێکۆشانی لەسەر پشتیوانی و بەرگری لە خەتی پڕلە درۆوەدەلەسە و فروفێڵی دژی ئەمپریالیستی خومەینی دامەزراندبوو و جگە لەو هێڵە فکرییە،هەموو لایەنێک و یەک لەوان حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە دژی شۆڕش و سەربە بێگانە دەقەبڵاند. جگە لەوە بەڕێوەبەرایەتی حیزبی توودە بە بێ لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندیەکانی کوردستان وورادەی نفووزی حیزبی دیمۆکرات لە ناوکۆمەڵگادا و هەروەها ڕق و بێزاری خەڵک لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، بە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتی پێکهاتوو، بواری شەڕێکی درێژخایەنی براکوژیان لە کوردستاندا خۆش دەکرد.

ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە چۆنێتی بیرکردنەوەی ئەوکاتی پێرەوان و توودەییەکان بەرانبەر بە مەسەلەی کورد پێشاندەری ئەو ڕاستییە کە کوردی عەودالی سوسیالیزم تا چ ڕادەیەک لە مەسەلەی نەتەوایەتی و بەرژەوەندییەکانی خۆی دوور کەوتبۆوە ونەزانانە هزر و وزە وتوانای بۆ خزمەت بە بێگانان و نەیارانی کورد تەرخان کردبوو.

لە ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ کۆنفرانسی پێرەو کە لە پاییزی ١٣٦١(١٩٨٠) دا گیرا، لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی شیمالدا ئاوا هاتۆوە: "هەوڵ و تەقەلای ئێمە و ئەو بەڵێنیانەی سەبارەت بە دابینکردنی داوخوازییەکانی گەلی کورد لە کاتی سەفەری ئایەتوڵائیشراقی و چەندکەس لە بەرپرسانی تر بۆ ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دران، بوونە هۆی دابڕانی سێ کەس لە ئەندامانی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چوار و بەرپرسی هێزەکانی شیمال سەربە باند. هاتنی ئەو هێزانە بۆناو

ریزەکانی شۆڕش و داکۆکی کردنیان لە بۆچوونی حیزب(پێرەوی کۆنگرە چوار) لە توێی بەیاننامەیەکی چڕوپڕ کە لە بەهاری ١٣٦٠دا، دایانەدەر، زەربەیەکی توند بوو کە لەناوچەکانی تەرگەوەڕ،مەرگەوەڕ،سۆمایبرادۆست، ئەنزەل، شپیران و شنۆیە وەدژی شۆڕش کەوت..." . پاشان زۆر بە راشکاوی ڕادەگەیەندرێ کە:" هاوکاری هێزەکانی لایەنگری شۆڕش لە ناوچەکەدا ئەزموونێکی باش بوو کە ئەگەر درێژەی پێ درابا دەیتوانی ئاکامی بە کەڵکی لە کوردستان لە پێناو شۆڕشدا لێ وەرگیرابا". بە داخەوە روانگەی بەشێک لە ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە بەرانبەر بە چارەنووسی نەتەوەکەمان بەو شێوەبوو. لەو بارەوە ئاماژە بە زۆر شتیتر لەو راپۆرتەدا کراوە کە نیشان دەدا کە ئەو کەسانە و یەک لەوان نووسەری ئەو دێڕانە، بە دڵبەستن بە تێئۆریەکانی حیزبی کۆمۆنیستی سەراسەری، چۆن تووشی خۆشباوەری بوون.

دوای داگیرکردن و دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکە، دەوڵەت نە تەنیا لە وادە و بەڵێنیەکانی پاشگەز بۆوە، بەڵکوو بە توندی کەوتە گێرەشێوێنی و ئاگری دژایەتی نێوان کوردەکانی خۆشترکرد و بە قازانجی خۆی کەڵکی لێوەرگرت. سەننار کە بە فڕوفێڵی دەوڵەتی زانی، زۆر هەڵپەرستانە بایداوە و رەحمانی کەریمی کردە پردەبازی پەڕینەوەی دووبارەی بۆناو حیزب. پاش ئەو رووداوانە پێرەوان نەیانتوانی وەک پێشوو لە ناوچەکەدا بمێننەوە، تەنیا سووکە پێوەندێک لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی لە راژان راگیرابوو.

لە سەرەتای پاییزی ١٣٦١ی هەتاوی(١٩٨٢) کۆمیتەی ناوەندی پێرەو لە ماڵی دایکی د.رەحیمی سەیفی قازی لە تاران کۆبۆوە. لەدانیشتنەکەدا، دوای باس و لێدوان لە بارودۆخی ئەوکاتی، بە پێویست زانرا کۆنفرانسێک پێک بهێنرێ. هەرلەو کۆبوونەوەدا پێشنووسێکی نیزیک سەد لاپەڕەیی بە ناوی"بەڵگەنامە پەسندکراوەکانی کۆنفرانسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران(پێرەوی کۆنگرەی چوار) کە بە راوێژکاری و هاوبیری حیزبی توودە ئامادە کرابوو خرایە بەردەستی بەشداربووان. راپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ کۆنفرانس چواربەشی لەخۆدەگرت؛

١- چاوپێداخشاندنێک بە سەر وەزعی دنیا
٢- لێکدانەوەی بارودۆخی ئێران
٣- کۆنگرەی چواری حیزبی دیمۆکرات و رووداوەکانی پاش ئەو
٤- تێکۆشانی پێرەوانی کۆنگرەی چوار و ئەرکەکانی داهاتوو وبڕیارنامەکانی کۆتایی کۆنفرانس.

ناوەرۆکی سەرجەمی نووسراوەکە، بەرگری و پشتیوانی لە سوسیالیزم و بەرەی دژی ئەمپریالیزم و هێڵی دژی ئەمپریالیستی خومەینی بوو. جگە لەوە بە بیانووی بارودۆخی زاڵ بەسەر ئێراندا، درووشمی ئەساسی حیزب، واتە دیمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران گۆڕانی بەسەرداهاتبوو. لە لاپەڕەی ٧٠ی بەڵگەنامەکاندا، بەو شێوە باسی درووشمی سەرەکی حیزب دەکا: "سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکی و دژی ئەمپریالیستی ئێران و دابینکردنی خودموختاری ئیداری و فەرهەنگی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و ئاوەدان و سەربەخۆدا... " بۆیە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

(پێڕەوی کۆنگرەی چوار) خەبات لە پێناو وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بە خەباتی سەراسەری خەڵکی ئێران دژی ئەمپریالیزمی جیهانی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و پێگە ناوخۆییەکانی بۆ دابینکردنی سەربەخۆیی راستەقینە و هەمە لایەنەی ئێران، دەبەستێتەوە و سیاسەت و کردەوەی خۆی لە ڕێگای دابینکردنی مافی مەشرووعی گەلی کورد بە پێی پێداویستی و بەرژەوەندیەکانی ئەو خەباتە سەراسەریە ڕێک دەخا". تێکڕای بەشدارانی کۆبوونەوە، کە منیش یەکێک لەوان بووم. بەڵگەنامەکانیان پەسند کرد.

واتە خۆ ماندووکردن و خۆبەکوشتدان و کات بە فیڕۆبردن و چاوپۆشی لە مافە سەرەتاییەکانی کورد و بەستنەوەیان بە بنەبڕکردنی ئاسەواری لق و پۆ و ڕایەڵەکانی دام و دەزگای دنیای سەرمایەداری لە هەموو کەلێن و قوژبنی ئەو وڵاتە یان و بەرینەی کە دەیان ساڵە ئەمپریالیزم تەڕاتێنی تێدا دەکا.!

بە داخەوە ئێستاش دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، ئەو ڕوانگەیە لە ناو بەشێک لە کۆمەڵگای کورد دا ماوە کە مسۆگەربوونی مافەکانی کورد دەبەستێتەوە بە دامەزراندنی سوسیالیزم و وزە و توانای بەشێک لە جووڵانەوەکە دەکاتە سووتەمەنی جووڵانەوەی سەراسەری و بە فیڕۆی دەبا.

دوای خوێندنەوەی راپۆرت و بەڵگەنامەکان، باسی چۆنێتی ڕاگەیاندنیان بە ڕێکخراوەکانی حیزبی هاتە گۆڕێ. بە لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی نەهێنی و نیوەنەهێنی ئەوکاتی، وادانرا لە هەر شوێنێک تەشکیلات هەیە، کۆمیتەی شار یان دێهات بە پێی هەڵسەنگاندنی خۆیان لە شانەکانی حیزبی کەسانێک بانگهێشتن بکەن ولێیان روون کەنەوە کە لەو وەزعەدا بە شێوەیەکیتر ناکرێ کۆنفرانس بگیرێ. بە هەرحاڵ مەبەست ئەوەبوو روخسارێکی بە ڕواڵەت دیمۆکراتیانە بدرێ بەو بۆچوونانەی کە حیزبی توودە لە پێش پێڕەوانی دانابوو تا بکرێتە هەوێنی کار و تێکۆشانی داهاتوویان.

دوای کۆتایی هاتنی ئەو شانۆیە، پێڕەوانی کۆنگرەی چوار چالاکتر لە پێشوو وەجموجۆڵ کەوتن. حیزبی توودەش بە دڵنیایی زیاترەوە یارمەتی ماڵی و ڕێکخراوەیی پێدەدان. هەروەها ڕێکخراوی فیدائییەکان(زۆربە) بەشێک لە گیروگرفتی ماڵی چارەسەر دەکرد. لەمەو بەدوا کاروباری تەشکیلاتیش راستەوخۆ کەوتە ژێر ڕێنوێنی و چاوەدێری حیزبی توودە. نامیلکەی ناوخۆیی تەشکیلاتی بە ڕێگای بەرپرسی تەشکیلاتی پێڕەو دەهاتە ناو کۆمیتە و شانەکانی حیزبییەوە. هەر لەو فەترەیەدا، بە مەبەستی بردنەسەری رادەی زانیاری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێڕەو لە لایەن تێئۆریسێنەکانی حیزبی توودەوە چەند دەورە دەرسی فەلسەفە، مێژوو، ئابووری و سیاسەت لە تاران دانرا. ڕۆژنامەی کوردستان(ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی پێڕەو) کە لە سەرەتای بەهاری ١٣٦٠ی هەتاوی لە چاپخانەی حیزبی توودە لە تاران چۆوە ژێر چاپ، لە باری ناوەرۆک و سەفحەبەندییەوە گۆڕانی بەسەرداهات.

لە پێناو بەسەرئەنجام گەیاندنی یەکێتی ڕێکخراوەیی بە تایبەت لە گەڵ فیدایییەکان کۆبوونەوەی سێ قۆڵی لە رادەی کۆمیتەکانی ناوەندی و شارەکاندا پێک دەهێنرا. لەو کۆبوونەوانەدا، وێڕای هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی تازە، هەواڵەکانی ڕۆژ و چۆنێتی هاوکاری هاوباش بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی دژی شۆڕش لە دەرەوە و ناوەوەی دەسەڵاتدا، دەهاتە ئاراوە. لە راستیدا لەو دانیشتنانەدا، جگە لە دووپاتکردنەوەی سیاسەتی داڕێژراوی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی توودە، کارێکی داهێنەرانە، نەدەکرا.

حیزبی توودەی ئێران بە پێی لێکدانەوەکانی، ستراتێژی تێکۆشانی لەسەر چەند خاڵی بنچینەیی دامەزراندبوو کە خالی هەرە گرینگی پشتیوانی بێ مەرج لە خەتی دژی ئەمپریالیستی خومەینی بوو. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە سیاسەتی ڕەخنە و یەکێتی گرتبوە بەر. بەو مانایە هەر بۆچوونێک لەو بازنەیە ترازابا بە دژی شۆڕشی دەقەبڵاند. حیزبی ناوبراو بۆ ئەوەی رادەی وەفاداری خۆی بە ئیمام و خەتەکەی نیشان بدا، هاوکاری هێزە سەرکوتکەرەکانی دەکرد. پێرەوانی کۆنگرەی چواریش هێزی دابەزێنەری سیاسەت وڕێبازی ئەو حیزبە لە کوردستان بوون. هۆی ئەوەی بە ئاشکرا پاشگری ڕێکخراوی ئەیالەتی حیزبی توودەی کوردستانیان بە دوای خۆدا راکێش نەدەکرد نەک لەبەر ئەوەبوو سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، بەڵکوو جگە لە ئۆگری بە حیزبی دیمۆکرات کە ریشەی لە رابردووی کۆنی کورددا بوو، پێیان وابوو بەو شێوە لە لایەک دەتوانن خەڵکێکی زیاتر لە دەوری خۆیان کۆکەنەوە و لەلایەکیتر لەگەڵ کاربەدەستانی رژێم(ئەگەرمەودایان پێدرابا) وەک نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک لە سەر کێشەی کورد وتووێژیان کردبا.

لەو سەروبەندەدا ولە گرمەی شەڕی عێراق وئێراندا، بازاری شەڕوکێشەی نێوان هێزەکانی لاینگری شۆڕش، خەتی ئیمام ودژبەرەکانی گەرم بوو. کوردی لێقەوماوی خۆمان لە هەردوولاوە کێشەی خۆی لەبیر کردبوو، لە کوردستان لاینگرانی ڕێکخراوە سەراسەرییەکان و ناوچەییەکان هەرکام بە مەبەستی تایبەتی و لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕێکخراوەکەیدا کەوتبوونە گیانی یەکتر. کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات سەرەڕای شەڕی براکوژی نێو خۆیان، لەسەر دەسەڵات، لەوەش غافڵ نەبوون کە هەرتاوناتاوێک بۆسەی تیرۆر و تۆقاندن بۆ توودەیی و فیدای و پێرەو و تەنانەت هەرکەس یا کەسایەتێکی ئایینی و سیاسی کە لە دەرەوەی بازنەی سیاسەت و بۆچوونی ئەواندا هەنگاوێکی هەرچەند بچووکیشی بۆ هێدی کردنەوەی بارودۆخەکە هەڵێنابا‌وە، دانێنەوە. مستەفای شارویرانی کەم ئەندام کوڕە مجێورێکی هەژار و لێقەوماوی مزگەوتی قوبڵەی مەهاباد، بە تاوانی لاینگری لە حیزبی توودە و هەروەها خالیدی بەدرنیا کە لە خێزانێکی مام ناوەندی و تا رادەیەک ناوبەدەرەوەی شار بوو بە تاوانی لاینگری لە فیدایییەکان، لە لایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە دەگیرێن و لە ڕێگای بردنیان بۆ بنکەی کۆمەڵە، گۆیا مستەفا وەدەنگ دێ و قسەیان لێ پەیدا دەبێ، ئەوانیش سێ و دووی لێناکەن و بە ئاسانی وەبەر گوولەی دەدەن و دەیکوژن. خالیدیش پاش ماوەیەک ئازاد دەکەن. ئێستاش نەزانرا ناوبراو بە چ تاوانێک و بێ ئەوەی لێکۆلینەوەی لەسەر بکرێ، بە خۆڕایی خوێنی ڕژا. هەر لەو کاتانەدا، هێرش دەکەنە سەر ماڵی چەند ئەندامێکی پێرەو و دەیانبەنە دەرەوەی شار و وەبەر گوولەیان دەدەن و رادەکەن.

مەلا کەریمی شاریکەندی یەکێک لەو کەسایەتیە ئایینی و نیشتمانپەروەرانە بوو کە لەناو خەڵکی مەهاباد و دەورووبەری بە پیاوچاکی ناسرابوو و قسەی لە لای خەڵک دەڕۆی. چەندکەس لە کاربەدەستانی ڕژیم، یەک لەوان جەلائیپور فەرمانداری ئەوکاتی مەهاباد جاروبار هاتووچۆیان دەکرد تا لە ڕێگای ناوبراوەوە هەم مەتمانەی خەڵک بەدەست بێنن و هەمیش جێ پێی خۆیان سەقامگیرکەن. پێرەوانی کۆنگرەی چواریش بۆ ئەوەی بتوانن بە ڕێگای مامۆستا مەلا کەریمەوە و بە ناوی ئەوەوە، داخوازیەکانیان بە گوێی کاربەدەستانی ڕژیم بگەیەنن، بە ڕێگای دووکەس لە ئەندامان(ئەحمەدی عەزیزی و حوسێنی بەخشی) پێوەندیان لە گەڵ ناوبراوەوە گرت و لە دانیشتنێکدا لە ماڵی خۆی، وێڕای باسی وەزعی پێرەوان و گوشاری ڕژێم لە سەریان، دەقی داخوازیەکانیان بە نووسراوە پێشکەش کرد. مامۆستا بەڵێنیدا لە دیدار لە گەڵ نوێنەرانی دەوڵەت ئەو داوایانە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران بێنێتە گۆڕێ. بە داخەوە پێش ئەوەی لە تەک ڕژیم بە ئەنجامێک بگا، لە سەرەتای نەورۆزی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی (٢٢ - ٣ - ١٩٨٢) دوای نوێژی نیوەڕۆ لە بەر دەرکی مزگەوتی مەولەوی وەبەر دەستڕێژی گوللەی پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە دەکەوێت و شەهید دەکرێ. لەو بارودۆخەدا پێرەوانی کۆنگرەی چوار لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیشەوە دەکەونە بەر هێرش و پەلامار. سێ ئەندامی پێرەو لە حاڵێکدا کە بە تاریکی شەو خەریکی بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسینی درووشم لە سەر دیوار دەبن، تووشی کۆمەڵێک چەکداری ڕژیم دێن وسەرەڕای ئەوەی  هاواردەکەن کە ئێمە پێرەوین، دەستڕێژیان لێ دەکەن و بە توندی برینداریان دەکەن و لە ئاکامدا دوو کەسیان هەرکام لاقێکیان لە دەست دەدەن. جگە لەوە ژمارەیەکی بەرچاو کە لە زووە گیرابوون هەر لە زینداندا ڕایانگرتبوون، چەندکەسێکی تریش ماوەیەک دوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکە گیران.

کاک ناسری خۆشکەلام ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێرەو لە سەرەتای زستانی ١٣٦١دا لە شاری بانە دەکەوێتە بەر دەستی جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی. پاش ماوەیەک ئەشکەنجە و جەزرەبەدان لە ڕێکەوتی ٤ی بانەمەڕی ١٣٦٢ی هەتاوی بە شێوەیەکی دڕندانە و نامەردانە تیرەباران دەکرێ. کاتێک تەرمی ناسر تەسلیمی بنەماڵەی دەکەنەوە، لە گیرفانی کەواوپاتۆڵەکەیدا دوو نووسخە وەسیەتنامە دەبیننەوە. یەکیان بۆ هاوڕێیانی حیزبی و ئەویتریان بۆ دایک وباب و دەزگیرانەکەی. ناوبراو لە هەدووکیاندا زۆر ئازایانە و بوێرانە و بە ڕاشکاوی بە پێی بیرووبۆچوونی خۆی بەرگری لە ڕێبازی حیزب دەکا و بە گڕ جەلادەکاندا دێتەوە و دەڵێ:" دەزانم کە بەدەستی دژی شۆڕش و کۆنەپەرستی ناو دەسەڵات دەکوژرێم... لەو کاتەدا یادی ئازایەتی مامە غەنی لە زیندانەکانی شادا و چۆک دانەدانی ڕەحمانی کەریمی من بە هێزتر دەکا تا لە بەرانبەر دوژمندا ڕاوەستاو بم و."..

بە داخەوە وەسیەتنامەکەی کە بۆ حیزبی نووسیبوو بە دەستەوە نییە. کاتێک لە شاخ بووین نووسخەی ئەسڵیمان لە لایەن بنەماڵەکەیەوە پێ گەیشت و لە لای من بوو. پاشان کە مامە ودووکەسەکەیتربە ناو پێوەندی گرتن لە گەڵ حیزبە براکان! دەهاتنە دەرەوە، داوای لێکردم لە تەک خۆی بیباتە دەرەوە. بە قسەی مامە دەبێ تەسلیمی عەلی خاوەری سکرتێری حیزبی توودەی کردبێ، ئەویش وادیارە لە ئارشیوی حیزبیدا بۆ ڕۆژی مەحشەر ڕایگرتووە! لەو ساڵانەی دواییدا ئەو وەسیەتنامەی کە بۆ بنەماڵەکەی نووسیوە بە دەستم گەیشت.

له سەرەتای ١٣٦١ هەتا بەهاری ١٣٦٢ ئیسلامیە تووندئاژۆکان پێ بەپێی پتەوکردنی دەسەڵاتیان لە ناو دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا، گوشاریان دەخستە سەر حیزبی توودە و لایەنگرانی لە سەراسەی ئێران. ئەوان زانیارێکی زۆریان لە سەر نفووزی ئەو حیزبە لە ناو ئۆرگانەکانی حکومەتی، بە تایبەت ئەرتەش و سوپای پاسداراندا بوو. دەشیانزانی کە پشتیوانی زلهێزێکی وەک یەکێتی سۆڤیەتی لە پشتە. هەربۆیە بە یارمەتی دەزگا جاسوسیەکانی غەرب بە تایبەت ئینگلیس، بە بیانووی جاسوسیکردن بۆ یەکیەتی سۆڤیەت کەوتنە گیانی و بە سەدان کەسیان لێ گرتن وبە دەیانیشان ئێعدام کرد. بەم شێوە مەلاکان ئەمەکداری خۆیان بەو کەسانەی کە رۆڵی هەرە گرینگیان لە پێناو سەقامگرتنی دەسەڵاتیاندا گێڕا نیشاندا. هاوکات لە گەڵ هێرش بۆ سەر حیزبی توودە، فیداییەکان و پیرەوانیش وەبەر شەپۆلی ڤین و تووڕەیی کۆنەپەرستان کەوتن. زۆربەی ئەندامانی کوردی توودەیی و فیدایی و پێرەو کە لە کوردستان دەژیان دەرفەتی دەربازبوون لە سنووره دەستکردەکانیان بۆ ڕەخسا و بە یارمەتی هێزە بەرهەڵستکارەکانی دژ بە ڕژێمی بەعس وەک پارتی و حیزبی شیوعی لە گەرمێن گیرسانەوە و چەند ساڵێک لە چاوەڕوانی بێ ئاکامدا مانەوە.

چۆنێتی خۆ دەربازکردنی کوردەکانی لایەنگری حیزبی توودە بە پێرەو و فیداییشەوە لە چنگی پیاوکوژەکانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها گیرسانەوەیان بۆ ماوەی نیزیک بە ٥ ساڵ لە شاخ و هەردەکانی کوردستان و هەڵسەنگاندنی باری نالەباری ژیانیان و لە چاوەڕوانی مانەوەیاندا پێویستی بە لێدوانی تایبەتی هەیە. بە کورتی هەوڵ دەدەم ئاوڕێک لەو ڕووداوە،بەتایبەت ئەو بەشەی پێوەندی بە پێرەوانەوە هەیە بدەمەوە.

هێرشی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی توودە لە چەند قۆناغی جیاوازدا بەڕێوەچوو. لە بەهاری ١٣٦١(١٩٨٢)دا ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی وکادرەکانی گیران، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی هێشتا مەتمانەی بە ئیمام و خەتەکەی لە دەست نەدابوو و پێی وابوو ئەو هێرشانە بە پیلانی دژی شۆڕشی دزەکردوو لەناو دەسەڵاتدا بەڕێوە دەچێ و خومەینی ئاگای لێ نییە. لە ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٦١ی هەتاوی سکرتێری گشتی حیزب "کیانووری"وچەندکەس لە بەڕێوەبەری و ئەندامان کەوتنەبەر هێرشی رژیم. دوای ئەوەی "سەرەچەرمەکە ئاو بردی" کەوتنە پەلەقاژە و لێیان وەراست گەڕا و هەستیان بەمەترسی کرد و هێندێک ئاڵوگۆڕیان لە ڕێکخراوەکانیاندا پێکهێنا.

بەو پێیە پێرەوانی کۆنگرەی چواریش خۆیان کۆکردەوە. سەرەتای مانگی گوڵانی ١٣٦٢ (١٩٨٣) هێرشی سەراسەری بۆ راودونان وگرتنی توودەییەکان دەستی پێکرد. دەزگای پاراستنی کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو چەشنە ئامرازێکی ئەشکەنجە و جەزرەبەدانی لەش و ڕەوان بۆ بە چۆکدادانی زیندانیەکان، توانی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی بە ناو "ئێعتراف" وەرگرتن بێنێتە سەر تەلەفیزیون تا بەم شێوە کەسایەتی و کەرامەتی ئینسانیان تێک بشکێنێ و بە چۆکیاندابێنێ. لە ١١ی گوڵان دوکتور 'کیانور'ی سکرتێری گشتی حیزبیان هێنا سەر تەلەفیزیون و ئەوەی سەبارەت بە خەیانەتکردنی حیزبی توودە لەمەڕ پێوەندی و بەستراوەیی بە حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت و سیخوڕی کردن بۆ ئەو وڵاتە و هەروەها هەڵەو چەوتی بیروبۆچوون و ئامانجەکانی حیزب، لێیان داواکردبوو، بە خەڵک و

لایەنگرانی حیزبی ڕاگەیاند. بەم شێوە کۆماری ئیسلامی لە سەرجەمی خۆیدا، بە خەتی ئیمام و بێ خەتەوە لە گەلەکۆمەکێکی هەمە لایەنە و لە پێناو پتەوکردنی دەسەڵاتی ڕەشیاندا، بەو پەڕی بێ ئەخلاقی دەستیان بە گرتن و کوشت و بڕی کەسانێک کرد کە تا دوێنێ خزمەتی زۆریان بە پەرەپێدان و سەقامگرتوویی سیستەمەکەیان کردبوو. هاوکات لە گەڵ هێرشی کۆماری ئیسلامی، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە توێی ئاگادارێکدا ئامادەیی خۆی بۆ پەنادانی توودەییەکان لە کوردستان، واتە لەو شوێنانەی بنکەی حیزبی لێیە، ڕاگەیاند.

هەرچەند ژمارەیەکی کەم لە ئەندامانی حیزبی توودە بە ڕێگای حیزبی دیمۆکراتدا خۆیان ڕزگار کرد، بەڵام ئەو ڕاگەیاندنە لە خۆیدا نیشانەی هەست بە بەرپرسیایەتی کردن و وەلانانی گیانی تۆڵە ئەستاندنەوە لەو هەلومەرجە دژوارەدا بوو کە داوێنی حیزبی توودە و لایەنگرانی گرتبوو.

پێرەوانی کۆنگرەی چوار بە هۆی نیزیکایەتی و دۆستایەتی لە گەل پارتی و هەروەها شارەزاییان بەسەر ناوچەکەدا، هاوکات لە گەڵ هێرشی ڕژیم توانیان بە ڕێگای گوندی "ڕاژان" دا و بە یارمەتی پارتی لە یەکەم وەجبەدا ٢٥ کەس لە ئەندامانی بەڕێوەبەری و کادر دەربازی ئەودیوی گەرمێن بن. هەر لە ڕاژانەوە راسپاردەمان نارده تەورێزو کاک غەنی و کاک حەمەدەمینمان هێنا ڕاژان. لە تەورێز داوا لە کاک عەلی گەلاوێژ و چەند کەسیتر لە ئەندامانی حیزبی توودە کرابوو بە ڕێگای ئێمەدا دەرباز بن، بەڵام بەداخەوە گوێیان نەدابوویە و ئاخرسەر وەچنگ ڕژیم کەوتبوون و سەریان تێداچوو.

ڕۆژی ١٩ی مانگی گوڵانی ١٣٦٢(١٩٨٣) بەرەو "لۆلان" وەڕێ کەوتین لە بەرژەوەندی پارتی دا نەبوو ئەو جەماعەتە لە سەر سنووری دەستکرد راگرێ. بڕیاردرا بەرەو بادینان دوور خرێنەوە. کاک غەنی و کاک حەمەدەمین و ئەحمەدی عەزیزی و ئەندامێکی حیزبی توودە مانەوە. قەراردرا ئەو برادەرانە هەوڵ بدەن ئەوانەی گیانیان لە مەترسیدایە دەرفەتی دەرباز بوونیان بۆ مسۆگەر بکەن. ئێمە(نزیک ٢٦ کەس)لە تەک چەند پێشمەرگەی پارتی بەرەو بادینان وەڕێ کەوتین. پاش نیزیکەی چوار ڕۆژ ڕێپێوان ئێوارەیەکی درەنگ لە نزیک گوندی "حاجی بێرووخ" ڕاسپاردەیەکی پارتی لە پشت سەرمان لە دوورەوە هەرای کردین و داوای سێ کەس "مەحموود"و"مەجید"و"سەعید"ی کرد و کوتی لە لۆلانەوە بەرقیە (واتە بێسیم) لێدراوە و دەبێ ئێوە بچنەوە وێندەرێ. بەلامانەوە سەیربوو، بۆچی ئاوا بە پەلە برادەران داوامان دەکەن. جەماعەت ڕێگایان بەرەو بادینان درێژە پێدا و ئێمەش سێ کەس(ناوی نەهێنی من سەعید بوو) لە گەڵ ناردراوی پارتی گەراینەوە. پاش چەند سەعات گەیشتینە مقەری بارزان لە دەشتی بەرازگر. بە حورمەتەوە وەریان گرتین. شەومان ڕۆژ کردەوە و بەیانی سێ کەسیان ڕەگەڵ خستین و سەرلە نوێ ڕێگای براوەمان برێوە،تا گەیشتینە بنکەی دەفتەری سیاسی پارتی لە لۆلان. بە هۆی ئەوەی ئەو سێ پێشمەرگەیە حاڵی نەکرابوون کە ئێمە کێین لە ڕێگادا وەک گومانلێکراو و دژ بە خۆیان هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دەکردین. پاشان بۆمان دەرکەوت کە خراپیان تێگەیاندوون و تەنیا ئەوەندەیان پێ کوتوون: " ئەوانە تەسلیمی لۆلان کەن."

لە وێندەرێ مامە غەنی بلوریان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆ چی داوای گەڕانەوەی ئێمەتان کردووە گوتی:" ئێوە بە ڕێوە بوون کە کاک حەمەدەمین مەوزووعێکی هێناگۆڕێ، نەزەری ئەوەیە کە مانەوەمان لێرە سوودی نییە و واچاکە تەرتیبی چوونە دەرەوەمان بۆ وڵاتێکی ئورووپایی بدەێن."

لەو وەزعەدا، زۆر کەم و کووڕی و گیروگرفت لە پێشمان بوو کە دەبوایە ڕێگا چارەیان بۆ بدۆزینەوە و خۆمان لەو قەیرانە کە لە ئاکامی هێرشی کۆماری ئیسلامی تووشمان بووە ڕزگار کەین. ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانەی گیانیان لە مەترسیدابوو بە نەهێنی لە ناوەوە دەژیان و پێویستیان بە یاریدەدانی ئێمە بوو. لە باری فکری و سیاسیەوە دەبوایە پێداچوونەوەیەک بکەین و خۆمان بۆ هەلومەرجی پێشهاتوو ئامادە بکەێن و... بەڵام بە داخەوە چەند کەس لە برادەرانی دەفتەری سیاسی بە تایبەت مامە غەنی و کاک حەمەدەمین بە بیانووی پێوەندی و مەشوەرەت کردن لە تەک حیزبی توودە پێیان لەسەر چوونە دەرەوە دادەگرت و هەموو چارەسەرێکیان لەو ڕوانگەوە دەبینی. بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم کە سەرەرای دژایەتی کردنی من و ئەحمەدی عەزیزی لەسەر چوونە دەرەوەی بەرێوەبەرایەتی و تەنانەت هەڕەشە و گوڕەشەی مامە غەنی لە ئێمە، دەفتەری سیاسی بە زۆربەی دەنگ بڕیاری پەسندکردنی ئەو پێشنیارەی دا. بە داخەوە چەند کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی وەک غەنی بلوریان و حەمەدەمینی سیراجی کە تەمەنێکی زۆریان لە ناو جووڵانەوە و کاری سیاسیدا تێپەڕکردبوو و دەیانتوانی بە کەڵک وەرگرتن لە کەسایەتی و ئەزموونەکانیان چارەنووس و پێگەی پێڕەو بە بارێکیتردا بخەن، بە خولانەوە لە بازنەی فکری و سیاسی حیزبی توودە و گرێدانی هەرچەشنە هەنگاوێک بەو حیزبەوە، ڕێگەی بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی چارەسەرێکیتریان لە خۆیان و هاوفکرانیان بەستبوو. ئەو بۆچوونە بە مانای پاکانەکردن بۆخۆم و هەواڵانی هاوتەمەنی خۆم نییە. ئێمە ئەزموونێکی ئەوتۆمان لە چەم و خەمی سیاسەتدا نەبوو. وەک سەدان لاوی دیکە بە ئەوینی خزمەت بە نەتەوەکەمان، ئارمانی کۆمەڵگای بێ گەردی سوسیالیستیمان لە مێشکدا پەروەردە کردبوو و ببووینە دەروێشی ئەو ڕێگایە. ئێمەش هەرکام بە پێی رادەی پلەو پایەی تەشکیلاتیمان بەرانبەر بە هەرچەشنە بڕیارێک بەرپرس بووین، بەڵام بۆچوون و هەڵوێستی ئەو کەسایەتیانەی کە لە کۆمەڵگای وێنەی کوردەواریدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، زەقتر و بەرچاوترە. لە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، کاتێک بەرژەوەندی تاقمێک یان کۆمەڵێک بەستراوەتەوە بە بڕیاری کەس یان کەسانێک پێویستە بەو پەری بەرپرسیایەتیەوە و بێ لەبەرچاوگرتنی قازانجی شەخسی، بیر لە چارەنووس و بەرژەوەندی گشتی بکرێتەوە. لێدوان و بڕیاراتی سەرجەمی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی پێڕەو لە چوارچێوەی خۆدەربازکردن لە شاخ پەنگی دەخواردەوە و هەرئەوەش بووبە یەکێک لە هۆ سەرەکیەکانی لە ناو چوونی پێڕەو و پرش و بڵاو بوونی زیاتر لە ٣٠٠ کەس کە چەند ساڵ لە چاوەڕوانیدا مانەوە و دەیانتوانی ببنە بەشێکی چالاک لە جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ڕۆژی ٢٧ی گوڵانی ١٣٦٢(١٩٨٣) کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی پێڕەو لە بنکەی سەرکردایەتی پارتی لە لۆلان پێکهات. لەو کۆبوونەوەدا پاش هێندێک باسی لاوەکی سەبارەت بە هێرشی حکومەت، مامە غەنی لەسەر داواکەی کاک حەمەدەمین، پێشنیاری چوونە دەرەوەی خستە بەر باسی کۆبوونەوە، ئەوان بە ئاگاداری لەسەر ئەوە کە لە لایەک ئیمکانی چوونەدەرەوەی

هەمووان نییە و لە لایەکیتر چەندکەس دژی چوونەدەرەوەن، کوتیان جارێ با سێ کەس بۆ پێوەندی لە گەڵ حیزبی توودە بچنە دەرەوە. کە باسی مەسەلەی هاوڕێیانی ناوشاروگوندەکان و چۆنێتی دەرباز کردنیان هاتە گۆڕێ، کاک حەمەدەمین وەدەنگ هات وگوتی:"لە ئورووپارا بە تەلەیفوون پێوەندیان لە گەڵ دەگرین .!"

کە ئەوەش خۆی هەڵایەکی زۆری لێکەوتەوە. بەهەرحاڵ پاش دوو جار دانیشتن بڕیاردرا کۆبوونەوەی بەرینتر واتە پلۆنۆمی بۆ بگیرێ. هەروەها لەو کۆبوونەوانەدا باسی پێوەندی لە تەک هاوڕێیانی حیزبی شیوعی عێراق هاتە گۆڕێ و قەرار درا ئەوانەی لە بادینانن بێنەلای حیزبی شیوعی نیشتەجێ بن. لەو سەردەمەدا واتە بەهاری ١٩٨٣ شیوعیەکان کەتبوونە بەر هێرشی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و بنکەو بارەگاکانیان لە پشت ئاشان کەوتبووە بەر شاڵاو و ژمارەیەک لە کادرو پێشمەرگەیان لێ شەهید کردبوون. لەو بارودۆخەدا جەماعەتێکی زۆر لە پێرەو و فیدایی و توودەیی رۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆربەشیان هەلومەرجی دژواری ژیانی شاخ و کێویان تاقی نەکردبۆوە، بە ڕێگای جەڵدیان وگردەسوور و گردی کاولان و زێوکەدا، بە یارمەتی حیزبی شیوعی خۆیان گەیاندبوە ناوچەی رۆست و ببوونە بار بە کۆڵ ئەو حیزبەوە. سەرەرای ئەوە بەو پەڕی لە خۆبردووییەوە پێشوازی لێکردن وتا سەر وەک بنەماڵەی خۆی ئەرکی پاراستن و بەخێوکردنیانی خستە ئەستۆ و بەدەرد و مەرگیانەوەبوو. ئەو یارمەتیەی کە لە ماوەی چەند ساڵاندا پارتی و بە تایبەتی حیزبی شیوعی بەو کەسانەیانکرد لە نەوعی خۆیدا بێ وێنە بوو. زۆرکەس لەوانەی ئێستا زیندوون چ لە ناو خۆی وڵات چ لە هەندەران، ژیانی خۆیان لەوان دەزانن و ئەو میوانداری و ئەمەگداریەیان لە بیر نەچۆتەوە. لە ئاخر ڕۆژەکانی مانگی گەلاوێژی ١٣٦٢(١٩٨٣) دا، کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پێرەو، بە باشداری زۆربەی ئەندامانی ناوەندی و راوێژکار لە داوێنی چیاکانی لۆلان گیرا و ناوی پلۆنۆمی لێنرا. کۆبوونەوە لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە قسەی کرد.

١- لە سەر پێشنیاری مامە غەنی، قەرار درا سێ کەس (مامە و کاک حەمەدەمین و نەوید) تەنیا بۆ باس و مەشوەرەت لە گەڵ حیزبی توودە و چەند لایەنیتر، بچنە دەرەوە و لە ماوەی ٣ تا ٤ مانگدا بگەڕێنەوە کوردستان.
٢- مانگێ جارێک مانگنامەیەک بە ناوی "رێبازی کوردستان" بە جێی "کوردستان" لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە دەرچێ.
٣- تا گەڕانەوەی ئەو سێ کەسە، کاروباری کۆمیتەی ناوەندی بە شێوەی شووڕایی بەڕێوە بچێ و هەر ١٥ڕۆژ جارێک کەسێک بەرپرسی هەڵسووڕانی کارەکان بێ.
٤- سێ کەس بۆ کۆمیسیونی تەشکیلات دیاری کران و بڕیاردرا بە کاری ناوەوەش رابگەن.
٥- بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانی پێوەندی و ماڵی و هەروەها راگەیشتن بە کاروباری مقەر، بەرپرس دیاری کرا.

لە لایەن توودەییەکانیشەوە کاک بابەکر(حەمەدەمینی چیرە) دیاری کرابوو تا لە گەڵ ئەو سێ کەسە سەفەر بکا. لە مانگی پووشپەڕی هەمان ساڵدا، کاروباری برادەران جێبەجێ بوو و هەر چواریان لە نێوان بەدرەقەی گەرمی هاوڕێیان بە هیوای ئەوەیکە خێری تێدابێت، بەرەو سەفەری نابەڵەدی وەڕێ کەوتن. جاماعەتیش بەو پەڕی دڵگەرمی خەریکی کەندەوەکۆشی و دابیینکردنی کەرەسەی ژیان ودۆزینەوەی شوێنی ئەمن بۆ مانەوە ودرووستکردنی سەرپەنا و نانەوەی ئازووقە و سووتەمەنی

بۆ زستانی کوێستانە ساردەکانی کوردستان بوون. ئاخروئۆخری پاییز پاش زیاتر لە سێ مانگ، بە ڕێگای هاوڕێیانی شیوعی دا، نامەیەکی کورتی مامە غەنی مان پێگەیشت . لە نامەکەدا نووسرابوو:" بە هەزار زەحمەت و کوێرەوەری گەیشتینە جێ. ئەگەر بمزانیبا ئاوا تووشی چەرمەسەری دەبووین نەدەهاتم". فارس گوتەنی: "ساڵی خۆش لە بەهاریڕا دیارە". لە نامەکەی مامەش ڕا وادەردەکەوت کە بەم زووانە ناگەڕێنەوە(کەچی هەر نەشگەڕانەوە.)

زستانی ئەو ساڵەمان هەرچۆنێک بێ تێپەڕکرد. بەهار داهات و لە کۆچکردووەکان خەبەرێک نەبوو، تەنیا نامەیەکی کاک حەمەدەمین نەبێ کە نووسیبووی:" تا ئێستا نەمانتوانیوە پێوەندی بە حیزبی توودەوە بگرین، ناچارین جارێ بمێنینەوە. هاوناوەکەی ملازم چۆتە سەفەر نەهاتۆتەوە". هاوڕێکی کۆمیتەی ناوەندیمان هەبوو بە ناوی نەهێنی ملازم عەلی(عەتا دەباغی) مەبەستی کاک حەمەدەمین لە هاوناوەکەی ملازم ،عەلی خاوەری سکرتێری گشتی حیزبی توودەبوو کە لە پڕاگ دەژیا.

لە مانگی گوڵانی ١٣٦٣دا هاوڕێ بابەکر لە سەفەری دەرەوە گەڕاوە. خۆشی هەموومانی داگرت، پێمان وابوو بە دەستی پڕەوە گەڕاوەتەوە، بەڵام بە داخەوە شتێکی ئەوتۆی پێ نەبوو. گوتی: "هاوڕێیان سڵاویان هەیەو قەرارە بەم زوانە پەیکی حیزب بێ و وەزعەکە روون کاتەوە، بە ئێمەیان گوتووە لەمەودوا بە ناوی کۆمیتەی مهاجرت کاربکەن". وەزعی برادەرانی توودەیی هەتا ئێرە ئاوا روون کرابۆوە، سەبارەت بە پێرەوانیش گوتی:"قەرارە کاک حەمەدەمین ونەوید بگەڕێنەوە، دەبێ خۆمان و ئەو هێزە ڕاگرین تا هاوڕێیان دێنەوە". نامەیەکی مامە و کاک حەمەدەمینی هێنابوو کە تێیدا نووسرابوو "هاوڕێیان، ئەوە هاوڕێ بابەکر هاتەوە لاتان، تا ئێستا مەسائیلمان حەل نەبووە"! (دیارە مەسەلە تواندنەوەی بە بێ دەنگی پێرەو لە حیزبی توودەدا بووە).

نیزیک بە دە مانگ چاوەڕوانی هێشتا برادەران مەسائیلیان حەل نەکردبوو، سەرەڕای ئەوەش دڵخۆشێک بەوەمابوو کە بەم زووانە "پەیکی" حیزب دێ و لەو سەرگەردانیە دەمانهێنێتە دەر. هەموو پێیان وابوو بەو زوانە بە شێوەیەک تواناکان وەکار دەخرێن وتەنانەت دەنگۆی ئەوە هەبوو کە لەوانەیە حیزب درووشمی ڕووخانی رژیم هەڵگرێ و دوور نییە پێویستی بە هێزی چەکداریش بێ.

بەڵام ئەوانە هەمووی ئارەزوو و خەیاڵ بوون. زۆری نەخایاند زەردی ونائومێدی و هەست بە بۆشایی و نەبوون کردن بە ناوچاوانی هێندێکانەوە دیارکەوت و وەک خۆرە ئەوانی دیکەشی داگرت. بەتایبەت دوای هاتنەوەی هاوڕێ بابەکر بە دەستی بەتاڵ و نەگەیشتنی پەیکی حیزب پاش چەند مانگێک،دڕدۆنگی و دووبەرەکی کەوتە ناو ریزەکانی هەرسێ ڕێکخراو. لەناو پێرەودا بەرپرسی تەشکیلات، خەریکی دنەدان بوو و ژمارەیەکی رەگەڵ خۆی خستبوو و لە ژێرەوە و بە نەهێنی خەریکی پێوەندی لە گەڵ حیزبی دیمۆکرات بوو. بۆ ئەومەبەستەش دووکەسی بە بەهانەی دیدار لە تەک خزم و قەومان نارده لای حیزب و بەڵێنی پێدابوون کە ئەوانیش لە داهاتوویەکی نزیکدا دەچنە لایان. بەڵام لەو سەروبەندەدا حیزبی دیمۆکرات

تەنیا بە مەرجی نووسینی "تۆبەنامە" توودەییەکانی وەردەگرتەوە. تەنانەت چەندجارێک هاوڕێیانی شیوعی بە رەسمی داوایان لێکردبوون تا ئەو جەماعەتەی لە لای خۆیان راگرن و هاوکارییان لە گەڵ بکەن. بە قەولی شیوعیەکان وەڵامی حیزب ئەوەبووە کە دەبێ "غەڵەتنامە" بنووسن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە بەر لە گەیشتنی ئەو چوارکەسە بۆ پراگ،ناردراوێکی حیزبی توودە، برادەرێکی خوێن شیرن و ئازاو لەبەردڵانی کرماشانی بە ناوی "عەلی" لە لایەن کۆمیتەی بروون مەرزی واتە کۆمیتەی دەرەوەی حیزبی توودە، بە یارمەتی هاوڕێیانی شیوعی رێگای چەندین رۆژەی نێوان سنووری دەستکرد لە قامشلی را هەتا کێوەڕەش لە سێ سنوور کە شوێنگەی گیرسانەوەی ئەو کاتی ئێمە بوو، ئازایانە بڕیبوو و خۆێ گەیاندبووە لامان. بۆ ئەوەی ناوەکەی لە گەڵ عەلییەکانی تر تێکەڵ نەبێ، ناویان نابوو"عەلی بروون مەرزی."

کاتێک جەماعەت چاویان بە عەلی کەوت، گەلێک خۆشحاڵ بوون، لە ناوەوە پۆل پۆل خەڵک دەگیران و ئێعدام دەکران، رۆژ نەبوو هەواڵێکی ناخۆش نەبیسرێ، جگە لە ژیانی پڕلە چەرمەسەری وبێ ئیمکاناتی، مەترسی هێرشی هەرسێ دەوڵەتی ئێران و عێراق و تورکیەش هەڕەشەی لێدەکردین. سەرەڕای ئەوە هەموو لایەک ئامادەی کار و تێکۆشان و رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ هەرچەشنە مەترسێک بوون.

بە مەرجێک لەو سەرگەردانیە نەجاتیان هاتبا . بەڵام پەیامی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی توودە لە توێی نەوارێک دا کە ناردبوویان، ئاوێکی ساردی بەسەر لەشی گەرمی هەموان داکرد و هەرئەوەبەس بوو تا بۆمان دەرکەوتبا کە ئەوانە سوارچاکی ئەو مەیدانە نین.

لە ناو بەڕێوەبەرایەتی حیزبی توودە لە دەرەوەی وڵات، کەسێکیان ئامادەیی خۆی بۆ هاتنی شاخ رادەگەیەنێ. ئەوکەسە لەگەڵ "عەلی" خۆ دەگەیەننە سووریە.لە دیمێشق لە لای هاوڕێیانی شیوعی بە بیستنی سەخڵەتی و نائەمن بوونی رێگای گەیشتن بە بنکەکانی ئێمە،کە تێپەڕبوون بەناو سەیتەرەی بەعس و ژاندارمی تورکی لە پێشدایە، ترسی رێدەنیشێ و داوای گارانتی لە هاوڕێیانی شیوعی دەکا! دیارە وەڵامی ئەوانیش روونە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بەڕێوەبەرایەتی و کادرو ئەندامانی حیزبی شیوعی بە لاو و پیرەوە لە ساڵدا بە دەیان جار ئەو رێگایەیان بە پێیان دەپێوا و زۆرجاریش تووشی بۆسە و هێرشی جەیش وژاندارم دەهاتن.

بە هەرحاڵ کاکی سەرکردە شریتێکی نزیک بە یەک سەعاتە پڕدەکاتەوە و بە هاورێ "عەلی"دا دەینێرێ. لە قسەکانیدا دوای ئەوەی ئاماژە بە شکان و ورە لەدەستدانی رێبەرایەتی حیزب لە زینداندا دەکا، جەخت لەسەر ئەوەش دەکات کە سیاسەت و بۆچوونەکانی رابردووی حیزب بەرانبەر بە شۆڕش و کۆماری ئیسلامی دروست بووە و ئێستاش ئەگەر هەلومەرجێکی ئاوا بێتە ئاراوە، هەرئەو سیاسەتە دەگرینە پێش.

پاشان بێ ئەوەی باسی ڕێبازی داهاتووی حیزب بکا، داوا لە هاوڕێیانی شاخ دەکا تا بیرو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە سیاسەتی داهاتووی حیزب بە نووسراوە تەسلیمی هاوڕێ "عەلی" بکەن.

برادەرانی توودەییش لە چەند لاپەڕەدا، وێڕای لێکدانەوەی بارودۆخی ئەوکاتی داوایان کرد کە پێویستە حیزب بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە و شێلگیرانە خۆی بۆ خەباتێکی هەمەلایەنە دژی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکا و لەو هێز و ئیمکاناتەی کە بە یارمەتی حیزبی شیوعی لە شاخ پێکهێنراوە کەڵک وەرگرێ و لە پێناو نزیک بوونەوە لە حیزبی دێمۆکرات وئۆپۆزیسیونی ئێرانی تواناکانی وەگەڕ خا.

ئێمەش وەک پێرەو بە نامە و بە قسە داواکانمان ڕاگەیاند. بە تایبەت لەسەر ئەوە سووربووین کە هیچ چەشنە بڕیارێک لە سەر چارەنووسی پێرەو بە بێ ئاگاداری کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە نەدرێ. هەروەها داوامان لە برادەران کرد هەرچی زووتر بگەڕێنەوە و چیتر لە چاوەڕوانیدا نەمانهێڵنەوە. پاش ماوەیەکی زۆر پێمزانی کە ئەو سەرکردەی زاتی نەبووە بێتە کوردستان و شریتی ناردبوو،"بابەکی ئەمیرخوسرەوی" ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی توودە بووە کە بە دوای پلۆنۆمی ١٦دا ئالای دژایەتی لەگەڵ "سەفەری"و"لاروودی"و"خاوەری" هەڵکردبوو و بە تەمابووە لە مەسەلەی هاوڕێیانی شاخ بە قازانجی خۆی لە کێشە ناوخۆییەکانی حیزبیدا کەڵک وەرگرێ.

لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦٣دا بە بۆنەی ٣٩ هەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دیمۆکرات، ئاهەنگێکی خۆشمان بەڕێوەبرد. لە سەرەتای مانگی سەرماوەزی ئەوساڵەدا خەبەریان داینێ کە چەندکەس لە ئەندامانی بەڕێوەبەری حیزبی دێمۆکرات هاتوونەتە ئەو ناوە تا بێنە لای ئێمە. بارانێکی توند دەباری، لە ئەرمووشی پەنا کێوەڕەش، حامیدی گەوهەری، فەرێدونی میتران، سەعیدی ئەفشار و ڕەسووڵی ئاریا، لێمان وەژوور کەوتن. بە بینینیان گەلێک شاد بووین. ناوبراوان لە کۆنگرەی شەشی حیزبدا و پاش کۆنگرە، لەسەر گیروگرفتی ناو حیزبی و جیاوازی بیروڕا بە تایبەتی مەسەلەی داسەپاندنی نامیلکەی کورتە باسێک لەسەرسوسیالیزمی دیمۆکراتیک و مکانیزمی بەڕێوەبەری حیزب، ناکۆکی و کێشەیان لێ پەیدادەبێ.

هەرکام لەو کەسانە بە پێی رابردووی کار و تێکۆشان و پلە و پایەی حیزبی و ڕادەی زانیاریان لە سەر بارودۆخی ئەوکاتی، جێگایەکی دیاریکراویان لە ناو حیزب و لایەنگرانی حیزب دا هەبوو. ئەوان لە لای خۆیان حیسابێکی تایبەتیان بۆ پێرەو کردبۆوە. بەو نیازە هاتبوون تا بەڵکوو، بە هاوکاری لە تەک پێروان دا، ڕێگا چارەیەک بۆ خۆیان و کۆمەلێکی زۆر لە هاوبیرانیان کە بە خاو و خێزانەوە نیزیکەی ٥٠٠ کەس دەبوون و لە هەڵ و مەرجێکی دژواردا دەژیان، بدۆزنەوە و بە یەکخستنەوەی هێز و توانایان لە گەڵ پێرەو، چالاکانە بەشداری کار و تێکۆشان بن. هەر چوار کەسیان لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە گەڵ کۆمیتەی ناوەندی پێرەو دا، پێشنیارەکانیان بەم چەشنە خستە ڕوو.

- ئێستا کە وەزعی ئەولا (لای قاسملو) لە شپرزە بووندایە، ئێمە دەتوانین بەیەکەوە هێزەکانمان تێکخەینەوە و بە ناوی

حیزب دەس بەكار بین.

- ئێمە خۆمان بە پێڕەو دەزانین و سیاسەتی حیزبی توودەمان قەبووڵە.

- پێویستە لەباری ئیمكاناتی ماڵیشەوە یارمەتیمان بدەن.

رەنگە هەر چوار كەس لە لای خۆیان وایان حساب كردبێ كە چوون ئێمە سەربە حیزبی توودەین و میوانی حیزبی شیوعین و ئەوانیش لەگەڵ زلحیزبی كومونیستی دەسەڵاتداری یەكیەتی سۆڤیەت بران، دەبێ لە چ ناز و نێعمەتێكدا بژین و چ ئیمكاناتێكمان بۆ تەرخان كرابێ ؟ نەیاندەزانی ئێمە، لەوان بێ دەرەتانترین و ئەگەر یارمەتی هاوڕێیانی شیوعی نەبا ، كە ئەوانیش پیاو لە حەق لانەدا، لە خۆیان دەگێڕاوە بۆ ئێمە، هیچ چەشنە دەراوێكی روونمان شک نەدەبرد. لە كاتێكدا بەڕێوەبەرایەتی حیزبی توودە لە دەرەوە، لە كۆبوونەوەكانی حیزبیدا فرمێسكی بە درۆیان بۆ هەڵدەرشتین و زۆر جار بۆ ئەووەی ورەی پەنابەرەكان بۆ یەكیەتی سۆڤیەت، بەرز راگرن، ئاماژەیان بە خۆڕاگری و بارودۆخی كوردەكانی شاخ كردووە و تەنانەت وایان نواندووە كە پێوەندی راستەوخۆیان لە گەڵیان هەیە و یارمەتیان پێ دەگەیەنن و لەوانەیە بەم زوانە شەڕی چەكداریش رابگەینێ، لە خۆیان نەگرت، تا بۆ یەک جاریش بێ، سووكە یارمەتێک بۆ هاوسەنگەرەكانیان بە رێگای هاوڕێیانی شیوعی دا بنێرن. كەچی كاتێک هاتینە دەرەوە گوێبیس بووین كە بە ناوی یارمەتی ناردنەوە بۆ برادەرانی شاخ، پووڵ و پارەیەكی زۆریان كۆ كردۆتەوە و خواردوویانە. تەنانەت ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی فارسی حیزبی توودە، جگە لە فرۆفیشاڵ هیچ هەستێكی هاوكاری و دڵسۆزییان بەرانبەر بەو جەماعەتە كوردە لێقەوماوەی شاخ نەبوو، برادەرانی كوردی خۆمان لەو پەڕی بێ دەسەڵاتیدا، دەستەوەستان مابوونەوە و نەیانتوانی بە دوور لە سەركردایەتی حیزبی توودە چارەیەک بدۆزنەوە و ئاوڕێک لە هاو قەتارەكانیان بدەنەوە. بە هەر حاڵ پاش پێشنیار و داوای برادەران، خۆمان كۆبوونەوەمان گرت و گەیشتینە ئەو قەناعەتە كە بە هۆی ئەوە لە هەل و مەرجی ئێستادا، رژیمی كۆنەپەرستی ئێران هێرشی دڕندانەی خستۆتە سەر هەموو حیزب و رێكخراوە ئازادیخوازەكان، پێویستە بۆ بەرەنگار بوونەوەی رژیم، هێزەكانی ئوپوزیسیون لە بەرەیەكدا كۆبنەوە و تواناكانیان یەكخەن. كەوابوو نابێ ریزەكانی حیزبی دێموكرات لێک بڵاو و لاواز بكرێ. لە لایەكی تر ئێمە نەماندەتوانی بە بێ ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی دەرەوە بریاری یەک لایەنە بدەین. سەرباری ئەوەش، ناكۆكی لە سەر شتی لاوەكی و چۆنێتی هەڵسوكەوت لەگەڵ یەكتر و نەخۆشی خۆ بە زڵ زانین و من من كردن و ماندووبوون بە هۆی نارەوونی وەزعەكە، دەرەتانی بیركردنەوەی ئاسایی لە هەمووان بڕیبوو. لە هەمووی گرینگتر، ئەوە كە ئێمە خۆمان میوانی حیزبی شیوعی و بار بووین بە ملیانەوە. دەبوایە ئەم داوایە لە گەڵ ئەوانیش باس بكرێ. بە هەر لایەكەوە لێكمان دەداوە، بریاردانی یەكجاری ئاسان نەبوو. ئاخرسەر بە لێدوان و هاوفكری لە تەک هاوڕێیانی شیوعی و توودەیی و فدایی، گەیشتینە ئەو ئەنجامە كە بە برادەران رابگەیەنین، ئەگەر بۆیان دەگونجێ، بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و لە وێندەرێ درێژە بە كار و تێكۆشان بدەن. ئەوانەی بۆشیان ناگونجێ، دەتوانن وەک میوان لە لای ئێمە بمێننەوە. پێشمان راگەیاندن، كە: رەنگە تا بەهارێ هاوڕێیانی دەرەوە بگەڕێنەوە و بە تێكرایی چارەیەک بۆ ئەو وەزعە بدۆزینەوە، ئەوكات ئێوەش ئاگادار دەكەینەوە. هەر چواریان لە ناو بەدرەقەی گەرمی ئێمەدا بە نابەدڵی گەرانەوە. پاش چەند مانگ، كاک فەریدون و

خاوخێزانی گەڕانەوە لای ئێمە و کاک حامید و براکەی و چەند هاورێی تر چوونە لای پارتی و بە رێگای ئەواندا، چوونە دەرەوە

لە پێوەندی لەگەڵ باری نالەباری جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات، لە سەر و بەندی ساڵەکانی ١٣٦٣ و ١٣٦٤ی هەتاویدا، ئەو ئاڵۆزی و پەشێویەی کە لە ئاکامی گێرە و کێشەی پێش و پاش کۆنگرەی شەشی حیزبی دێموکرات، رووی لە حیزب کردبوو و ببووە هۆی دابڕانی ژمارەیەکی بەرچاو لە کادر و ئەندامانی حیزب، بە شێوەیەکی تر، ڕێکخراوی کۆمەڵەشی، لە پێوەندی لە تەک باری فکری و ئیدئولوژیکی و چۆنیەتی هەڵوێستی سیاسیان بەرانبەر بە مەسەلەی کورد تەنیبۆوە بەشێک لە هەڵسووڕێنەرانی ڕێکخراوی زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆمەڵە)، وازیان لە کاری ڕێکخراوەیی هێنابوو. بەم شێوە لەو ساڵانەدا ژمارەیەکی زۆر لە کوردی چەپی ڕۆژهەڵات، بە خولانەوە لە بازنەی بێ چارەنووسیدا بە دوای پێوانەیەکدا، دەگەڕان، تا بتوانن بیر و بۆچوونەکانیان بێننە مەیدانی تاقیکردنەوە. لە راستیشدا، ئەگەر، ناوەندێکی ڕێکخەر لە ئارادابوایە، دەیتوانی ببێتە تەوەرەیەک بۆ کۆکردنەوەی سەرجەمی ئەو هێز و کەسایەتیانەی کە بە هۆی جیاوازی رێباز و بۆچوونی فکری یا هەر هۆیەکی دی، لە ڕێکخراوەکانی تر هاتبوونە دەر. ئۆرگانیزەکردنی ئەو هێزە لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیەکی دیاریکراو دا، لە پاشەڕۆژدا دەیتوانی وەک هێزێکی چەپی ڕەسەنی کوردی دەوری خۆی لە مەیدانی تێکۆشاندا بۆ بەرژوەندیەکانی نەتەوەیی بە شێوەیەکی کارگەرانە بگێڕێ. لەو سەردەمەدا، هەبوون کەسانێک، چ لە ناو حیزبی دێموکرات، چ لە ناو کۆمەڵە و چ لە ناو پێرەودا، کە بە چاوی شک و گومانەوە لە سیاسەت و ڕێبازی هێزە سەراسەریەکان بە تایبەتی حیزبی توودەیان دەڕوانی و بواری ئەوەیان تێدابوو، تا بە وازهێنان لە شێوەی خەبات لە شکڵ و قەوارەی سوننەتیدا، بە دابڕان لە هێزە سەراسەرییەکان، هەرچەند بە کاڵ و کرچیش بایە، ڕێچکەی ڕێبازێکی نوێ دابڕێژن و بە نۆبەی خۆیان خزمەتی ڕێبازی ڕەسەنی کوردی و گەشەپێدانی بیری نەتەوەییان کردبا. پرۆسەی جیابوونەوەی کوردەکان لە حیزب و ڕێکخراوە کومونیستیە سەراسەریەکانی ئێران لەو ساڵانەدا و بە تایبەت لە هەڕەتی، هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەتدا نیشانی دا، کە خۆبەستنەوە بەو هێزانە جگە لە فریودان و بە فیڕۆدانی کات و تواناکان، بەرهەمێکی دیاری کراوی بۆ کورد تێدا نییە. هەرچی زەمان بە بەتاڵی و بێ بەرهەمی و بێ ئاسۆیی تێپەڕ دەبوو، هەست بە بۆشایی کردن و بێ هیوایی لە ناو ئەندامانی هەر سێ ڕێکخراودا، زیاتر پەرەی دەستاند. سەرەڕۆیی و ڕاڕایی و حوکمرانی بەشێک لە بەرپرسانی هەر سێ ڕێکخراوە دەرحەق بە ئەندامانی خوارەوە و بەشداری نەکردنیان لە ژیانی پڕ چەرمەسەری ڕۆژانەی شاخدا، بارهێنان و بردن، قوڕەکاری و خانوو سازکردن، چێشت لێنان و نان کردن، حەرەسیات واتە پارێزگاری کردنی بە نۆبە لە مقەر و... ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر مەتمانە و بڕوای ئەو جەماعەتەی بەرامبەر بە لێپرسراوان لاواز دەکرد.

ژیان لە هەر شوێنێک تەنانەت لە زیندانیش دا، بە مەرجێک حوکمی زیندان بڕابێتەوە، دەکەوێتە ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراو و بە پێی بەرنامەی تایبەتی بە ڕێوە دەچێ. بەڵام کاتێک دەستەڵاتت بە خۆت نەبێ و لێت روون نەبێ چ داهاتوویەک چاوەڕوانت دەکا و چارەنووست بە چۆنێتی هەڵسوکەوت و هەڵوێستی کەسانێک بەسترابێتەوە کە خۆشیان چاو لە دەستی بڕیاری کەسانی دیکەن، وشەکانی خەباتگێر و خۆراگر و.. مانا و ناوەرۆکی ڕاستەقینەی خۆیان لە دەست دەدەن و

ئاهەنگی داچڵەکان و دارمان هەموو ئەندامی لەشت دادەگرێ و هێز و بڕستت لێ دەبڕێ و هەست بە بۆشایی و نەبوون دەکەی.

زیاتر لە سێ ساڵ نزیک بە سێسەد (٣٠٠) کەس لە رۆڵەکانی کورد، کە بە پەنا بردن بۆ شاخ و هەردەکانی کوردستان گیانی خۆیان لە ژێر چنگی جەلادانی کۆماری ئیسلامی رزگار کردبوو و ئامادەی هەر چەشنە فیداکاری و لە خۆبردوویيەک لە پێناو خزمەت بە گەلەکەیاندا بوون، بە تەمای ئەوە کە لە هێز و توانایان بۆ بەربەرەکانی دژی رژیمی کۆنە پەرەستی کۆماری ئیسلامی کەڵک وەردەگیرێ، لە چاوەڕوانی و هەلومەرجێکی هەرە دژواردا، هێشتبۆوە. پاش زیاتر لە سێ ساڵ نە تەنیا هیچ چەشنە یارمەتی و رێنوێنێک بۆ کاری داهاتوو، لە لایەن بەرێوەبەرایەتی لە خەوداماوی حیزبی توودە، بۆ شاخ نەهات، بەڵکوو کاتێک بە هۆی هاورێیانی شیوعی، ئاگاداری هەرەسهێنان و ماندوویی و چوونەوەی بەشێک لەو جەماعەتە بوون، خۆیان بە وەشەوە ماندوو نەکرد، تا بە شێوەیەکی رێکخراوەیی و بە رێگای دۆستانی سۆڤیەتیان، هاوفکرەکانیان لە مەترسی لە داو کەوتنی رژیم بپارێزن. بەم چەشنە بەرە بەرە، گوشاری رەوانی و بێ بەرنامەیی جەستە و رۆحی هەموانی داگرت و شپرزەیی و ئاڵۆزی و لێکدابڕان رووی تێکردین . لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەوانەی هاتنە دەرەوە و خۆیان رزگار کرد، نەک لە کاناڵی رێکخراوەییەوە، بەڵکوو هەرکەس بە پێی زانیاری وەرگرتن لە نیزیکان و دۆستانی خۆی، هەوڵی دەربازبوونی دا و بەم شێوەیە زۆربەی ئەو جەماعەتە، بەرە بەرە پەراوازەی هەندەران بوون.

شەوان و رۆژانی زستانی ساردو پر لە بەفری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاویشمان لە دیوی رەق و تەق و لە پەنا سۆبەی دار بە خوێندنەوە و خۆبارهێنان، خەبازی(نانکردن) و خەفەریات(چێشت لێنان) و...، رابوارد. خۆ رزگارکردن لەو وەزعە و چوونەوە بۆ ناو ئێران سەرەڕای هەموو مەترسێک، مێشکی بەشێک لە ئەندامانی بە خۆوە مەشغوول کردبوو. جگە لەوە ناوچەکەش کەوتبووە بەر هەڕەشەی لێدانی هەر دوو رژیمی ئێران و عێراق و چەند جاریش بۆمباران و تۆپباران کرا . بەم شێوە بەرە بەرە ژمارەمان لە کەمی دەدا و بێ هیوایی زیاتر روی تێدەکردین. لە ناو ئێمەی پێرەودا، دوو شێوە بۆچوون لە سەر چۆنێتی دەربازبوونمان لەو بارودۆخە لە ئارادابوو، چەند کەسێک کە بەرپرسی تەشکیلات یەکێک لەوان بوو، سەرەڕای وەفاداری و باوەر بە بە رێبازی فکری حیزبی توودە، خوازیاری گەرانەوە بۆ ناو حیزبی دیمۆکرات بوون. (لەمەو پێش باسی ئەوەم کردووە کە حیزبی دیمۆکرات بە مەرجی نووسینی تۆبەنامە پێرەوەکانی وەردەگرتەوە). لایەنەکەی دی کە زۆربەی ئەندامانی پێرەوی، بە نووسەری ئەو دێرانەشەوە دەگرتەوە، وەها شەیدای رێبازی حیزبی توودە بوون، کە بە بێ رێنوێنی و بریاری ئەو حیزبە، جووڵەیان نەدەکرد. ئەوان ئامادە بوون لە چاوەڕوانیدا بمێننەوە، بە مەرجێک لە لایەن رێبەرایەتییەوە ئەرکێکی دیاریکراویان بۆ کاری داهاتوو پێ ئەسپێردرابا و لەو بۆشایی و بێ بەرنامەییە رزگاریان بووبا. لە مانگی پووشپەری ١٣٦٤ی هەتاوی سەر لە نوێ دوو نامەمان بۆ برادەرانی دەرەوە نووسی و داوامان کرد، هەتا وەزعەکە بە تەواوی شپرزە نەبووە خۆیان بگەیێننەوە لامان. لە سەرەتای مانگی رەزبەری هەمان ساڵدا، ئێمە و نوێنەرانی فیدایی و توودەیی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان لە گەڵ هاورێیانی حیزبی شیوعی عێراق(ئەبوو حیکمەت، ئەبوو عامل و ئەبوو سەلیم) پیکهێنا. لەو دانیشتنەدا وێڕای لێکدانەوەی بارودۆخی خۆمان و باسی هاتنی دوو کەس لە بەرادەران بۆ سوریە،

**دەقی بروسکەی هاوڕێیانی دەرەوەمان بەم چەشنە پێ ڕاگەیەندرا:**

هاورێیانی بەرێز سڵاو، لەو ماوەدا چەندین نامەمان بۆ ناردوون، تەنیا دوو نامەی ئێوە بەدەستمان گەیشتووە. لە مەودوا، لە ژێر ناوی حیزبی توودەی ئێران درێژە بە تێکۆشان دەدەین، تێبکۆشن کار و باری سەبارەت بە یەکێتی فکری و رێکخراوەیی جێ بە جێ بکەن. ڕێگای گەرانەوە داخراوە." "براتان حوسین"

حوسین، نازناوی کاک حەمەدەمینی سیراجی بوو. کاک حەمەدەمین و نەوید هاتبوونە سوریە و لە دەمیشق گۆیا ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانیدا دەمێننەوە، تا بەڵکوو بە یارمەتی و بە ڕێگای هاورێیانی شیوعی یان پارتی دا بگەڕێنەوە ناوچەی نیشتەجێبوونی ئێمە. بەڵام وەک لە نامەکەی کاک حوسین ڕا دەردەکەوت، وادیار بوو ڕێگا داخرابوو. جا چۆن داخرابوو، ئێمە ئاگادار نەبووین، ئەوەندەمان دەزانی کە هاورێیانی شیوعی و پارتی و زۆریەک لە هێزە بەرهەڵستکارەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان رۆژانە لەو ڕێگایانەوە هاتووچۆی ناوەوە و دەرەوەیان دەکرد! بە هەر حاڵ ئەو چەند دێڕە ئاکامی کار و تێکۆشانی زیاتر لە دوو ساڵ مانەوەی ئەو سێ برادەرە لە دەرەوەی وڵات و چۆنێتی دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ دەربازبوون لەوقەیران و هەلومەرجە دژوار و ناڕوونە بوو کە جەماعەتی شاخ بە تایبەت پێرەوانی لە خۆ گرتبوو.

سەبارەت بە چۆنێتی یەکگرتنی رێکخراوەیی و چارەنووسی ئەو جەماعەتە، لە مەڕ مانەوە یان نەمانەوەیان لە چیا، هەروەها هاتنەوە و نەهاتنەوەی خۆیان، هیچیان ڕانەگەیاندبوو. بەم شێوە هەر سێ برادەری بەرپرس، بە بێ پرس و ڕا لەگەڵ ئەندامانی دیکەی حیزب و بێ ئەوەی بنەما هەرە سەرەتاییەکانی پرنسیپی حیزبی لە بەر چاو بگرن، خۆیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی حیزبی توودە پێک هاتبوون و لە دان و ستاندنێکی ناوخۆییدا، بە بێ دەنگی، تۆماری پێرەوانی کونگرەی چواریان، پێچاوە. من وەک ئەندامێکی ئەو کاتی کومیتەی ناوەندی پێرەو ئەوە رادەگەیەنم کە: بە هۆی لایەنگری و ئۆگری بە سیاسەت و ڕێبازی حیزبی توودە لەو سەردەمەداو یەکلابوونەوەی وەزعی سیاسیمان، هەرچەند دژایەتیم لە تەک ئەو بڕیارەدا نەکرد، بەڵام ناتوانم گلەیی و ناڕەزایی خۆم لە کەمتەر خەمی و بێ پرنسیپی ئەو سێ کەسە ڕانەگەیەنم، کە بە بێ پرس و ڕا کردن بە ئەندامانی دیکە وبە بێ سرنجدان بەو مەسەلەیە کە تەنیا بۆ باس و مەشوەرەت چوونە دەرەوە و بەس، بێ ئەوەی لە مەبەستی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی توودە بکۆڵنەوە، یان تەنانەت گوشار بێنن بۆ ئەوەی چۆنێتی ڕێکەوتنەکە رابگەینن، بە شێوەیەکی زۆر ساکارانە ملیان بۆ داوای بەڕێوەبەرایەتی حیزبی توودە، ڕاکێشا.

کاک غەنی بلوریان وەک کەسایەتی ناسراوی کورد بە پلەی یەکەم بەرپرسایەتی دەکەوێتە ئەستۆ. ناوبراو لە لاپەرەی ٣٦٣ی بیرەوەریەکانی "ئاڵەکۆک"دا لە وڵامی داوای سەفەریدا کە گۆیا د.قاسملوو ئامادە بووە بە مەرجێک پێرەو حەل بکرێ، لە بەرەیەکدا لەگەڵ حیزبی توودە هاوکاری بکا، لەم بارەوە دەڵێ: "من لە لایەن هاڤالانی خۆمەوە دەسەڵاتم پێدراوە و دەتوانم کاتی پێویست بریار بدەم. "مامە دەڵێ ئەگەر مەرجی د. قاسملوو بۆ هاوکاری و هاوبەرەیی لەگەڵ حیزبی توودە، تواندنەوەی پێرەوانە، من نابمە کۆسپی سەر ڕێ. بەڵام کاتێ مامە داوا لە خاوەری و سەفەری دەکا تا

چۆنێتی پێکهاتنیان له مەڕ تێکەڵ بوون بە حیزبی توودە بە ئاشکرا رابگەیێنن، هەر دوو کەس لە وڵامدا دەڵێن"جارێ پێویست ناکا." کە ئەوە خۆی شک و گومان لە قسەکانی سەفەری و خاوەری دا دێنێتە پێشێ. من لام وایە ئەوان بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیان هێناوەتە گۆرێ، تا بەو بەهانە خۆیان کە لەو پەری لاوازی و بەربڵاوی دا بوون، بە یارمەتی کوردەکان بە هێزکەن و راستەوخۆ لە تواناکانیان کەڵک وەرگرن. مامە غەنی زۆرجاران بۆ منی گێراوەتەوە کە کاتی گەیشتنی بە فرۆکەخانەی پراگ، چۆن خاوەری لە باوەشی کردووە و پێی گوتووە: "لە ئاسمانان لێت دەگەرام لە عەرزی وەگیرم کەوتی، تازە لێت ناگەرێم بگەرێیەوە، زۆرمان کار پێتە." هەروەها باسی ئەوەی بۆ کردووم کە چۆن وادە و بەڵێنی بەرپرسیایەتی رێکخراوی ئەیالەتی کوردستانیان پێداوە و تەنانەت بە قسە دەسەڵاتی تەواویان داوەتێ تا بۆ خۆی راستەوخۆ لە سەر کێشەی کورد پێوەندی بە کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەتەوە بگرێ و چی و چی! هەروەها زۆر جار ئەوەشی گێراوەتەوە کە کاتێک لە پراگ بووە، د. قاسملوو لەگەڵ هاررێ عەزیز محەمەد سکرتێری ئەو کاتی حیزبی شیوعی عێراق، چۆتە لای و پاش باسێکی زۆر پێی گوتووە: "ئەتۆ لە هەر جێگایەک بی هەر ئی خۆمانی." ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەگەر دوکتور قاسملوو، نییەتی ئەوە بوایە کە پێرەو لە حیزبی توودە دا بتوێتەوە، چۆن راستەوخۆ لەگەڵ مامەی نەدەهێنا گۆرێ .دڵنیام کە غەنی بلوریان بە نییەتی خزمەت بە نەتەوەکەی ملی بۆ ئەو داوایە راکێشاوە، بەڵام دیسانیش دووپاتی دەکەمەوە کە چوارچێوەی ئەرکی مامە و ئەو دوو کەسەی تر ئەوە نەبوو تا بریاری یەکجاری لە سەر چارەنووسی پێرەو بدەن، ئەویش بە چەشنێکی ئەوتۆ کە تەنیا رەزامەندی خۆیان و حیزبی توودە مسوگەر بکا . چۆنیەتی توانەوەی پێرەو لە حیزبی توودە دا، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە .پێچانەوەی تۆماری پێرەوانی کونگرەی چوار، لە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی چەند کەسی دا و دیزە بە دەرخۆنە کردن و رانەگەیاندنی، جارێکی تر نیشانی دا کە بە رێوەبەرانی حیزبی توودە نە تەنیا هیچ نرخێکیان بۆ جووڵانەوەی کورد دانەنا بەڵکوو زۆر زیرەکانە و تێکدەرانە، وەک ئامرازێک لە بازاری سیاسەت و لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا، سات و سەودایان لەسەرکرد. خۆشمان زۆر ساویلکانە لە داویان کەوتین. ئەوان زەمانێک کەبە ناوی خەباتی دژی ئەمپریالیستی دیفاع و بەرگریان لە رژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی دەکرد بۆ ئەوەی وەفاداری خۆیان بە مەلاکان نیشان دەن دەستیان خستەناو جووڵانەوەی کورد وبە هێنانە ئارا و زەفکردنەوەی ناکۆکیە فکری، سیاسی و شەخسییەکان تۆی دووبەرەکی و دوژمنایەتیان بڵاو کردەوە و تا ئەو جێیەی بڕستیان کرد، لە پێناو لاوازکردنیدا کۆتاییان نەکرد و بەو کارەش خزمەتێکی بە نرخیان بە مانەوە و سەقامگیرکردنی کۆماری ئیسلامی کرد. کاتێکیش هێرشیان کرایە سەر و بێ بەزەیانە سەرکوت کران وتووشی زیندان و ڕاونان ودەربەدەری هاتن، لەو پەڕی بێ دەسەڵاتی و هەڵپەرستیدا، هانایان بۆ حیزبی دیمۆکرات برد و پێشنیاری «بەرەی یەکگرتوو»یان پێ کردن و ئەمجارە لە وەرچەرخانێکی تردا و بە ناوی پێشنیار و مەرجی دوکتور قاسملوو بۆ پێکهێنانی ئەو «بەرە» خەیاڵاوییە سەری پێرەوانی کونگرەی چواریان بە بێ دەنگی بڕی و بەرەی یەکگرتووی خەڵکیش هەرگیز پێک نەهات.

دوای گەیشتنی تیلگرافی کاک حەمەدەمینی سیراجی لەمەڕ «یەکیەتی فکری و رێکخراوەیی لە گەڵ حیزبی توودەی ئێران» کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی لە شاخ گیرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا باسێکی دوور و ودرێژ لە سەر ئەوڕێککەوتنە (ئەوداسەپاندنە) کرا. وەکوو چاوەڕوان دەکرا، دوو کەس لە ئەندامانی بەڕێوەبەری(کاک ئەحمەدی عەزیزی بەرپرسی تەشکیلات و ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی) دژی ئەو بڕیارە راوەستان. ئەو هەڵویستەی وان، هەر وەک زۆرجار بۆ خۆیان باسیان دەکرد، دژایەتی لە تەک رێباز وئیدۆئۆلۆژی و سیاسەتی حیزبی توودە نەبوو، بەڵکوو پێیان وابوو پێرەوانی کونگرەی چوار دەبێ تێکەڵاوی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بێتەوە ولە ریزی ئەو حیزبەدا درێژە بە تێکۆشان بدا. هەر چەند دەیانزانی کە ماوەیەک لەمەو پێش بە رێگای هاورێیانی شیوعی دا، داوا لە حیزبی دیمۆکرات کرابوو کە بۆ ئەوەی بواری تێکەڵ بوونەوە خۆش بکرێ، وەک میوان پێرەوانی کونگرەی چوار قەبوول بکا . بەڵام لە وەڵام دا کوتبوویان دەبێ غەڵەت نامە (واتە تۆبە نامە) بنووسن . ئەوان لە گەڵ حەوت کەسی تر لە ئەندامان پاش ماوەیەک بە یارمەتی هاورێیانی شیوعی چوونەوە لای حیزبی دیمۆکرات. کەچی بە داخەوە نەک هەر وەرنەگیرانەوە بەڵکوو هەر وەک ئاماژەم پێی کردووە  شەرت ومەرجیان بۆ دانابوون و وادیارە ئەوانیش لەو کاتی دا نەچووبوونە ژێر باری ئەو داوایە. تا ئەو جێیەی ئاگادارم، چەند کەسێکیان چوونەوە ناوشارەکان و هێندێکیشان خۆیان لە دەرەوەی وڵات گرتۆتەوە. (لەو هاورییانەی کە لە شاخ مابوونەوە زۆربەیان بە کوێرەوەری و زەحمەتێکی زۆر دوای تێپەڕ کردنی مەترسی وهەڕەشەی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان ئێران و عێراق وکیمیابارانی بنکەکانیان، بە سەر سووریە و عێراق و تورکیە وئازەربایجانی سۆڤیەت و تەنانەت ئەفغانستانیش دا بڵاو بوونەوە و ئاخرسەر لە ئورووپا و کانادا و .. گیرسانەوە)

زۆربەی ئەندامانی دی کە خۆشم یەکێک لەوان بووم، گەرچی لە سەر شێوەی کارەکە رەخنەیان گرت بەڵام ملیان بۆ یەکێتی سیاسی، رێکخراوەیی لە گەڵ حیزبی توودە ڕاکێشا و بە پیرێوە چوون. سەبارەت بە جێبەجێ کردنی چۆنێتی تێکەڵاوبوون و دیاریکردن و دەستنیشان کردنی رێوشوێنی ئەندامانی پێرەو، هیچ بەرنامەیەکی دیاریکراو لە گۆڕێدا نەبوو و ئەوەی کرا گۆترەکاری بوو. (لە سەر هەڵبژاردنی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی پێرەو بۆ بەشداربوون لە کۆمیتەی ئەیالەتی دا، مشت و مڕی زۆر کرا و ئاخرسەریش برادەرانی کۆمیتە  ئەوەی خۆیان لە پێش دا دەستنیشانیان کردبوو بردیانە ناو کۆمیتەکە) لە دەرەوەی وڵاتیش، دوایی بۆمان دەرکەوت کە مامە غەنی بۆتە ئەندامی دەفتەری سیاسی و کاک حەمەدەمینی سیراجیش بۆتە کۆمیتەی ناوەندی نەویدی موعینیش سەری بێ کڵاو ماوەتەوە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەوکەسانەی کە لە هەل و مەرجی نەهێنیدا لە ناو ئێران دەژیان، هیچ پرسێکیان پێ نەکرا وتەنانەت لەو ئاڵوگۆڕانەش ئاگادارنەکران. بە هەر حال  پێرەوانی کونگرەی چوار، بەو شێوەیە بە حیزبی توودەوە لکێندرا، ئێمەش وەک زۆربەی ئەندامانی پێرەو، لە چیاکانی کوردستان کە تێکەڵاوی «رێکخراوەی ئەیالەتی حیزبی توودەی ئێران لە کوردستان» بووین، چارە نووسمان بە چارەنووسی رێکخراوێک گرێدرا کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی کاتی حیزبی توودەوە هیچ بایخێکی سیاسی و رێکخراوەیان بۆ دانەدەنا. (پاش ماوەیەک بۆم دەرکەوت کە رێبەری حیزبی توودە لە دەرەوەی وڵات نەک هەر بایخیان بۆ رێکخراوەکانی ناوەوە دانەدەنا بەڵکوو هیچ چەشنە زانیارێکیشیان لە سەر چۆنێتی هەلسووکەوتی ئەوان نەبوو و تەنیا خۆیان بە شەڕی دەسەڵات لە ناو رێبەری دا مەشغوول کردبوو.)

بەو جۆرە کۆتایی بە تەمەنی دیاردەیەکی سیاسی لە و بەشەی کوردستان هێنرا کە لە کاتی پێکهاتنی دا «نامە مردم» ئۆرگانی ناوەندی حیزبی توودەی ئێران بە تیتری درشت و قەبە لە لاپەڕەی یەکەم دا باسی کرد و لە ناو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسیەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دەنگی داوە و بۆ ماوەیەک لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران دا، کەم و زۆر شوێن پێی بەسەر رووداوەکاندا، دیار بوو. کاتی تواندنەوەشی، چوون بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی حیزبی توودە و هاوپێمانەکەی لەوەدابوو، بێ ئەوەی تەنانەت دێڕێکی لە سەر بنووسرێ، بە بێدەنگی خنکێندرا و نووزەی لێوە نەهات. بە چاو پێداخشاندن و لێکدانەوەی ئەو رووداوە بۆمان دەردەکەوێ کە سازدانی پێرەوانی کونگرەی چوار هیچ چەشنە پێوەندیێکی بە ئامانج وستراتێژی سیاسی جووڵانەوەی کوردەوە نەبوو بەڵکوو بەرهەمی ململانی و ناکۆکی نێوان دوو رەوت و ڕێبازی فکری بوو کە لە ئەساس دا هیچکامیان نوێنەرایەتی راستەقینەی جووڵانەوەی رزگاری نەتەوەیی کوردیان نەدەکرد، بەڵکوو لە سەرجەمی خۆی دا لە ژێر کارتێکەری دیاردە دەرەکیەکان ولە پێناو چەسپاندنی سیاسەتێکی دیاری کراو کە بە پێی هەڵکەوت بە دوای ڕێگا چارەی کاتیدا دەگەڕا (وەک چارەسەری خودموختاری ئیداری و فەرهەنگی) پلان و بەرنامەی بۆ کورد دادەڕشت. سەرهەڵدانی ئەو دیاردانە بە پلەی یەکەم ئاکامی کاڵی و کرچی سیاسی کۆمەڵگای کوردەواری و نامۆ بوون بە ڕێبازی چارە سەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە سەر بنەما سەرەتایی و بنچینەیەکانی مافی دیاری کردنی چارەنووس لە فۆرمی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی دابوو. بە واتەیەکی تر نە ئیدۆئۆلۆژی کۆمۆنیستی، کرێکاری و نە سۆسیال دێمۆکراسی ئورووپای رۆژاوا، وەڵامدەری داخوازی نەتەوایەتی، نەتەوەیەکی دابەشکراوی وەک نەتەوەی کورد نین و نابن .
گەرچی بەم شێوە نامەسئوولانە کۆتایی بە تەمەنی پێرەوانی کونگرەی چوار هێنرا و وەک ڕێکخستنێکی سیاسی لە مەیدانی جووڵانەوەی کورد دا نەما، بەڵام ئەو هێزە بە پێچەوانەی ویستی بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە نەک تەنیا بۆیان نەبوو بە ماڵ، بەڵکوو زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەندامانی پێشووی پێرە و هەروەها کوردەکانی توودەیی و فیدایی لە پرۆسەیەکی فکری، سیاسی دا بە دابڕان لە ئیدۆئۆلۆژی چەپی سوونەتی و رووهێنان بۆ مەیدانی خەباتی نەتەوایەتی هزر و تواناکانیان لەو گۆڕەپانەدا خستە کایەوە و بیر و بەرژەوەندی نەتەوایەتی بووبە بناغەی کار و کردەوەکانی رۆژانەیان. من وەک کەسێک کە لە سەرەتاوە تێکەڵاوی ئەو ڕەوتە بووم، هەوڵ دەدەم بە کورتی تیشک بخەمە سەر ئەو جموجۆڵ و ئاڵووگۆڕیە فکری و سیاسییانەی کە دوای تێکەڵ بوون وپاشان هاتنە دەری یەکجاری لە حیزبی توودە، تووشی ئەو کۆمەڵە کوردەی گیرۆدەی ڕێبازی سوسیالیزم لە وێنەی یەکیەتی سۆڤیەت دا،بوون.

لەو کاتانەدا کە بەڕێوەبەران و کادر و ئەندامانی حیزبی توودە و پێرەو فیدایی کەوتبوونە بەر هێرش و راونانی دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی ئێران، جووڵانەوەی نوێخوازی واتە »پرۆسترۆیکا» لە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری نوێنەرانی پرولیتاریا، سەراسەری وڵاتی سۆڤیەتی تەنیبۆوە و دام و دەزگای دەسەڵاتداریەتی تاقە حیزبی، لەق کردبوو. لەو هەل و مەرجەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە جەماعەتی شاخ دوای ئەوەی نەیانتوانیبوو درێژە بە ژیانی نەهێنی بدەن و کەوتبوونە بەر مەترسی گیران، بە هیمەتی خۆیان و دۆستانیان روویان لە سۆڤیەت کرد و لەشاری باکوی ئازەربایجان، گیرسانەوە. لە مێژووی جولانەوەی کورد دا، دوای تێکشکانی کۆماری مەهاباد و پەنابردنی بارزانییەکان بۆ سۆڤیەت، ئەوە یەکەم جاربوو کە دەیان کەس کورد بەو شێوە بەربڵاوە ڕوو لەو وڵاتە دەکەن. ڕەنگبێ تا ئەوکاتی ئاوات و ئارەزووی هەموان ئەوەبوو تا

لە نیزیکەوە ئەو دنیا سیحراوییە و بێ کەم وکوورییەی کە لە کتێبەکاندا خوێندبوویانەوە یان پێشینیان بۆیان گێڕابوونەوە ببینن و لە ئەزموونەکانی بۆ بنیاتنانی کۆمەڵی سوسیالیستی دوارۆژی کورد کەڵک وەرگرن. لەمەو پێش وایان تێگەیاندبووین کە لە دنیای سۆسیالیزمی سۆڤیەت دا دیاردەکانی هەژاری، برسییەتی، بێ سەوادی وبێکاری و... لە ئارادا نین و ئازادی، دادپەروەری کۆمەلایەتی، گەشە سەندنی سەنعەت و تێکنۆلۆژی هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵی داگرتووە، جگە لەوەش پێمان وابوو یان وا باو بوو کە تەنیا هاندەر و پشتیوانی جوولانەوەی رزگاریخوازنەی کورد بەرەی سوسیالیزم بە سەرۆکایەتی یەکیەتی سۆڤیەتە. نەماندەزانی کە هاندەر بوو بەلام پشتیوانی راستەقینە نەبوو. کاتێک لە ژێر گوشاری راونان و نەبوونی دەرەتانی مانەوە بە ناچاری رێمان لە ماڵی ئاوات و ئارەزووەکانمان کەوت و لە نیزیکەوە تێکەڵاوی بووین، بە جارێکی داچڵەکاین و ریسەکانمان لێ بوونەوە خوری لە راستیشدا، ئەوسیستمەی بە ناوی «سوسیالیزمی واقعەن مەوجوود» پرۆپاگەندەیان بۆدەکرد و خەڵکیان لە پێناودا بۆ بە کوشت دەدا فڕی بە سەر سوسیالیزم و دادپەروەرییەوە نەبوو. بەکورتی تاک و کۆمەڵ کەسایەتی سەربەخۆیان لێ زەوت کرابوو و سیستمێکی بە تەواوی ویشک و بیرۆکراتیکی تاقە حیزبی باڵی بەسەر کۆمەڵگادا کشاندبوو. نوێنەری ئێرانیە راکردووەکان لە پێوەندی لە گەڵ دەزگای حکومەتی ئازەربایجان، فرقەی دێمۆکرات بوو کە لە ڕواڵەتدا رێکخراوی ئەیالەتی حیزبی توودە بوو، بەڵام بە کردەوە حیزبی توودە لە ژێر رێبەری و دیسیپلینی فرقەدابوو. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە بە درێژایی دەیان ساڵ (دوای تێکشکانی کۆماری ئازەربایجان و پەنابردنی فرقەییەکان بۆ ئەو ولاتە) ریشەیان لەو کۆمەڵگایەدا، داکوتابوو و لە راستیشدا چون وڵاتی خۆیان بوو، نە تەنیا هیچ فەرق و جیاوازییەکیان بۆ دانەدەنان، بەڵکوو رێزی تایبەتیشیان لێ دەگیرا و لە دام و دەزگای حکوومەتیش دا جێیان دەکراوە. ڕوانگە و بۆچوونی ڕێبەرانی فرقە بە رانبەر بە هەلومەرجی ئەوکاتی ئێران و ئەو ئاڵوگۆڕیە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییانەی کە لەو ماوەدا هاتبوونە ئاراوە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەڵ چل ساڵ لەمەو بەرکە هاتبوونە باکۆ، نەبوو. زۆربەیان لە خەون و خەیاڵی گەرانەوەی ڕۆژانی ڕابردوودا بوون و هێندێکیان بە شێست، حەفتا ساڵ تەمەنەوە بە تەمای شۆڕشی چەشنی نوێی کرێکاری لە ئێران و گەڕانەوە بۆ دۆخی جاران بوون. ئەوانە بە داخەوە گەرچی مەتمانەی بەڕێوەبەران و ئیمکاناتی سۆڤیەتیان لە پشت بوو، بەڵام هیچ ئاگاداریەکیان لە سەر وەزعی ئێمە نەبوو. تەنانەت سەرکردایەتی فرقە زانیاری تەواویی لەسەر کوردستان و هێزەکانی بەشدار لە جووڵانەوەدا نەبوو. بەو شێوە ئێمە لە تەک کۆمەڵێک گیروگرفتی تر رووبەروو بوینەوە کە چارەسەر کردنیان ئاسان نەبوو. لەناو گێژەڵووکەیەکی فکریدا حاسێ ببووین، هەموو ئەو هیوا و ئاواتانەی کە ساڵانی ساڵ لە پێناویدا خۆمان بۆ ماندوو کردبوو بە جارێک دارمان. پێڤاژۆی دێمۆکراسی خوازی و هەوڵ دان بۆ ئاڵوگۆری سیاسی وکۆمەڵایەتی سەراپای وڵاتی سۆڤیەتی تەنیبۆوە. جیاوازی فکری نێوان دامودەزگای حکوومەتی و حیزبی، پەلی هاویشتبوە ناو تازە ڕاکردووەکانی توودەیی و فیدایی و ببووە هۆی پێکهێنانی دوو بەرەی نوێخواز و سوونەتگەرا لە ناو ئەو ڕێکخراوانەدا. زۆربەی ئەندامانی فرقەو بەشێکی بەر چاو لە سەرکردایەتی و ئەوانەی نان خۆری بە نرخی ڕۆژ بوون بەرگرییان لە نەریتی کۆن و سیستمی بیرۆکراتیکی تاقە حیزبی دەکرد. سەرجەمی کوردەکان جگە لە چەند کەسێک کە ژمارەیان لە قامکی دەست تێپەڕ نەدەبوو، وێڕای تەیار بوون بە بەرنامەی کار لە بواری نەتەوایەتیدا و هەوڵ دان بۆ چەسپاندنی داوخوازەکانیان، لە بەرەی نوێخوازی دابوون (لە گێرەوکێشەی نێوان کادر و بەڕێوەبەرایەتیدا، رۆڵی کوردەکان دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری تاقمێک لە

سەرکردایەتی بەرچاو بوو. کوردەکان لە جووڵانەوەی نوێخوازی ناو حیزبیدا کە بە «حەرەکەتی قەتعنامە»ی باکۆ دژی ڕێبەرایەتی پاوانخواز و ویشکەڕۆ ناوبانگی دەرکرد کارگەریی بەرچاویان هەبوو. ئەو جووڵانەوەیە جیا لە بۆچوون وداوا لە مێژینەکانی کوردەکان لە مەڕ نەخشی تێکدەرانە ودووڕوویانەی حیزبی توودە دەرحەق بە کێشەی نەتەوایەتی ئێران بە گشتی و کێشەی کورد بە تایبەتی، لە بنەڕەتی خوێدا، سەرهەڵدانێک بوو بە مەبەستی وەلانانی ئەو ڕێبەرایەتییە و نۆیکردنەوەی تەشکیلات و سیاسەت و ئیدئۆلۆژی حیزبی توودە، کە ئاخر سەر پاش گوێنەدان و بە هێند گرتنی ئەو داوایانە، ڕەوتی جیابوونەوە لە حیزبی توودە دەستی پێکرد و سەر ئەنجام پاش ململانێکی فکری لە ئورووپا دابڕانی یەکجاری کوردە توودەیەکانی بە دوادا هات.)

کاک غەنی بلوریان وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی توودە لە هەر دوو لاوە ڕێزێکی تایبەتی بۆ دادەنرا. زۆر جاران لە کاتی قووڵبوونەوەی کێشەکانی نێوان بەڕێوەبەری و ئەندامانی نوێخوازدا، ناوبژی دەکرد و هەوڵی ئارام کردنەوەی بارودۆخەکەی دەدا. عەلی خاوەری سکرتێری حیزب و لارودی ڕابەری فرقە، هەرکاتێک هەستیان بە مەترسی کردبا، پەنایان بۆ «مامە» دەبرد و یارمەتیان لێ دەخواست. پیاو لە حەق نەگوزەرێ «مامە» ش هێند بە ڕەحم بوو بێ دڵی نەدەکردن. لەلایەکی تر ئەگەر کوردەکان بە ڕێگای «مامە» دا پێشنیار، یان داوخوازێکیان بۆیارمەتیدان بەو جەماعەتەی کەلە شاخ مابوونەوە یان لە مەڕ بە جێ گەیاندنی داوایەکی ڕێکخراوەیی، سیاسی هەبوایە، هەزار شێر و ڕێویان بۆ دەهێناوە و لە بیر خۆیان دەبردەوە. زۆرجار «مامە» داوای لە سەرکردایەتی حیزبی توودە و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت، دەکرد تا سرنج بدەنە مەسەلەی کورد وتەنانەت هیچ نەبێ بەشێکی کوردی لە ڕادیۆی «سولح و تەرەقی» و «زەحمەتکێشان» دا بکەنەوە، بەڵام بە داخەوە بەم ڕۆ، سبەی پێکردن، مامەیان دەغافڵاند و بە کردەوە هیچیان نەدەکرد. ئەوان بە ڕەواڵەت و بۆ نێو و بۆ ئەوەی کوردەکان ڕازی ڕاگرن بەرپرسیایەتێکی قورسیان تووشی«مامە« کردبوو، بەڵام نەبوو جارێک لە جاران بچووکترین داوای «مامە» بە جێ بگەیەنن! ئەو وەزعە بەرەبەرە وای لە ئێمە کرد کە مەتمانە و بروامان بەرانبەر بە ڕێباز و سەرکردایەتی حیزبی توودە و سیستمی زاڵ بەسەر یەکیەتی سۆڤیەت دا لەدەست دا و مانەوەمان جگە لە بە فیرۆدانی کات و درێژکردنی تەمەنی خۆڕایی چی تێدا بەستە نەبوو، کەوابوو بە دوای دۆزینەوەی ڕێگای دەربازبوون دا دەگەڕاین. تا ئاخرسەر هەرکەسەو بە بیانویەکی خۆمان گەیاندە ئورووپا وسەرئەنجام زۆربەمان لە پێوەندی نیزیک لە گەڵ یەکدا و پاش باس و لێکدانەوەیەکی هەمەلایەنە بە دابڕانی یەکجاری لە سیستمی سیاسی و فکری حیزبی توودە بواری سەر لە نوێ تێهەڵچوونەوەی کار و تێکۆشانی سیاسی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەییماندا بۆ خۆمان ڕەخساند.

ئەوکورتە باسەی بە ناوی «پێداچوونەوەیەک..» کەوتە بەر چاوی خوێنەرەوەی بەرێز، لە ڕاستیدا ئاماژەیەک بوو بە بەشێک لەهۆ و سەبەبەکانی ململانی و ناتەبایی نێو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی شا و هاتنەسەرکاری مەلایان. ئەوەی من هێناومەتە بەر باس بیر و بۆچوونی کەسێکە کە تا ڕادەیەک لەجەرگەی ڕووداوەکاندا بووە ودەتوانێ یارمەتیدەری کردنەوە و هێنانە ئارای ئەو باس و ڕووداوانە بێ کە لە کاتی خۆیدا زیانێکی زۆری لە

جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات دا. بە باوەڕی من، ئەگەر کەسان و لایەنەکانی بەشدار لەو ڕووداوەدا هەرکام بە دیتن و بۆچوونی خۆیانەوە، بەڵام بە ئەمانەتداری و ئینسافەوە و بەدوور لە ڕق و تۆڵە و تاوانبارکردنی بێ بەڵگەی ئەم وئەو، چاوێک بەو رابردووەدا بخشێننەوە، کارگەرێکی بەر چاوی لە سەر بەرەی ئێستا و داهاتوو دەبێ. لە هەمان کاتدا ریزی نەتەوەییشمان پتەوتر دەکا و پیلانی نەیارانی کوردیش بۆ نانەوەی دووبەرەکی و ناکۆکی لە ناوماندا پووچەڵ دەکاتەوە. بەتەما نیم بە باسی رابردوو وەک هێندێک پێیان وایە کای کۆن بە با دەم، بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە بەیەکەوە هەوڵ بدەیْن بە پێی توانا ئەو نەخۆشییە سیاسی و فکریانە کەلە پرۆسەیەکی مێژووییدا لە دەرەوەڕا خۆی خزاندۆتە ناو جەستەی جووڵانەوەی کورد وتووشی سەرلێ شێواوی کردووە و لە بیچم وشێوازی جۆراوجۆردا خۆی نیشان دەدا و تا ئێستاش چارەسەر نەکراوە، لە کۆمەڵگا دوور خەینەوە و لە پرۆسەی بە سەراسەری کردنی جووڵانەوەی نەتەوایەتی و یەکگرتنەوەی خاک ونیشتماندا بەشداری چالاکانە بکەین.

بێ هێزی و لاوازی جووڵانەوەی کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، جگەلە هۆکارە ناوخۆییەکان (دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی)، مەیداندان بە دیاردە دەرەکییەکان، تا رادەی دیاری کردنی خەت و ڕێبازی فکری و سیاسی و دابەزاندن و داسەپاندنی بە سەر دڵ و هەناوی جووڵانەوەکەدا، کۆسپی هەرەگەورەی ڕێگای سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانج بووە. هەروەک لە سەرەتای ئەو پێداچوونەوەیەشدا هاتۆوە، بە هاتنی هێزە هاوپەیمانەکان بە تایبەت ئینگلیس و یەکیەتی سۆڤیەت لە گەرمەی شەڕی دووهەمی جیهانی، بۆ خواروو و سەرووی کوردستانی ڕۆژهەڵات، گەرچی لە سەرەتادا بواری لە بار بۆ گەشەسەندن و پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتی خوڵقا و دەستکەوتی مێژوویی لێ کەوتەوە، بەڵام لە ئەنجامدا بە دەست تێوەردانی راستەوخۆ و داسەپاندنی سیاسەتی ستالینی و باقرئۆفی بەسەر کوردستان و سات و سەودا پێکردنی لە گەڵ حکوومەتی ئێران، زەبرێکی کوشەندەیان لە جووڵانەوەی کورد دا. هەر لە سەرەتاوە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی ژ.ک و جێگیرکردنی حیزبی دێمۆکرات نە تەنیا لە بەرژەوەندی کورد دا نەبوو بەلکوو بوو بە هۆی قەتیس مانەوە و بەستنەوەی جووڵانەوەی کورد بە جووڵانەوەی سەراسەری ئێران و کەم ڕەنگ کردن و بۆش کردنی ناوەرۆکی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی. کۆمەڵەی ژ.ک لە پێوەندێکی راستەوخۆ لە تەک حیزبی هیوا لە باشووری کوردستان و هەر وەها لە گەل هێز و کەسایەتی نەتەوەیی لە پارچەکانی تری کوردستان دا تۆی بیری ناسیونالیستی و نەتەوەخوازی بڵاو دەکردەوە و خوازیاری یەکگرتنەوەی خاک وپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بوو. هەر چەند ئەوە هیچ لەو حەقیقەتە کەم ناکاتەوە کە خەباتی هەر کام لە حیزبە ناوچەییەکان دژی رژیمە داگیرکەرەکان بۆ وەدەست هێنانی خودموختاری یان حوکمی زاتی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا، جێگە و پێگەی تایبەتی هەیە و بەشێکی هەرە گرینگی جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورد پێک دێنن و بە لە ئارادا نەبوونی حیزبێکی سەراسەری بۆ هەموو کوردستان، تا رادەیەک قەرەبووی ئەو بۆشاییەیان کردۆتەوە، بەڵام لە پارچە، پارچە بوونیشیدا،دوژمن کەڵکی خۆی وەرگرتووە و هەمیشە ئاڵقەی لاوازی جووڵانەوەکە بووە. ئەوەش خۆی نیشانە و هۆیەکی زەق و بەرچاوە لە درندەیی و چاوچنۆکی و نەفامی داگیرکەران، کە تەنانەت مافی بەڕێوەبردنی خودموختاریشمان لە «چوارچێوەی تەواوییەتی ئەرزی وڵات» دا پێوە ڕەوا نابیینن وبە توندترین شێوە بەرەنگاری دەبنەوە. بەهەرحاڵ لەوکاتەوە بیری ناسێونالیستی و نەتەوەخوازی کورد کەوتە بەر سێبەری ئەنترناسێونالْ و

جووڵانەوەی سەراسەری لە وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان دا، ئیرادەی سیاسی کورد لە دەست خۆیدا نەما و چۆنێتی دیاریکردنی چارەنووسی بەستراوە بە شێوە و جۆری پێوەندی بەرێوەبەرایەتی جولانەوەکە بەم یان بەو دەوڵەتەوە. ئەو وەزعە وای لە حیزب و رێکخراوە کوردییەکان کرد تا لە هەر فەترەیەک دا بە پێی بەرژەوەندی حکومەت و دەولەتانێک هەڵسوکەوت بکەن کە بەرژەوەندی کاتی ئەوان دەپارێزێ. بە واتەیەکی تر بۆ ئەوەی بتوانن بە زۆرەملی بەشێک لە مافە زەوتکراوەکەمان لە حکوومەتی ناوەندی بستێنین و نیشانیش بدەێن کە توانا و ئیمکاناتیان هەیە، ناچار پەنا و هانا بۆ حکوومەتی دراوسێ کە ئەویش دەستی بە خوێنی کورد سوورە بەرن و یارمەتی لێ بخوازن. دیارە ئەو یارمەتیەش هیچکات بە بەلاش نەکراوە و ناکرێت. یانی ئەگەر لە گەڵ خۆمان راستگۆ بین دەبێ دان بەو راستەقینەیەدا بێنیین کە لە پلەی یەکەمدا سیاسەتمان بۆ خۆمان و بۆ ماڵەوە، واتە حیزبەکەمان کردووە، یانی بەرژەوەندی حیزب و رێکخراوەکەمان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندیێک بە تایبەت بەرژەوەندی نەتەوەیی داناوە و شێر و رێویشمان بۆ هێناوەتەوە. ئەوەتا لە باشووری کوردستان ، دوای ئەو هەمووە تکا و رەجایەی خەلک لە هەردوو حیزب بۆپێکهێنانی یەک حکوومەت ویەک ئیدارە، تا ئێستاش ئامادە نیین ئەو گرفتە، کە پێوەندی بە چارەنووسی هەموو کوردستانەوە هەیە بە تەواوی چارەسەر بکەن. ئەگەر ئەوە بەرژەوەندی حیزبی نییە ئەدی چییە؟ لە کۆمەڵگای دواکەوتوودا وەک کۆمەڵگای ئێمە، چوون لێپرسینەوە نییە، یاریکردن بە سیاسەت زۆر ئاساییە. بە سانایی دەتوانرێ سیاسەتێکی کاتی و تایبەتی کە زیاتر لە بەرژەوەندی تاک یان حیزبێک دابێ، بە شێوەیەک دارێژرێ و پرۆپاگەندەی بۆ بکرێ و وابنوێنرێ کە لە بەرژەوەندی گشتی دایە. چوون خەلک بە هۆی نەزانی یان کەم زانی وا راهێنراون گوێ ڕایەڵی ئەم یان ئەو حیزب بن و هەرچی مامۆستاوسەرۆک بیفەرموێ هەر ئەوەیە!! لەمێژووی حیزبایەتی کوردستان دا کەم بینراوە حیزبێک لە کونگرە یان لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی حیزبی دا رەخنە لە خۆی بگرێ و بلێ هەڵەم کردووە . بەڵکوو کونگرە بەدوای کونگرەدا بە رابردوویان هەڵکوتووە و هەمان سیاسەتیان بۆ داهاتوو بە زۆربەی دەنگ پەسند کردۆتەوە. زۆربەی حیزب و رێبەرانی جووڵانەوەی کورد لەو چەند دەیەی رابردوودا و ئێستاشی لە گەڵ بێ دیپلۆماسیێکی سەربە خۆیان لە ئاستی جیهانی دا بۆ مەسەلەی کورد بەرێوە نەبردووە و لە ژێر کارتێکەری سیاسەتێکی دیاریکراوی دەرەوەدا، هەڵوێستی سیاسیان بەرامبەر بە رووداوەکانی ناوەوە و دەرەوە گرتووە. بۆ وێنە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران یان یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی سوسیالیستی کوردستان (تورکیە)، چوون ئەندامی ئەنترناسێونالی سوسیالیستین، پێویستە لە زۆر روووە بە تایبەتی لە هەلسوکەوتی سیاسیان دا بەرامبەر بە دەوڵەتان و گەلان و.. لانی کەم لە چوارچێوەی گشتی یاسای پەسندکراوی ئەنترناسیونال هەلس وکەت بکەن و لە ئەسلە بنچینەیەکان لانەدەن و ئەوە خۆی دەبتە هۆی بەرتەسک بوونی رادەی دەسەلات و تەنگ کردنەوەی مەیدانی هەڵوێست و کردەوە لە ئاستی جووڵانەوەی کورد دا. مەسەلەی پێوەندی و دۆست پەیداکردن بۆ جوولانەوەی کورد لە هەر دەورەیەکدا گرینگێکی تایبەتی هەیە. ئەمە نابێ لە گەڵ بەستراوەیی فکری و سیاسی تێکەڵ بکرێ. زۆرجار لە قۆناغی دیاری کراودا، بێ ئەوەی هەل و مەرجی سیاسی ناوەوە و رادەی ئامادەیی رژیم بۆ قەبووڵی داواکانمان لە بەرچاو بگیرێ، لە ژێر کارتێکەری سیاسەتی دەرەوەدا یان بە ئامۆژگاری وڵاتێک حازر بە دان و ستاندن و وتوویژ دەبین، کە لە ئەنجامدا لە جیاتی دەستکەوت تووشی خەساری قەرەبوو نەکراوەش دێین. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە هەر چەشنە دۆستایەتێک لە

تـەک ڕێکخراوەکـانی دەرەوە بەسـتراوەیی و زیـانی کـوردی تێدایـە . زۆر جـار دەکـرێ لـەو پێوەندیانـەش بـە قـازانجی جووڵانەوەکە کەڵک وەرگیرێ.

کاتی خۆی ساڵی ١٩٨٩، بەڕێز دوکتور قاسملوو لە وین لە گەڵ نوێنەران (تیرۆریستەکان)ی کۆماری ئیسلامی ئێران دانیشت تا بەڵکوو ئەو خواستانەی کە ساڵها وێرانی بۆ درا وخۆینی بۆ ڕژا لە سەر مێزی وتووێژ لە گەڵ حکوومەتی مەلایان چارە سەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە. کەچی قۆناغی ئەو کاتە بۆ ئەو مەبەستە هیچ لەبار نەبوو. دیکتاتۆری مەلایان زیاتر پەرەی گرتبوو و حکوومەتەکەشیان دوای شەڕ سەقامگرتووتر ببوو و کوشت وکوشتاری ئازادیخوازانیش لە زیندان و دەرەوەدا زیاتر پەرەی ئەستاندبوو. سەرەرای ئەمانە، دوکتور قاسملوو ئامادەی وتووێژ بوو تا خودموختاری لە چوارچێوەی «ولایەتی فەقێ»دا مسۆگەر بکا! دیارە دوکتور قاسملوو کەسێک نەبوو هەر وا بە ئاسانی مەتمانە بە مەلایان بکا و لە داویان بکەوێ، بەڵکوو پێشنیار و راسپاردەی دەرەوە(بەتایبەت فەرانسە) هانی دا تا مل بۆ ئەو دانیشتنە راکێشێ. تەسلیم کردنەوەی ئاشکرای تیرۆریستەکان لە لایەن دەوڵەتی ئوتریشەوە بە ئێران، بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەو راستییە. بە داخەوە حیزبی دیمۆکرات ئێستاش لێکۆلینەوەیەکی بابەتیانەی لە مەڕ ئەو رووداوە نەداوەتە دەست. ئەو نموونەیەم بۆ ئەوەش هێناوە چوون وەختی خۆی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دیمۆکرات لە سەردەمی لاوازی و شپرێوی ساڵانی ١٣٥٩ و ٦٠ی هەتاوی دا، کاتێک کە رژیم لەو پەڕی بێ دەسەڵاتیدابوو و ئێستا بە تەوای هار نەببوو، پێرەوانی کونگرەی چواریان بەوە تاوانبار دەکرد کە بەرگری لە کۆماری ئیسلامی و بە ڕێگای وتووێژدا داوای چارەسەری ئاشتیانەی خودموختاری دەکا و لەو رێرەوەدا بە زۆر تاوانی نەکراو، تاوانباریان کردن. هێمنی شاعیر و غەنی بلوریانی ٢٥ ساڵ زیندان دیتوو لە پرێکا دەبن بە جاش و خایین و بە قەولی ماموستا عەبدوڵای حەسەنزادە (لە وتووێژ لە گەل دێمانە) دا، بریاری تووندیشیان لە سەر دەدرێ. دیارە هەر بە وتەی ماموستا دوای مەرگی هێمن، ئیعادەی حەیسییەتی لێ دەکەن!! نازانم بۆچی و بۆ هەر لە هێمن؟ ئەگەر خەتای سیاسی کردووە و ئەو خەتایە بە باوەڕی ئێوە هەتا سنووری خەیانەت چۆتە پێش، بۆچی تەنیا هێمن وەبەر عەفوو دەکەوێ؟ هەر چوون خزمەتی بە ئەدەبیاتی کوردی کردووە!؟ وابزانم لەبەر ئەوە نییە. بەڵکوو لەبەر ئەوەیە هێمن ناتوانێ جاش بێ و خەیانەت بە نەتەوەکەی بکا. کە وابوو ئەوان لە جیاتی دانی وەها بریارێک، دەبوایە چاوێکی رەخنەگرانە بە هەڵوێستەکانی رابردوویان لەمەڕ هێمن و هاورێیانی هێمن دا بخشێننەوە. بۆیە هێندەش خۆشەویستە چوون هێمنە. ئێوە ناتانەوێ بە چاوێکی رەخنەگەرانەوە سەیری رابردوو بکەن و برینەکان سارێژ کەن و ریزەکانی خۆتان و حیزبەکەشتان پتەوترکەن. سەیر ئەوەیە ئێستاش کە ٢٣ ساڵ لەو رووداوە (دابڕانی بەشێک لە بەڕێوەبەری و ئەندامان لە حیزب) تێپەڕ دەبێ، سکرتێری حیزب و بەشێک لە ئەندامانی لە جیاتی ئەوەی لانی کەم ئەگەر بە قەوڵی خۆیان سیعەی سەدریان هەیە و هەر وەک بە رواڵەت دەنوێنن، لاینگری دیمۆکراسی و دەربڕینی ئازادی بیروڕان، هەر کە ئەندامێکی پێشووی پێرە و یان تووەدەیی و فیدایی باسی کوردایەتی دەکا، تەقلەکووت دەکەونەسەری و رابردووی لێ زیندوو دەکەنەوە و مافی کار و تێکۆشانی پێ رەوا نابینن. ئەوان تەنانەت دەرس لە ئەزموونی باشوور وەرناگرن، کاتێک دەبینن بەبەرچاویانەوە ئەندامانی پێشووی حیزبی شیوعی تەنانەت سکرتێری حیزب بەڕێز «عەزیزمحەمەد» لە چ پلەو پایەیەکی بەرز دان و چۆن رێزیان لێ دەگرن و بەرپرسیایەتی کار و باری وڵاتیان پێ دەسپێرن! خۆ ئەوەی حیزبی شیوعی دەرحەق بە

پارتی کردی، هی تووده‌یه‌کان له‌ به‌رانبه‌ریدا سه‌ره‌ ده‌رزێک نه‌بوو! مه‌به‌ستم لێره‌دا ئه‌وه‌ نییه‌ ئاوێکی پاک به‌سه‌ر ده‌ستی لاینگرانی رێبازی حیزبی توده‌ له‌ رۆژهه‌ڵاتی کوردستان دا بکه‌م و لایه‌نێک به‌رحه‌ق و لایه‌نه‌که‌ی تر ناحه‌ق نیشان بده‌م. به‌ڵکوو دان نان به‌و راستێیه‌ که‌ هیچکام له‌و لایه‌نانه‌ به‌ کۆمه‌ڵه‌ و هێزه‌کانی دیشه‌وه‌، نه‌یانتوانی به‌دوور له‌ دایره‌ی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ و به‌ رووحێکی ته‌واو نه‌ته‌وایه‌تیه‌وه‌ له‌ کوردستان دا سیاسه‌ت بکه‌ن. هه‌موو که‌س ده‌زانێ که‌ زۆر رووداوی خوێناوی و ناخۆش له‌ نێوان کۆمه‌ڵه‌ و حیزبی دێمۆکرات دا له‌ سه‌ر ده‌سه‌ڵات رووی دا و که‌سانێکی زۆر له‌ باشترین رۆله‌کانی گه‌ل به‌ خۆرایی تێداچوون. یان کاتێک که‌ ژماره‌یه‌ک به‌ناوی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی شۆرشگێڕ وه‌ک حیزبی دێمۆکرات له‌ حیزب جیابۆوه‌ و ته‌نانه‌ت له‌ یه‌کتریشیان کوشت و دوای یه‌کگرتنه‌وه‌ش دێڕێکیان له‌سه‌رچۆنێتی ئه‌و ناکۆکی و شه‌ڕ و پێکدادانه‌ نه‌نووسی و دیزه‌ به‌ ده‌رخۆنه‌ کرا. ئه‌وان پێوه‌ندی خۆیان له‌ ته‌ک موجاهیدین و فیدایی و رێگای کرێکار (راه‌کارگر) و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وتاقمی ئه‌شره‌ف و سه‌ڵته‌نه‌تخواز و ده‌یان که‌سی کورد و غه‌یره‌کورد که‌ فڕیان به‌سه‌ر کورد و مافی کورده‌وه‌ نه‌بوو به‌ ره‌وا ده‌زانی و ده‌زانن، به‌ڵام بۆ ئه‌وانی تر به‌ ناره‌وا. ئه‌وه‌ی پێوه‌ندی به‌ لایه‌نگرانی فکری و سیاسی رێبازی تووده‌ییه‌وه‌ بێ و من ئاگادارم زۆربه‌یان به‌ تایبه‌ت ئه‌وانه‌ی له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات ده‌ژین له‌ مێژ ساڵه‌ ماڵئاواییان له‌و رێبازه‌ کردووه‌ و ڕابردووی خۆشیان وه‌به‌ر ره‌خنه‌ی توند داوه‌. به‌ڵام به‌ داخه‌وه‌ حیزبی دیمۆکرات و تا راده‌یه‌کیش کۆمه‌ڵه‌، ئێستاش ئاماده‌ نین ره‌خنه‌ له‌و هه‌ڵسوکه‌وتانه‌یان بگرن که‌ رۆژگارێک له‌ ئاکامی کرچ و کاڵی و بێ ئه‌زموونی سیاسی دا داوێنی هه‌موانی گرتبوو. ئه‌و نه‌خۆشییه‌ به‌ تایبه‌ت له‌ ناو سیاسی کارانی پێش شۆڕش و سه‌رده‌می شۆرشی دژی شایه‌تی دا تا راده‌یه‌کی به‌رچاو هه‌ر ماوه‌ و ئێستاش به‌ چاویلکه‌ی بیست و چه‌ندساڵ له‌مه‌وبه‌ر ده‌ڕواننه‌ رووداوه‌کانی سه‌رده‌م. سه‌رده‌مێک که‌ جیاوازێکی ئه‌ساسی له‌ گه‌ڵ پێشوودا هه‌یه‌ و گۆڕانکاری قووڵی سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تی روخساری دنیای گۆریوه‌ و هه‌لومه‌رجێکی تایبه‌تی و جیاواز له‌ هه‌ر ده‌وره‌یه‌کی بۆ کورد ره‌خساندووه‌. کورد خه‌ریکه‌ که‌سایه‌تی خۆی ده‌ناسێته‌وه‌ و ده‌زانێ له‌ پێناو چی دا خه‌بات بکا. ئه‌ورۆ ئه‌گه‌ر پارچه‌یه‌کی کوردستان بکه‌وێته‌ به‌ر شاڵاو و ئازار، هه‌موو کوردستان دژی راده‌په‌ڕێ. ئه‌گه‌ر ده‌ستکه‌وتێک له‌ باشوور ده‌ێته‌ دی، به‌ هی سه‌راسه‌ری کوردستان ده‌زانرێ. دروشمه‌کانی خودموختاری و حوکمی زاتی و ته‌نانه‌ت فدرالیزمیش ناتوانن وه‌ڵامده‌ره‌وه‌ی داوای نه‌ته‌وه‌یه‌کی چل ملێونی بن که‌ له‌ سه‌ره‌تاییترین مافه‌کانی بێبه‌ش کراوه‌. ئه‌ورۆ له‌ سایه‌ی به‌رزبوونه‌وه‌ی هزر و هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی، کورد له‌ معادلاتی نێوده‌وڵه‌تیدا حیسابی تایبه‌تی بۆ ده‌کرێته‌وه‌ و... هه‌مووی ئه‌و ده‌ستکه‌وتانه‌ به‌رهه‌می خه‌باتی چه‌ندین ساڵه‌ی نه‌ته‌وه‌که‌مانه‌ به‌ هه‌موو که‌م و کورێکیه‌وه‌. دیاره‌ تا گه‌یشتن به‌ ئامانج، واته‌ سه‌روه‌ری نه‌ته‌وه‌یی و پێکهێنانی ده‌وڵه‌تی کوردی رێگایه‌کی دژوارمان له‌ پێشه‌. له‌ هه‌مان کاتدا ئه‌زموونی به‌ نرخیشمان به‌ تایبه‌ت له‌ بواری هۆیه‌کانی سه‌رنه‌که‌وتندا به‌ ده‌سته‌وه‌یه‌. پێداچوونه‌ به‌ رابردودوا و ده‌ست نیشانکردنی که‌م وکورێکان ئه‌گه‌ر بۆ ده‌رس لێوه‌رگرتن بێت، کارێکی به‌ جێ و پێویسته‌. به‌ڵام ئه‌گه‌ر به‌مه‌به‌ستی سووک و بێ بایخ کردنی لایه‌نێک، یان بۆ ئه‌وه‌ بێ مافی کارو تێکۆشانی لێ زه‌وت بکرێت، نه‌ته‌نیا ره‌وا نییه‌ به‌ڵکوو پێشێل کردنی ئازادی و دێمۆکراسییه‌ و جگه‌ له‌ گه‌یاندنی زیان به‌ جووڵانه‌وه‌که‌ به‌رهه‌مێکی تری نابێت. پێم وایه‌ له‌ هه‌ل و مه‌رجی ئێستادا هه‌لێکی له‌بار ره‌خساوه‌ بۆ ئه‌وه‌ی هێزه‌ کوردستانییه‌کان به‌ تایبه‌ت له‌ رۆژهه‌ڵاتی کوردستان به‌ پێداچوونه‌وه‌ به‌ رابردوودا و هه‌ڵسه‌نگاندنی هه‌ڵه‌ و که‌موکووریه‌کان و وه‌به‌ر ره‌خنه‌ دانیان، بوارێکی جیاواز له‌ جاران بۆ ناو خۆیان و لایه‌نی ده‌ره‌وه‌ش بخولقێنن تا له‌ سه‌ر

ئەو بەستێنە روحی هاوکاری و هاوفکری وهاودەنگی و هەروەها فەرهەنگی دیالۆگ و یەکتر قەبوول کردن زیاتر پەرە بستێنێ و هاوهەنگاو لە تەک کۆمەڵگای شارستانی ئەورۆ رێگا بەرەو رزگاری نەتەوەیی خۆش کەن و داهاتوویەکی گەش و بەختەوەرانە بۆ نەتەوەکەمان دابین بکەن. گرینگ ئەوە نییە بە عەقڵییەتی دوێنێ، ئەورۆ هەڵسەنگێنین. گرینگ ئەوەیە بە هزر و بیر و هەستی نەتەوایەتی ئەورۆ رابردوو لێک دەێنەوە و داهاتوو بنیات بنێین. لە کۆتاییدا بە پێویستم زانی ئەو بەیاننامەی کە لە ساڵی ١٩٩٠دا، لە لایەن زۆربەی کوردەکانی سەربە حیزبی توودەی نیشتەجێی ئورووپا بڵاو بۆوە و منیش یەکێک لەوان بووم و بە داخەوە کەم کەس لێی ئاگاداربوو، لێرەدا بخەمە بە ر چاوی خوێنەرانی بەڕێز، تا ئەوەش یارمەتیدەرێک بێت بۆ ئەو کەسانەی کە سیاسەت دەکەن، بەڵام هەڵە و رەخنە ناناسن و گوناحی خۆیان نابینن و هی خەڵکیش نابەخشن.

---------------------------------------------------------

## بەیاننامەی جیابوونەوەی

## زۆربەی ئەندام و كادرەكانی كوردی دەرەوەی وڵات

## لە حیزبی توودەی ئێران

**خەڵكی بەشەڕەفی ئێران!**
**نەتەوەی ئازاردیتوو و تێكۆشەڕی كورد!**
**حیزب و ڕێكخراوە نیشتمانپەروەر و خەباتگێرەكانی ئێران!**

پرۆسەی ئاگاداری لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەكانی جیهانی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا و شكستی ستراتیژی و بەرنامەی حیزب، ئێمەی هێنا سەر ئەو بڕوایە كە پێویستە بە چاوێكی ڕەخنە گرانەوە، سرنجی ڕێبازی هەڵبژاردەی خۆمان بدەینەوە. ئەوراستیيیانەی لە بەر چاون و هەروەها تاقی كردنەوەی خەباتی نێوخۆ، ئێمەی گەیاندە ئەو ئاكامە كە ڕێگایەكی ترمان جیا لە جێابوونەوە لەو حیزبە لەبەردا نییە.

لێكۆڵینەوەی هۆ و بزوێنەرەكانی ئاڵی ئێمە لە ناو ڕیزەكانی حیزبی توودەی ئێراندا، كە ڕۆژگارێك بە هیوای وەراستگێرانی ئاواتە هەرە پیروزەكانی مرۆڤایەتی و خزمەت بە گەلانی ئێران بە تایبەتی گەلی كورد، چووینە ناویانەوە. هۆ و سەبەبەكانی جیابوونەوەی ناچاریمان لەو حیزبە، كارێكی گەورە و جێگای پەند وەرگرتنە. ئێمەش وەكو هەموو هێزە سیاسییەكانی‌تر، لە ڕەوتی هەڵدانی ڕووداوەكاندا، دووچاری گۆرانكاری فیكری و ڕەوانناسی تایبەتی خۆمان بووین و ئیدیعاش ناكەین كە پتر لە خەڵكی تر، بەڵام بەئەندازەی خۆمان ڕەنج و پەرێشانێكی زۆرمان دیوە تا گەیشتووینە ئەم قۆناخە. ئێستاش بەو رادەیەی بەیاننامەیەك هەڵی دەگرێ، هەوڵ دەدەین پوختەی بیر و باوەڕی خۆمان ڕاگەیەنین.

### ئاڵوگۆڕەكانی جیهانی هاوچەرخ

ئێستا كە نوێ بیركردنەوە، پرۆستریكا و ئاشكرایی، جووڵانەوەیەكی مەزنیان خستۆتە جیهان، بزوتنەوەی چەپ و حیزبە كومونیستەكانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپاوە، گەرچی مۆر و شەقڵی پێداویستییە تایبەتیەكانی ساڵانی ئاخری سەدەی بیستەمیان

بە ناوچاوانەوە دیارە، بەڵام لە راستیدا درێژەی ئەو زنجیرە نەبەردە دوور و درێژەیە کە هاوکات و لەگەڵ لەدایک بوونی سوسیالیزمی زانستی دەستی پێکردووە. نەبەردێک، سەرەڕای هەموو ئەو وشانەی کە سوسیالیزمیان پێی دەناسێندرێ، لە قووڵایی ناوەرۆکی خۆیدا، گێرەوکێشەی نێوان عەین و زەین، ئاڵی راستەقینە بیرکردنەوە و ئاڵی زەینی بیر کردنەوە بووە. ئەم نەبەردە، بۆ بزوتنەوەی کرێکاری - کومونیستی جیهان، بە نرخێکی خوێناوی وگران تەواو بوو. لە ڕاستیدا، چ نرخێک لەمە گرانتر کە دوای تێپەربوونی نزیک سەدەیەک ئارمانخوازی، گیانبازی، زیندان، ئەشکەنجە و ئیعدام، ئیستاش ناتوانرێ هێلە سەرەکیەکانی هێنانەدی کۆمەڵی ئارمانی خۆمان دیاری کەین؟ چ نرخێک لە داتەپینی جازبەی ئارمانی سوسیالیستی بۆ میلیونەها ئینسان کە سوسیالیزمیان تاقی کردۆتەوە یان نا؟ ئەوکاتە کە بناغە دانەرانی بیر و باوەڕی سوسیالیستی ڕایان گەیاند کە: «ئایینی ئێمە نەک مشتێک حوکمی وشک و برینگ، بەڵکو، ڕێنوێنی کردەوەیە.»بە دروستی ئەم بەشەی زانستەکانی کۆمەڵایەتیشیان وەک زانستەکانی تر، لە خەملان و هەڵداندا دەدی. سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئوکتوبر، دوای شۆڕشی فەرانسە و کومونی پاریس کە بۆ یەکەم جار لە تەواوی مێژوودا، ئاسۆی کەوتنە گەڕی نەخشی زەحمەتکێشان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی نیشان دەدا، دڵی میلیونەها مرۆڤی ئازادیخوازی لە سەرانسەری دنیادا، گیرودەی خوێ کرد، بەڵام تێنەگەیشتن و نەناسینی راستییەکانی جیهانی هاوچەرخ و لەدواییشدا، سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئایینی کەسایەتی، بوو بە هۆکارێک تاکوو شک و گۆمانی زانستی و مەنتیقی سەبارەت بەم یان بەو بۆچوون و شێوازە و هەوڵدان بۆ کەڵک وەرگرتن لە بیری سوسیالیزم وەک ڕێنوینی کردەوە، نەک وەکو ئایە وشک و برینگەکان، لە یاد ببرێتەوە. جیهان لە باری تێئۆریەوە، بە دوو ئۆردوی دوژمن و بێ پێوەندی لە گەڵ یەکتر، دابەشکرا. مانەوەی یەکێک لەم دووانە بەسترابۆوە بە بنەبڕبوونی ئەوی تر و بەم چەشنە ئێمە لە ئوردوی خۆماندا دەستمان کرد بە سازکردنی ئیدەئالەکان و ئیدەئالیزەکردنی سازکراوەکان. ئێمە بۆ وێنە خاوەنی کتێب، ناملکە و موجتەهیدەکان و ئیجتیهاد و حوکمەکانی پلە یەک و پلە دووهەم و تەنانەت خاوەنی شوێنی متەبەڕک و پیرۆز بووین. سوسیالیزمی زانستی، شیرە و دەسکەوتی زانستەکانی کۆمەڵایەتی ئەم چەرخە، لە تووانەوەیەکی پر ئێش و ئازاردا، وەک مەزهەبی لێکرا و ئەمە خاڵی سەرەکی دوورکەوتنەوە لە راستەقینەکانی بزۆک و نەسرەوتی ژیان لە بواری نەتەوەیی و نێونەتەوەیی و بە شێوەیەکی عەینی ڕێگە خۆشکەری قەیران لە چەپدا بوو.

حەفتا ساڵ تاقی کردنەوە پێویست بوو بۆ ئەوەی حاڵی بین کە ڕاستی تەنیا لە لای کۆمونیستەکان نییە. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی جیاوازی بنچینەیی لەگەڵ لابراتواری شیمیدا هەیە. لەهەر حاڵدا، ئێستا لە ئاخرو ئۆخری ساڵانی سەدەی بیستەم کە بە گوێرەی بەڵێنی ئاکادیمیسیەنەکانی سەردەمی بریژنێف، سەردەمی ڕمانی یەکجاری سەرمایەداری و گەیشتنی کۆمەڵگای کومونیستییە، بێ گەیشتن بە ئارەزووەکانی بەرزەفڕانە، لە بەرامبەر راستەقینەکانی سەرسەخت و تەکاندەر داین. ئەگەر ساڵەکانی نێوان ١٧٨٩ - ١٩١٧ ساڵانی هەڵسە پڕشکۆکانی مێژووی مروڤایەتی دەژمێردرێن، بێگومان ساڵی ١٩٨٩ش، لەباری سیمای سیاسی جیهان و سەرجەمی ئاڵوگۆر و رووداوەکان، ساڵێکی لەبیر نەکراو دەبێ.

چاوخشاندنەوە بە چەمکە تێئۆریکەکان، لەبەر ڕووناکی راستەقینەکانی جیهانی هەردەم لە گۆڕانی ئێستادا، و لە ریزی

ئەوانەدا چەمکەکانی، «سەردەم» «دەوران» «چین و خەباتی چینایەتی»، «سانترالیزمی دیمۆکراتیک»، «دیکتاتۆری پرولتاریا»، «حیزب و دەوڵەت»، «شۆڕش و ڕیفۆرم»، «هێژمونی چینایەتی و حیزبی»، «پلورالیزمی سیاسی و سوسیالیزم»، «مافەکانی نەتەوایەتی و دەوڵەتی ناوەندی»، «ئیدۆئۆلۆژی و حیزب»، گەرچی بە دڵی خۆپارێز و دوگماتیستەکان نەبوو، بەڵام پێداویستی خێرای زەمان و وەڵامی بانگەوازی ویژدانی وەخەبەرهاتووی مرۆڤایەتییە.

## ئاوڕدانەوەیەک بۆ سەر مێژووی حیزب

بێگومان لەژێر ناونیشانی سەرەوەدا، گەلێک شت بە لاگری یان دژایەتی حیزبی توودەی ئێران نووسراوە. بەڵام بەبێ لەبەرچاوگرتنی سەرجەمی بۆچوونەکان و ئەو نۆرمانەی بەسەر بزوتنەوەی کۆمونیستی بەگشتی و لە ریزی ئەودا حیزبی توودەی ئێران زاڵ بووە، هەرچەشنە هەڵسەنگاندن و حوکم دانێک، ڕێگای ئەوەی تێدەچی کە تێکەڵاوی خۆشەویستی یان ڕق لێبوون بێ. دامەزرانی حیزبی توودەی ئێران وێنەی ڕەوتێکی سیاسی وفیکری، وەک ئەسڵێکی گشتی لە سەر بواری پێداویستی و نیازەکانی کۆمەڵی ئەوکاتەی ئێران و جیهانی دوای شەڕدا بوو. بەڵام ئەو ئەسڵە باوە گشتییە، ڕێگای ئەوەی نەگرت کە هەر لەسەرەتاوە، حیزبی توودەی ئێران جێگای تێک هەڵەنگوتنی دوو چەشنە نیازان بێ - نیازی پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی نیشتمانی ئێران بە شێوەیەکی گشتی و زەحمەتکێشان بەشێوەیەکی تایبەتی لە لایەکەوە، و نیازی پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکان و پێوەندی کومینتێرنی و پێداویستییەکانی سیاسەتی دەرەوە «ئێنترناسیونالیزمی پرولتری»، لە لایەکی ترەوە. ئەمە کە نیازی دووهەم چەندە ڕەگ و ریشەی تێئۆریک و بیر و باوەڕی تێدا بوو و یان لە لایەن هێندێک کەسی دەس نێژەوە بەرێوە براوە؟ شوێنەوارێکی ئەوتۆی لەسەرئەنجامی نیهایی نەبووە و نابێ. حیزبی توودەی ئێران تا ئێستاش گرانایی باری ئەم دژایەتیە و دووفاقە مێژوییەی لە سەر شان و شەپیلکییە. حیزبی توودەی ئێران، لە سەرەتای کاریدا لە سەر پایە و زەمینەی بەتەواوی عەینییەوە توانی لە بواری داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی زەحمەتکێشان و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی خەبات و تێکوشاندا خزمەتی هێژا و گومان لێنەکراو بکات. دەسپێکردنی کۆچی یەکەم، بوو بە سەرەتای سەرکەوتنی ئەو سیاسەتەی کە پایەی لەسەر نیازی دووهەم دانرابوو. ڕێزو حورمەتی هەردەم لە کەمیدەری حیزبی توودەی ئێران، ڕەگ و ریشەی لەو شانازییە ڕاستەقینانەی رابردوو و میراتخۆری خوێنی هەزاران قارەمانی بەناو و بێ ناو دایە، کە بە ناوی حیزب سینگی خۆیان کردە گۆڕستانی قورقوشم و ئاکاری شێتانەی دوژمن. بە لەبەر دەستدابوونی پارامێتری دووفاقەیی مێژوویی لە حیزبی توودەی ئێراندا و هەروەها لە بەر ڕووناکی بیرەوەری و توێژینەوەکانی ناتەوای ئێستا، خاڵە تاریکەکانی مێژووی حیزب، هۆیەکان و دنەدەری شەڕمەزاری و هەڵەکانی زەقی ساڵانی ٢٤ - ٢٥ ، ٢٩ - ٣٢، ساڵانی دەیەی چل بەگشتی و هەروەها ٥٧ - ٦٢ کە بە ساڵانی هەڵدان و بڕەوی بزوتنەوەی شۆڕشگێری هاوچەرخی نیشتمان دادەنرێ، روون و روونتر دەبنەوە. بوونی سنوری دوور و درێژ لەگەڵ وڵاتی دراوسێمان سۆڤیەت و نەخشی جوغرافی- سیاسی ئێران لە موعادەلاتی مەڵبەند و جیهاندا، پارێزگاری لە قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتە لە ژێر چارشێوی تێئوریک و بە ڕەوا نیشان دانی لە باری تێئۆرێەوە، بوو بە هۆی لادانی پتر و بەستراوەیی حیزب. ئەگەر تاکە کەس پەرەستی وەک بنەمای لادانی بزوتنەوەی جیهانی، سەرچاوەی دوورکەوتنەوە لە ڕاستەقینەکانی ژیان بوو، سەبارەت بە ئێران و حیزبی توودەی ئێران، ئەم لادانە تێئۆریکە، تێکەڵاوی هێندێک ئەرکی

سیاسی دیاری کراو بوو.

## حیزبی توودەی ئێران لە ناوەوە

گیان سەختی ڕابەری حیزبی توودەی ئێران لە ئاستی ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای بزووتنەوەی جیهانیدا، یان هەوڵی بۆ گۆڕینی مانای چەمکەکانی ئەو ئاڵوگۆڕە، بە هەڵکەوت نییە. ئەو لادانەی بزوتنەوەی جیهانی تووشی بووە، لە حیزبی توودەدا خاوەنی تایبەتمەندی دیاریکراو و ساختارییە. هەڵبڕانی دام و دەزگای ڕابەری نەک هەر لە کۆمەڵانی خەڵک، بەڵکو لە کۆمەڵی ئەندامانی حیزب بەهۆی کۆچی دوور و درێژ و نیشتەجێ بوون لە وڵاتانی سوسیالیستی، زۆربەی بەرپرسانی دەرەجە یەکی دەزگای ڕابەری کردۆتە کارمەندانی دام و دەزگای حیزبی- ئێداری ئەو وڵاتانە. ئەگەر حیزبێکی کۆمونیستی فلان وڵاتی ئەمریکای لاتین تووشی ئەو لادانە تیئۆریکییانە بوو کە بەسەر بزوتنەوەدا زاڵن، لە حیزبی توودەی ئێراندا دەسەڵاتدارانی سەرەکی دەست پەروەردە و عاملاوی ڕاستەوخۆی سەردەمی ستالین بوون. ئەم تایبەتمەندێیە، کە حیزبی توودەی ئێرانی کردۆتە نموونەی تەواو عەیاری شێوازەکانی بیرکردنەوەی ستالینی سەبارەت بە چۆنێتی بەرێوەبردنی حیزب. کەڵک وەرگرتن لە ئاوەزی تێکرایی، بچووکترین ڕێزی لێ ناگیرێ، دانیشتن و پلێنۆمەکانی کۆمیتەی ناوەندی هەمیشە کاتی پێویست و بە بۆنەی جۆر بەجۆرەوە بووە، نەک بە گوێرەی پێرەوی حیزبی یان لەوکاتانەدا کە دیاری کراون. نەگرتنی کۆنگرەش تەنانەت بە شێوەیەکی ڕواڵەتی، لە ماوەی پتر لە چل ساڵدا، نیشانەی ئاشکرای ترسی دەزگای ڕابەرییە لە رەها بوون و شوێنەواردانانی ئاوەزی کۆمەڵانی حیزبی ولە دەست دانی دەسەڵات.

خەباتی نێوخۆیی لە حیزبی توودەی ئێراندا، پتر لە گێرەوکێشەی نێوان باندەکانی دەسەڵاتدار لە ڕابەریدا کورت کراوەتەوە. هەرکام لەوان بە نۆرەی خۆیان سەر بە باندەکانی دەسەڵات و سیاسەتەکانی دیاریکراو لە دام و دەزگاکانی ڕابەری حیزبی کومونیستی یەکێتی سۆڤیەت دان. ئەو خەباتە نە پێوەندی بە کۆمەڵانی سەر بە حیزبەوە هەیە و نە پێوەندی بە پێداویستییەکانی کۆمەڵی ئێرانەوە. ئەم چەشنە خەباتە نێوخۆیییە، بەشێوەی سەرەکی لە نێو هەڵگرانی بیروباوەڕی بەستراوەییدا بووە. ئەگێنا ئەوانەی خاوەنی بیر و باوەڕی بنچیینەیی لە زەمینەی پاراستنی سەربەخۆیی حیزب و ڕێزگرتن لە سنورەکانی دیاریکراوی ناسنامەی نەتەوەیی ئەو بوون، هەمیشە بە شێوەیەکی داخاوی لە سەر ڕێگا وەلانراون، چ ئەوکاتەی کە دەسەڵاتی جەهەنەمی ستالین ڕێگای لەناو بردنی فیزیکی دەدا و چ دوای ئەوە کە بە پلاری پاڵاوتن و دەرکردن و سیاسەتی گوشار تا هەڵبڕان و جیابوونەوە، دەخرانە ژێر زەختەوە.

شۆڕشی ڕێبەندان، دوا شانسی مێژوویی مشتێک تیئۆری خوازراوە و نارێک لەگەڵ ساخت و تان و پۆی کۆمەڵی ئێران و هەروەها درێژەی ڕێبازی فاجیعەباری حیزبسالاری ستالینی بوو کە بە نرخێکی گران، تەواوبوو. نرخێکی کە قەرەبوو کردنەوەی لە توانا بەدەربوو. کارەساتی نەتەوایەتی ئێران هەرچەند بەڵگەی درندەکاری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە، بەڵام ئەگەر چاو ببڕینە ڕاستەقینە و نەترسین، دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە: نەخشی سیاسەتەکانی

ماڵوێرانکەرانە و پێڕەوی لەو سیاسەتانە، ڕێکخراوی بێدەر و پەیکەری حیزبی توودەی ئێران لەو کارەساتەدا چەندەبوو؟ کارەساتێک کە لەودا ڕوڵەکانی هەرە باشی گەل، کاتێک هێشتا هەر لە ژێر کارتێکردنی ڕێنوێنییە ژەهراویەکانی ڕابەری لە مەڕ ڕێبازی ئیمام و دێموکراتەکانی شۆڕشگێردا بوون و بڕوایان بە کۆنەپەرەستی دام و دەزگا نەبوو، چوونە کوشتارگای پیاوکوژەکان، یان لەراستیدا، ناردران. کارەساتێک کە دام و دەزگای ئەوکاتەی رابەری خۆشی بوو بە قوربانی ئەو شێوە تێگەیشتنەی.

سیاسەتی ئێستای دەزگای رابەری لە پێکهێنانی حیزبی ٢٥ کەسە لە سەروبەندی هێرش بۆ سەر حیزبەوە تا ئێستا کە بۆتە هۆی جیابوونەوە، دابڕان و دەرکردنی ١٤ کەس لە ئەندامان و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی، پاشگەز بوونەوەی سەدان ئەندام و کادری پەرش و بڵاو لە سەرانسەری جیهاندا، کاتێک لە پەنا سیاسەتی لایەنگری لە هەڵوەشانەوەی کۆمیتەی نێوخۆی وڵات لە لایەن ئەو ڕابەریەوە دادەنرێ، قووڵی و سامناکی فاجیعە نیشان دەدا. خۆ تێنەگەیاندنی ئاشکرا، یان بە شێوەیەکی تر بڵێین، سیاسەتی قانوونمەندی ڕابەرایەتی حیزبی توودەی ئێران لە ئاست چارەنووسی ئەو هاوڕێ کوردانەی کە دوای هێرش، بۆ درێژەدان بە خەبات، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک توانییان خۆیان دەربازکەن، بەڵگەیەکی تری سیاسەتی لایەنگری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوی حیزبی و بێ پرینسیپی بەرامبەر بە گیان و چارەنووسی ئەو کوردانە بوو کە «حیزبەکەیان» لە ئاگر و خوێندا بە هەمووماناوە دەپاراست، کومەڵێک کە خۆیان بە پێشمەرگەی ئامانجەکانی مرۆڤایەتی دەزانی و لەو ڕێگەیەدا پێشوازیان لە سەخڵەتی ژیانی پارتیزانی، کە لەژێر هەڕەشەی دایمی هەردوولای بەرەی شەڕدا بوو، دەکرد.

## حیزبی توودەی ئێران و مەسەلەی نەتەوایەتی

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو بەڵگە و بڕیارە پەسەند کراوانەی حیزب کە لەبەر دەستدان، لە ڕوانگەی حیزبی توودەی ئێرانەوە، تا ساڵی ١٣٣٩، لە ئێراندا عەشیرەت، تیرە و تایەفە لە ئارا دایە و ئەو شێوە تێگەیشتنە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هەڵوێستەکانی حیزبی کومونیستی ئێران کە چەندین ساڵ بەر لەوە بڕوای بە بوونی نەتەوەکان لە وڵاتی فرەنەتەوەیی ئێراندا بوو، دواکەوتوانەیە. پاش یەکێتی فەرمایشی لەگەڵ فرقەی دیموکڕاتی ئازەربایجان، و بە لاسا کردنەوە لە حیزبەکانی تەرازی نوێ، لە بەرنامەی حیزبدا، مەسەلەی نەتەوەکان و مافی ئەوان و لە ریزی ئەو مافانەدا، فورمولی ناسراوی مافی دیاری کردنی چارەنووس، هاتە مەیدانەوە. لەو کاتە بە دواوە، هەڵوێستی حیزبی توودەی ئێران بەرامبەر بە مەسەلەی نەتەوایەتی، یەکێک لە دیاردە هەرە بەرچاوەکانی هەلپەرەستی و نان بە نرخی ڕۆژ خواردن بووە. بەڕەسمی ناسین و دان بە مافی دیاری کردنی چارەنووس بە گوێرەی ئوسوول، وەک هەرماف و حقووقێکی دێموکراتیکی تر، پێویستە بە بێ گرتنە بەرچاوی کات و شوێن، هەمیشە جێگای داکۆکی شێلگیرانە بێ. بەڵام حیزبی توودەی ئێران، هەمیشە لە بواری تێئۆرییەوە، دەکەوێتە چاوبەستن و ئەو ئەسڵانە دەسپێرێتە بەر فەرمانی بارودۆخی کات و سات، کە مەبەست لەوەش پێوەندی ڕژێمی دەسەڵاتداری ئێران لە گەڵ ئوردوگای سوسیالیستی و بەر لە هەموان یەکێتی سۆڤیەتە. ئەم کارە ڕاست وێنەی ئەمەیە کە بڵێین دێموکراسی لەم یان لەو کاتەدا و لەم یان لەو وڵاتەدا باش یان خراپە. لە کاتێکدا مافی

بەهرەمەندی لە ئازادییە دێموکراتیکەکان، کات و شوێن ناناسێ.

ساڵیانی ساڵ «سوسیالیزمی واقیعەن مەوجوود»، بە شێوەی گشتی و یەکێتی سۆڤیەت بە تایبەتی، نموونەی بێخەوشی چارەسەری گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی، و لە ڕیزی ئەواندا، مەسەلەی نەتەوایەتی بووە. داوای «دامەزراندنی فەرهەنگی یەکگرتووی سوسیالیستی»، لە سەر بناخەی ناسین و ڕێزگرتنی دوولایەنی لە فەرهەنگی گەلە جیاوازەکان و «ئاوێتەیی سوسیالیستی (ئەنتیگراسیۆنی سوسیالیستی) » ماوەیەکی زۆرە لە بەر ڕووناکی ڕاستەقینەکانی ترسناک و خوێناوی کۆمارەکانی ئاسیایی و پێک هەڵپڕژانی نەتەوەکان، ئیتر باوی نەماوە و ڕەنگی چۆتەوە. شان بەشانی بەرزبوونەوەی پلەی پێگەیشتن و تێگەیشتن و هاوریز لەگەڵ سازگاری داواکانی گەلانی نیشتەجێی یەکێتی سۆڤیەت، ئەگەر ئەوان لە لایەک داوای مەعقوول و ڕەوای خۆیان لە بواری مافی ڕاستەقینەی دیاریکردنی چارەنووس دێننە گۆڕێ، لە لایەکی تر، گوشار و سەرکوتکردنی دەیان ساڵەی حکومەتی ناوەندسالاری، و بەکەم گرتنی درێژخایەنی کەسایەتی و ناسنامەی نەتەوایەتییان، یاغییگەرێکی ئەوتۆی پێکەوە ناوە، کە ڕژێمە کۆنەپەرەستەکانی مەڵبەند بە پشت و پەنا دادەنرێن و ئەمەش نەوەکوو بەهۆی جازیبەی ئەوحکوومەتانەیە، بەڵکو ئاکامی قانونمەندی ناوەندیی، سیستمی ناوەندسالارییە. مافی دیاری کردنی چارنووس تا جێابوونەوەی تەواو و کەماڵ، کە دروشمی کۆمونیستەکان بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی بوو، گەرچی بوو بە هۆی پێک هێنانی کۆمارەکانی بەرواڵەت سەربەخۆ، بەڵام بە لە ئارادابوونی فۆرمولەکانی حیزبی سەرانسەری و حیزب و دەوڵەت و بە ناچاری حیزبی سەرانسەری - دەوڵەتی سەرانسەری، ناوەرۆکی ڕاستەقینیەی پووچەڵ کرایەوە.

ناوەرۆکی ئامۆژگاریەکانی ئێمە لە بنەڕەت ڕا، چەشنێک بوون کە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس، نەوەک مافێکی کە بەگوێرەی ڕەسم و هەمیشە و لە گشت جێگای پێویستدا دەبێ داکوکی لێبکری، تێدەگەیشتین، بەڵکوو، لە هەرراجە بازاری سیاسەت، شتە پلە یەکەم و بەرژەوەندییەکاندا، هەرزان فرۆشمان کرد و ڕەوابوونی ئەو مافەمان بەستەوە بە لێکدانەوەمان لە ڕژیمی دەسەڵاتداری ناوەندی کە ئەویش بە پێوەندییەکانی ئەو ڕژێمە لە گەڵ ئۆردوگا دەبەسترایەوە. هەر ئەم فەرق و جیاوازی دانانەی نێوان ووتە و کردەوەیە کە مەعجونێکی دڵتەزێنی لە سەرجەمی هەڵوێستەکانی حیزبی توودەی ئێران سەبارەت بە مەسەلەی کورد دروست کردووە. هەڵوێستی حیزبی توودەی ئێران لە سەردەمەکانی بەرزبوونەوەی هێژای بزوتنەوە لە ساڵانی ٢٤ - ٢٥ و ٤٦ - ٤٧ و بە تایبەتی دوای شۆڕشی ڕێبەندان، نیشاندەری قووڵی هەڵپەرەستی و قوربانی کردنی ئەسڵەکانی بەرەواڵەت بیرو باوەری خۆی لە بەرامبەری قازانج و بەرژەوەندیەکانی رۆژدابوو. تاقی کردنەوەی دەیان ساڵەی بوون و دەسەڵاتداری تاقە حیزبی سەرانسەری لە وڵاتی فرەنەتەوەی ئێراندا، فێرمان دەکا کە ئەو چەشنە حیزبانە نەیانتوانیوە هاوکات وەڵامدەری داخوازییەکانی سەرجەم و بەشە تاکەتاکەکانی پێکهێنەری کۆمەڵ بن.

تاقی کردنەوەی شۆڕشی ڕێبەندانیش، جێگایەتی گەلێک ئەزموونی لێ فێربین. هەر لەو کاتەدا کە بەڕێوەبەرانی حیزبی توودەی ئێران لە خۆشی فەزای ئاوەڵەی سیاسی و دەرەتانی دەمتەقەی تەلویزیونی گەشکە ببوون، کوردستانی خوێناوی و بریندار، لە تاو ئێش و ئازاری خۆی پێچی دەخواردەوە. دێهات ئاگریان تێ بەردەرا و چەنگیزییەکانی ئیسلامی لە کەلاکان

گردیـان دروست دەکـرد و ئێمـە ئەنـدامانی حیزبـی سەرانسـەری، بـە کـاویژ کردنـەوەی خۆشـبینییەکان و هێـڵ کێشـان و هێـڵ سـازییەکانی ناوەنـدێتی حیـزب دەکەوتینـە پینـە کردنـی ئـەم کوشـتارە بەکۆمەڵانـە و ئێمـە کـە ئاواتێکمـان جێـا لـە چاکـە و بەختەوەری گەلەکەمان نەبوو، بەکردەوە، لە تەنشتی گەلەکەمان نەماینەوە،... تراژیدیای ئێمە بەم چەشنە بوو.

حیزبی توودەی ئێران لە نـاکۆکی و گیروگرفتی نێوخـۆیی حیزبـی دێموکراتی کردستان بـە مەبەستی دابین کردنی هێژمونی خۆی، کەڵکی وەرگرت و ئەم کارە لە دواییدا بەشێوەی داکۆکی کردن لە جیابوونەوەی پێرەوانی کونگرەی چوار خۆی نیشاندا. جێگای سرنجە کە دوای هێرش بـۆ سەر حیـزب، دەمڕاستەکانی ئـەوکاتی حیزبـی تـوودەی ئێران بـۆ وەجەولمیللە نیشـاندانی «کونفرانسی میللی» و بە بیانووی تەختکردنی ڕێگای پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکرات، پێرەوانـی کـونگرەی چواریـان کـردە قوربـانی سیاسـەتە هەلپەرستانەکەی خۆیـان و لـە یـەک شـەودا «بانـدی قاسملو»ی پێشـوو بووبـە بەرێوەبـەری بزوتنـەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد.

**خەڵکی بەشەرەفی ئێران !**

**نەتەوەی خەباتگێری کورد!**

ئێمـە بۆپێکهێنـانی ئـاڵوگۆڕی لـەناو حیزبـی تـوودەی ئێـران، لـە سـەرەتای وەخۆکەوتنمانـدا، بـە گـوێرەی ڕەچـاوکردنی ئامۆژگارییەکانی خراپ و تاقی کردنەوەی ناساخی شێوەی خەباتی نێوخۆی حیزبی، چاومان بڕیبۆ سەرەوە. بـەڵام ئـەزموونی ژیان، جارێکی تر سەلماندی کە ئێسلاحی حیزبی توودەی ئێران هەوڵێکی بێ سەرئەنجامە. ئێمە بە گوێرەی ئـەو هـەموو هۆ و بۆچـوون و سنووردانانەی سەرەوە، لـە حیزبـی تـوودەی ئێـران جیادەبینـەوە. ئێمـە ئەنـدامانی حیزبـی تـوودەی ئێـران، چ پێرەوانـی پێشـووی کـۆنگرەی چـوار و چ ئەنـدامانی کـوردی ڕێکخراوەکـانی حیزبـی لـە کوردسـتاندا، کـە لـە سیسـتمێکی بووروکراتیک و دوور لە راستەقینەکانی نوێی ژیان دەژیان و لە ژێر کارتێکەردنی سیاسەت و کردەوە هەڵاوییەکانی حیزبی توودەی ئێراندا بووین، چ بە تێکرایی و چ بە تاک تاک، بە نۆرەی خۆمان، خۆ بە هاوبەش و بەرپرسی هەڵەکانی حیزب لە مەڕ مەسەلەی گشتی شۆڕشی ئێران و بە تایبەتی مەسەلەی کورد دەزانین.

بەڵام ئەمە کە بەرەو کام لا دەڕۆیین؟ ئێمە پێشەکی بێ ئەوەی هیچ شکڵێکی خـەبات لـە کوردستان و ئێرانـدا ڕەت کەینـەوە، یان پشتی بگرین، بە حوکمی تاقی کردنەوە، بە قووڵی هاتووینە سەر ئەمە کە پێویستە گەڵاڵەیەکی نوێ بێنینە گۆڕێ و لەو بوارەدا بۆ دوزینەوەی فۆرمولی هەرە باش کە وەڵامی پێداویستی و نیازەکانی زەمان بداتەوە، ڕێگایـەکی ترمـان جێـا لـە ڕێگای گرتنە بـەری زنجیرە بـاس و ئـاڵووگۆڕی لـە ڕادەی نەتەوەییـدا نییـە. ئێمـە بـە نـۆرەی خۆمـان لـەڕێگای گێڕانـەوە لـە هەموو هێز و کەسایەتییە تێکوشەرەکانی سەربەخۆ بۆ دۆزینەوە و پێک هێنـانی میکانیزمەکانی پێویستی ئەم مەبەستە، هەوڵ دەدەین. ڕێباز و ئاسۆی هەرە گشتی بزوتنەوەی ئێمە بەو چەشنە دیاری دەکرێ:

- ئێمە بۆ سەقامگیر کردنی ڕژێمێکی دێموکراتیک کە حاکمیەتی یەکسانی هەموو نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران دابین بکا، تێدەکۆشین.
- ئێمە لە پێناوی یەکێتی کردەوەی گشت هێزەکانی نیشتمانی و دێموکراتیک و شەخسیەتەکانی کورد لە کوردستاندا خەبات دەکەین.
- ئیمە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد بە بەشێک لە بزوتنەوەی جیهانی لە ڕێگای ئاشتی جیهانیدا، یاساخ کردن و لە ناوبردنی چەکە قڕ کەرەکانی بەکومەڵ و پاراستنی ژینگە دەزانیین.
- ئێمە ئاسۆی گشتی بزوتنەوەی مرۆڤایەتی پێشکەوتووخواز لە پێناو سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە جیهاندا، نەهێشتنی دیکتاتۆری بە هەموو چەشن و شێوەیەکییەوە و سەربەخۆیی نەتەوەکان لە دیاری کردنی چارەنووسیاندا و رووخانی ڕێژێمەکانی زۆردار و زۆرداری وڵاتەکان و خەبات لە دژی دەست درێژی ئێمپریالیزمدا دەنرخینین.

زۆربەی ئەندامان و کادرە کوردەکانی سەر بە حیزبی توودەی ئێران لە دەرەوەی وڵات.

١٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٩ ڕێکەوتی ٣٠ - ٣ - ١٩٩٠

**هاونیشتمانانی خۆشەویست!**
**خەڵکی شەریفی کوردستان!**

ئێمە کە ئەم نووسراوە کورتەمان واژۆ کردەوە، لە رەوتی ئامادە کردنی بەیاننامەی جیابوونەوەی بەشی زۆری ئەندام و کادرەکانی سەر بە حیزبی توودە لە دەرەوەی وڵاتدا بووین و بەگشتی لە گەڵ دەقی بەیاننامەکەدا هاودەنگین.

بەڵام لەبەر ئەوەی خۆمان و ژمارەیەک لە وانەی بەیاننامەکەیان واژۆ کردووە، لە رابردوودا، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووین و کاتێک بە هۆی جیاوازی بۆچوون و لێکدانەوە و هێندیک هۆ و فاکتوری تر کە ئاگری دووبەرەکییان خۆشتر دەکرد، لە حیزب جیابووینەوە و لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (پێرەوانی کۆنگرەی چوار) دەستمان کرد بە تێکوشان و پاشان لە بەر ئەوەی ئاگاداری پێویستمان لە ماهیەتی رابەری و ساختاری دژی دێموکراتیکی حیزبی توودەی ئێران نەبوو، چووینە پاڵ ئەو حیزبەوە، ئێستاکەش ڕای دەگەیەنین، لە ڕوژی بڵاو کردنەوەی ئەم بەیاننامە بەدواوە، هیچ چەشنە پێوەندیەکمان لە ژێر هیچ ناو و نیشانێک لە گەڵ حیزبی توودەی ئێران نییە و هەر وەها هەوڵ دەدەین ڕەوتی جیابوونەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و تێکوشان لە ژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (پێرەوانی کونگرەی چوار) و چوونە پاڵ حیزبی توودەی ئێران کە پێویستی بە توێژینەوەی وردتر و تێکڕایی هەیە و ڕوانگەکانی خۆمان سەبارەت بە ئاڵووگوڕەکانی قووڵ، ڕووداوەکانی سەردەمسازی ئێستا و شوێنەواری ئەو ڕووداوانە لە سەر پرۆسەی خەبات و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان روون کەینەوە و بە ئاگاداری گشتی بگەیەنین.

غەنی بلووریان - حەمەدەمینی سیراجی

١٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٩ - ڕێکەوتی ٣٠ - ٣ - ١٩٩٠

لێکدابڕان

پێداچوونەوەیەک بەسەرچۆنێتی پێکهاتنی پێرەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
بۆن - ئاڵمانیا ٢٠٠٧

نووسەر: حوسێن بەخشی

Mahabad56@gmx.de

چاپی یەکەم خاکەلێوەی ١٣٨٦ - ٢٠٠٧

چاپ: چاپخانەی باقر مۆرتەزەوی، کوێلن، تەلەفۆن ٤٠٥٨٤٨ - ٠٢٢١

هەموو مافێک بۆ نووسەر پارێزراوە

ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧١٩ی کوردی - فێبریوێری ٢٠٢٠ی زایینی